hewalname.com/ku/

# ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەك

**(ژیانی کۆمەڵایەتی، دەنگ و سەدا، پێکهاتی گۆرانییەکان)**

**عادل محەمەد کەریم**

hewalname.com/ku/

# ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەك

(ژیانی کۆمەڵایەتی، دەنگ و سەدا، پێکهاتی گۆرانییەکان)

hewalname.com/ku/

عادل محەمەد کەریم

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٢٣)**
**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.org**

hewalname.com/ku/

■ **ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەك**

نووسینی: عادل محەمەد

بابەت: سەربوردنامە

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٦٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣٤٣)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

**پێشکەشە**

**بە هەموو ئەوانەی، دەنگ و چریکەی بەرزی زیرەك،**
**هەوێنی بیستنی ئاوازی، ئەوین و سروشت و ژیانیانە...**

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

## ناوەڕۆك


وتەیەکی کورت ........................................ ٩
پوختەی توێژینەوەکە ........................................ ١١

**بەشی یەکەم: ڕێسای توێژینەوەکە ........................................ ١٧**
گرفتیتوێژینەوەکە ........................................ ١٩
گرنگی توێژینەوەکە ........................................ ٢١
سنوری کات ........................................ ٢١
سنوری شوێن ........................................ ٢١
سنوری بابەت ........................................ ٢٢

**بەشی دووەم: ڕێکارو ئەنجامدانی توێژینەوەکە ........................................ ٢٣**
ژیانی هونەرمەندو باری کۆمەڵایەتی ........................................ ٢٥
سەرەتاو دەستپێکی کاری هونەری ........................................ ٣٤
سیمای دەنگ و سەداو گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک ........................................ ٣٩
گۆرانی مەجلیسی لە شاری سلێمانی ........................................ ٤٤
سیماو پێکهاتی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک لە ئاهەنگەکانی شاری سلێمانی . ٤٩
ئاهەنگی یەکەم :حەسەن زیرەک لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی ........................................ ٥٢
ئاهەنگی دووەم :حەسەن زیرەک ماڵی عەلی ئیبراهیم دەروێش ........................................ ٦٩
ئاهەنگی سێیەم:حەسەن زیرەک ماڵی شەوکەت ڕەشید ........................................ ٨١
ئاهەنگی چوارەم :حەسەن زیرەک ماڵی ئەحمەدی سۆفی کەریم ........................................ ٨٩
ئاهەنگی پێنجەم:حەسەن زیرەک ماڵی ئەحمەدی سۆفی کەریم ........................................ ١١٥
ئاهەنگی شەشەم:حەسەن زیرەک ماڵی مەلا ئەحمەدی پاقلاوە ........................................ ١٤١
ئاهەنگی حەوتەم :حەسەن زیرەک ماڵی مەحمودی تۆفیق شلک ........................................ ١٥٩
ئاهەنگی هەشتەم :حەسەن زیرەک ماڵی مەحمود تۆفیق شلک ........................................ ١٧٣


hewalname.com/ku/

ئاهەنگی نۆیەم:حەسەن زیرەک ماڵی عوسمانی عەبە دەلاک ................................ ١٧٩
ئاهەنگی دەیەم :حەسەن زیرەک ماڵی ئەمینی دەڕابە ............................................ ١٨٨
ئاهەنگی یانزەیەم :حەسەن زیرەک ماڵی شێخ ڕەئوف ........................................ ١٩٩
ئاهەنگی دوانزەیەم :حەسەن زیرەک ماڵی شێخ جەباری نانەوا ............................ ٢٠٣
ئاهەنگی سیانزەیەم :حەسەن زیرەک ماڵی مەحمودی دەلاک ................................ ٢٠٧
ئاهەنگی چواردەیەم :حەسەن زیرەک ماڵی حاجی ئیبراهیمی چەرمەگا ............... ٢١١
ئامارێکی گشتی بۆ ئاهەنگەکان و پێکهاتی ئەو گۆرانییانەی کە خراونەتە ڕو ..... ٢١٨

**بەشی سێیەم: ئاکامی توێژینەوەکە** ..................................................................... **٢٢١**
راسپاردەکان ........................................................................................................... ٢٢٧
پێشنیارەکان ........................................................................................................... ٢٢٨
سەرچاوەکان ........................................................................................................... ٢٢٨
وێنەکان .................................................................................................................. ٢٣٢

hewalname.com/ku/

# وتەیەکی کورت

خوێنەر ئەو کاتە چێژ لە بابەتێک وەردەگرێت کە هەست بکات زانیارییەکی نوێ دەخاتە سەر خەرمانە مەعریفییەکانی، بە تایبەتی گەر بابەتەکە جۆری و بۆ یەکەم جار بێت خرابێتە ڕوو.

ئاشکرایە کەم لە موزیسیەنەکان و نووسەرانمان خولیای نووسینیان دەربارەی زانست و مێژووی موزیک هەیە، ئەمەش بووە بە کەلێنێک لەو بوارەدا. هەر بۆیە ئەستەمە بتوانین لە کتێبخانەی کوردیماندا شیکاری و بابەتی زانستیی مێژووی کۆن و نوێی موزیک و گۆرانیی کوردیمان دەستبکەوێت.

نووسەری ئەم کتێبە بەدووی مێژووی ئەو گۆرانییانەدا گەڕاوە کە لە ناو ماڵەکانەوە سەریان هەڵداوە و بۆ خۆیان بوون بە بەشێک لە ئەرشیڤ و مێژووی هونەری گۆرانیی کوردی لە باشووری کوردستان و بە تایبەتی لە شاری سلێمانیدا، ئەمەش بە ڕوویەکدا جۆرێکە لەو هەژاری و ئاستەنگە هونەرییانەی بەرۆکی میللەتەکەمانی گرتووە، کە دەبوو لەو دەمەدا کارە هونەرییەکان لە ڕووی کواڵیتی و لە ئاستێکی بەرز و هاوچەرخدا مامەڵەی هونەری و کاری تۆمارکردنیان بۆ بکرانایە. هونەرمەندێکی بلیمەتی وەک (حەسەن زیرەک) گەر جارێک بۆی ڕەخسابێت بە شێوەیەکی هونەریی بەرز گۆرانییەکی لە ناو ئێستگە و ستۆدیۆکاندا بۆ تۆمار کرابێت، ئەوا سەد جار

hewalname.com/ku/

سەبەتە هونەرییەکەی لە دیوەخانی ماڵەکاندا هەڵڕشتووە و هەرزانفرۆش کراوە. ئاخۆ هونەرمەندەکانی تر چۆنیان بۆ لوابێت؟

نووسەر لەم چوارچێوەیەدا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو گۆرانییانەی لە ماڵەکانی شاری سلێمانیدا لە نێوان ساڵانی (١٩٥٠-١٩٧٠) تۆمار کراون و زانیاری و شیکاری پێویستیان لەسەر یاداشت بکات، بەمەش ئاسانکارییەکی زۆری بۆ خوێنەر و هەواداران کردووە تا وەک سەرچاوەیەکی هونەری سوودیان پێ بگەیەنێت.

بە هیوای هەوڵدان بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ئەم بوارانە و دەستخۆشییش بۆ مامۆستای ئازیز (عادل محەمەد کەریم).

hewalname.com/ku/

**هۆشیار ئەحمەد**

**٢٠١٦/١٠/٢٥**

## پوختەی توێژینەوەکە

دیارە بواری نووسین بە زمانی کوردی لەسەر هونەری مۆسیقا بە گشتی و بە تایبەت زانیاری لەسەر مۆسیقا و گۆرانیی کورد زۆر دەگمەنە و لەم بارەوە کتێبخانەی کوردی کەلێنێکی گەورەی پێوە دیارە، بۆیە بۆ دەستکەوتنی زانیاریی دروست لەسەر ئەم بابەتە، توێژەر بە ناچاری پەنای بردووەتە بەر چاوپێکەوتنی مەیدانی و بەردەوام لە پەیوەندیدا بووە لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەی زانیارییان لەسەر هونەرمەند حەسەن زیرەک و دانیشتنەکانی سنووری کاتی توێژینەوەکە هەبووە، هەروەها ئەو نووسینانەی کە لەسەر ئەم هونەرمەندە هەبوون، بەدوایاندا گەڕاوە و سوودی لە زۆرێکیان بینیوە.

ئەم توێژینەوەی لە سێ بەشی سەرەکی پێک هاتووە. لە بەشی یەکەمدا، کە بەشی ڕێسای توێژینەوەکەیە، توێژەر بە گرفتی توێژینەوەکە دەست پێ دەکات کە کرۆکی بابەتەکە ژیان و بەشێک لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەندی گۆرانیبێژ حەسەن زیرەکە. بێگومان دەنگ و سەدای ئەم هونەرمەندە پانتاییەکی گەورەی لە هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردیدا داگیر کردووە و ئاوازی گۆرانییەکانی بوونەتە فریادڕەسی خەم و ئازاری عاشقان و خەملەدڵان لە لایەک و لە لایەکی تر بوون بە هەوێنی گوزارشتکردن لە خۆشی و شادییەکانی تاکی کورد لە ژیانی کۆمەڵی کوردەواریماندا و بەشێکن لە ڕۆشنبیریی گشتیی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، بۆیە دەبێت بە بەرپرسیارێتییەوە لێیان بڕوانین و بەپێی پێویست ڕاڤە بکرێن و بکرێنە ئامانج بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی تا بە شێوەیەکی زانستییانە زۆرێکیان ساغ بکرێنەوە و لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگار بکرێن.

جگە لەمە، کاتێک دەنگی هونەرمەندێک ئەوەندە کاریگەر بێت، بەستەی ئاواز و خۆشیی گۆرانییەکانی ببنە میتۆدێک بۆ گۆرانیبێژانی دوای خۆی، ئەمە هەروا ئاسان نییە و پێویست بە هەڵوێستە دەکات و دەبێت بە گرنگییەوە لێی بڕوانین! کاتێک توێژەر دەڵێت بەرهەمەکانی حەسەن بوون بە میتۆدی ڕۆحی، مەبەست لێی ئەوەیە کە زۆربەی زۆری گۆرانیبێژانی کوردستان، بە تایبەت کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵات کە پرسیاریان لێ دەکرێت لەسەر دەسپێک و چۆنێتیی هاتنەناو دونیای گۆرانیوتنەوە، ڕاستەوخۆ وەڵامیان ئەوەیە کە دەڵێن (لاساییکردنەوە و وتنەوەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک دەستپێکمان بووە.) کەواتە ئەم نازناوەشی پێ دەبڕێت کە بە ڕاستی میتۆدێکی ڕۆحییە بۆ فێربوونی گۆرانیوتن.

هەروەها ژیانی نالەباری ئەم هونەرمەندە بۆ خۆی جێگەی پرسیارە؟ ئایا ئەگەر هونەرمەند ژیانێکی ئاسایی جێگیری هەبوایە و بە خۆشبەختی و کامەرانی بگوزەرایە، ئەم کەڵەهونەرمەندەی لێ دەردەچوو؟ یاخود ئەگەر هونەرمەند لە گەلێکی ئازاد و خاوەن پێگەی نێودەوڵەتی و قەوارەی سەربەخۆ و خاوەن ئاڵا بوایە، ئەم حەسەن زیرەکەی لێ دەردەچوو؟ یان ئێستا ئاقاری باسوخواسەکەمان ڕێچکەیەکی تری دەگرت؟ ئەمانە و چەندین پرسیار کە وەڵامەکانیان بە نهێنی دەمێننەوە و ئەم توێژینەوەیە و دەیان و بگرە سەدان توێژینەوە لە قەرەی ژیانی پڕمەینەت و توانا و بلیمەتیی ئەم هونەرمەندە ناوازەیەی نەتەوەکەمان نایەن.

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی زانیارییە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سەرەتا و دەسپێکی هونەریی حەسەن و دەنگ و سەدا و توانای حەسەن لە لایەک، لە لایەکی تر پێکهاتی بەستەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک، بە تایبەتییش بەپێی سنووری بابەتەکە ئاهەنگە تۆمارکراوەکانی حەسەن زیرەک لە شاری سلێمانی (١٩٥٠-١٩٧٠) کە خۆی زیاتر لە ئاهەنگی ماڵاندا دەبینێتەوە کە بە گۆرانیی (مەجلیسی) ناوزەند دەکرێت.

دیارە کەباس لە پەنجاکان دەکرێت من تەنها ئەو دوو ئاهەنگەم دەست کەوتوە کەیەکێکیان لە دواناوەندی سلێمانی ئەنجامدراوەودووەمیان ئاهەنگی ماڵی عەلی ئیبراهیم دەروێش کە لە ساڵی ١٩٥٧، کە دێینە سەر

سالآنی شەستەکان، حەسەن زیرەک دواجار ساڵی ١٩٦٧ هاتووەتە سلێمانی، لە ماڵی هەندێک لە کەسایەتییەکانی شاری سلێمانی زنجیرەیەک ئاهەنگی ساز کردووە کە زۆرینەی ئاهەنگەکان بە هاوبەشیی هەردوو هونەرمەندی بەتوانا (کاک حەسەنی نەی و کاک عەزیزی تەپڵ) بوون. دواییش هەندێک لە دانیشتنەکان بە هاوبەشیی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی و کاک شەوکەت ڕەشید و کاک سەلاح ڕەشید و ولیەم یوحەنا... ئەوەشمان بیر نەچێت کاری تۆماری زۆرێک لە دانیشتنەکان لە لایەنی کاک ئەحمەدی قەسابەوە کراوە کە بە (ئەحە گێژی قەساب) ناسراوە.

بەشی دووەمیش کە بەشی لێکدانەوە و شیکردنەوەی گۆرانییەکانە، بۆ خۆی دوو بابەتە، بابەتی یەکەمیان تایبەتە بە ڕەهەندێک لە ژیان و باری کۆمەڵایەتی و دەستپێکی هونەری و دەنگ و سەدا و سیمای دەنگی حەسەن زیرەک. لێرەدا توێژەر هەوڵی داوە لە زهنیدا زانیارییەکانی وابەستە بکات بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و باری دارایی ئەو دەمە و لەسەر ئەم بنەمایانە هەندێک زانیاریی خستووەتە ڕوو. ئەگەر وا نەبێت، ئەوە ژیانی ئەم هونەرمەندە بۆ خۆی لە سیناریۆی فیلمێکی سینەمایی دەچێت، لە میانەی گوێگرتنی بەردەوامی توێژەریش لە گۆرانییەکانی هونەرمەند بە گشتی و بە تایبەتیش بە مەبەستی بەتاڵکردنەوەی ئەو تۆمارکراوانەی کە لەسەر دانیشتنەکان لە سنووری توێژینەوەکەدا هەبوون، لە ئەنجامدا زۆر لایەنی نهێنیی پەنهان ئاشکرا کراون، بە تایبەت لەسەر بەهرەی دەنگخۆشی و ئەدا و توانای وتنی بەند و وشە و هۆنینەوەی هۆنراوە، بە شێوەیەک، هونەرمەند شەماڵ سائیب لەم بارەوە دەیشوبهێنێت بە (گۆران)ی شاعیر و دەڵێت ئەگەر حەسەن زیرەک خوێندەوار بوایە، لە (گۆران)ی شاعیر زیاتر نەبوایە، کەمتر نەدەبوو. ئەم هەڵسەنگاندنە ئاسان نییە و لێتان ناشارمەوە بە ئاگاوە ئاماژەی پێ دەدەم!

بابەتی دووەمی ئەم بەشە پەیوەستە بەکاری شیکاری گۆرانییەکان تا بە هۆیەوە بەرجەستەی سیماو پێکهاتی گۆرانی دانیشتنەکانی حەسەن زیرەک بکرێت لە سلێمانی .

ئاهەنگ و دانیشتنەکان (تەنها ئەوانەی کە تۆمارکراون) لە ناو شاری سلێمانی ئەوەی لەبەر دەستی توێژەردایە ژمارەیان (١٤) ئاهەنگەو خۆی لە (٢١)کاسێتدا دەبینێتەوەو ژمارەی ئەو گۆرانییانەی ووتویەتی (١٨٩)گۆرانییە ،زۆرێک لە گۆرانییەکان دووبارەن ، بەڵام دووبارە لەلای حەسەن زیرەک لە روخساری گشتی ئاوازەکەدایە، ئەگینا کاتێ لە گۆرانییەکان ورد دەبینەوە، ئەگەر بە تەنها وشەیەکیش بێت لە هۆنراوەی گۆرانییەکان، یان لە ڕێگەی لەرینەوەی قورگی بە درێژکردنەوە و دروستکردنی زەخرەفەیەکی بچووکیش بێت لە تۆنی ئاوازەکان یاخود لە چینی دەنگ (peach)، هەمیشە گۆڕانکاریی کردووە، بۆیە بە پێویستم زانیوە هەندێک لە ئاوازی گۆرانییەکان کە یەک ناون و دەقەکانیش زۆر نزیکن، بەڵام دووبارەن، هەندێکیانم نووسیونەتەوە بۆ ئەوەی جیاوازیی ئاوازەکان و وشەکان بۆ خوێنەر ڕوونتر بن.

هەندێک لە گۆرانییەکانی، ئەوانەی کە ئێمە پێیان ئاشناین، بە جۆرێکن کە جیاوازن لەوانەی کە لێرە لە دانیشتنەکاندا تۆمار کراون، لەوانە گۆرانیی شەو (نووری ڕوخسارت). ئەوەی کە ئێمە بیستوومانە، لەسەر پەیژەی عەجەمە و ئەوە زیاتر ئاشکرایە لێمان، نەک ئەوەی لەو دانیشتنەی شاری سلێمانی لە ماڵی کاک عوسمانی عەبە دەلاک لەسەر پەیژەی سێگاه چریویەتی. لە هەردووکیاندا بەوپەڕی سەلیقە و هەستەوە چریونی، بەڵام زیاتر ئەوەی یەکەم بە گوێی ئێمە ئاشنایە. بۆیە ئەمە باس دەکەم، ئێمەی هونەرمەندانی مۆزیک، بە خۆشمەوە، کە چاومان بە نۆتی گۆرانییەک دەکەوێت، ئەوە وەردەگێڕین کە لە گوێماندایە، ئەگەر وا نەبێت، لە پەرۆشیدا بڕیاری ئەوە دەدەین کە نووسەری ئەم نۆتە بە هەڵەدا چووە و دەبوو لەسەر ئەو پەیژەیە ئەم نۆتی بەستەی گۆرانییەی بنووسیایەتەوە. لەم جۆرە گۆرانییانەی زۆر تیایە.

دوان لە ئاهەنگەکان کە لە ماڵی کاک ئەحمەدی سۆفی کەریم ساز کراون، درێژترین ئاهەنگن کە خۆیان لە ٦ کاسێتدا دەبیننەوە و تیایدا جگە لە مەقام، ٥٨ گۆرانی وتراون کە هەندێکیان دووبارەن. ئەم ئاهەنگە درێژانە هەندێکیان بەرهەمی شەوێک زیاترن، کەمترین گۆرانیشی لە ماڵی عەلی ئیبراهیم دەروێش وتووە و کاسێتەکە تەنها ٧ گۆرانیی بە دەنگی حەسەن زیرەک تیایە.

لەو ئاهەنگانەی کە بە شێواز و کوالێتییەکی پاکتر و باشتر تۆمار کراون، ئاهەنگی ماڵی (مەحموودی تۆفیق شلکە کە بە نۆ گۆرانی ناوزەند دەکرێ) و لەگەڵ ئاهەنگی ماڵی مەلای پاقلاوە، کە دیارە پرۆڤەی باش کراوە و تا ڕادەیەکی باش هەموان، مەبەستم گۆرانیبێژ و ژەنیارانە، پێوەی ماندوو بوون. دیارە لێرەدا ئەم ئاهەنگانە، کە مامۆستا ولیەم یوحەنا یان ئەنوەر قەرەداغی سەرپەرشتیی ئاهەنگەکانیان کردووە، جۆرێک ڕێکخستنیان تیایە و سەیر دەکەین لەم ئاهەنگانەدا گۆرانیبێژ جۆرێک لە پابەندبوونی تیایە بە کۆپلەی مۆسیقا و گۆرانییەکانیش زۆر دوورودرێژ نین!

یەکەم کاری من گوێگرتنێکی ورد بووە لە ئاهەنگەکان و وەرگرتنی زانیاری بووە لەسەر شوێنی ئاهەنگ و بەشداربوانی ئاهەنگ و ئەو کەسەی کە هەستاوە بە کاری تۆمارکردن. دواییش هەوڵی نووسینەوەی دەقی گۆرانییەکانم داوە، پاشان خێرایی ڕیتمی گۆرانییەکەم وەرگرتووە و دوایش دەستم بە نووسینەوەی نۆتەی گۆرانییەکان کردووە، دوای ئەم کارانە هەستاوم بە شیکردنەوەی گۆرانییەکان. من ناڵێم بزانن چ ئەرکێکم کێشاوە و خوانەخواستە منەت ناکەم، بەڵام خۆت تاقی بکەرەوە، جارێک وەرە گفتوگۆیەکی تۆمارکراو لە دەنگەوە بگوازنەوە بۆ سەر نووسین و پەڕاو، ئینجا وێنای ئەو ئەرکە دەکەیت و لە ڕووی پراکتیکەوە دەزانی چەند گرانە، ئەم کارە لە نووسینەوەی گۆرانیدا دوو ئەوەندە گرانە. بەڵام خۆشەویستیم بۆ هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردی لە لایەک و خۆشەویستیم بۆ ئەم دیاردە ڕۆشنبیرییە جوانەی شارەکەم ئەم ئەرک و گرانییەی لە لا ڕەواندبوومەوە، بۆیە هەستم بە ماندووبوون نەدەکرد. کاسێتی وا بووە ماوەی هەفتەیەک زیاتر ڕۆژانە سەروو ٤ کاژێر کارم تیا کردووە، ئینجا تەواو بووم. ماوەی ساڵێک زیاتر خەریکی ئەم کارە بووم، چونکە دانیشتن و ئاهەنگی هونەرمەندانی تریشم تەواو کردووە، نەک تەنها دانیشتنەکانی حەسەن زیرەک، ئەوە بۆ دەرفەتێکی تر.

ئەوەی کە توێژەر هەڵیبژاردوون بۆ شیکردنەوە، تەنها ٦٧ گۆرانین، شیکردنەوەی گۆرانییەکان لەم ڕوانەوە بوون:

hewalname.com/ku

یەکەم: میانەی گۆرانی

دووەم: پەیژە

سێیەم: ڕیتم

چوارەم: خێرایی ڕیتم

لە بەشی سێیەمدا توێژەر هەموو ئەو ئامانجانە دەخاتە ڕوو کە لە ڕێی زانیارییە وەرگیراوەکان و شیکردنەوەکانیەوە چنگی کەوتوون. ئامانجەکان بە کورتی باس لە ژیان و دەستپێکی کاری هونەری و سیماکانی دەنگ و سەدا و پێکهات و تایبەتمەندیی ئاواز و ڕیتم لە گۆرانییەکاندا دەکەن، کە ئەمیش ئامانج و مەبەستی بنەڕەتیی توێژینەوەکەیە. دوای ئەمیش، هەندێک ڕاسپاردە و پێشنیاز لەخۆ دەگرێت کە ئاراستەی هەندێک دامەزراوەی ئەکادیمی و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کراوە، لەپێناو لەبەرچاوگرتنی کار و بەرهەمەکانی هونەرمەند حەسەن زیرەک و بووژاندنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەوتی هونەری مۆسیقا لە کوردستان.

لە کۆتادا دەڵێم: هیچ کارێک بێهەڵەو کەمو کوڕی نییە، هیوادارم ئەگەر زانیاری دروست ترو چڕ تر دەست کەوت بۆ ئایندە بە بەدەستمان بگات تا ئەگەر بوار بو لە چاپی دووەم بیانخەینە ڕوو، لەنگیش نییە، چونکە تا بواری توێژینەوەی زانستی بەردەوام بێت زانیاری نوێ دێتە کایەو هەڵەکانیش ڕاست دەکرێنەوە. هیوادارم بەم کارەم خزمەتێکم بە کلتوری گۆرانی و مۆسیقای کوردی و ئەم هونەرمەندە مەزنەی گەلەکەمان گەیاندبێت، دووبارەی دەکەمەوە ئەم هەوڵە ساکارەی براتان قبوڵ بکەن و ئەمە هەنگاوێکی زۆر سەرەتایەو هیوادارم لە داهاتودا هەنگاوی باشترو توێژەینەوەی بەپێزتر لەسەر ئەم کەڵە هونەرمەندەی گەلەکەمان ئەنجام بدرێت.

**توێژەر/ عادل محەمەد کەریم**

**ماستەر لە زانستی مۆزیک**

hewalname.com/kurd

# بەشی یەکەم:
# ڕێسای توێژینەوەکە

hewalname.com/ku/

١- گرفتی توێژینەوەکە
٢- گرنگیی توێژینەوەکە
٣- ئامانجی توێژینەوەکە
٤- سنووری کات
٥- سنووری شوێن
٦- سنووری بابەت

hewalname.com/ku/

### ١- گرفتی توێژینەوەکە

لە دێر زەمانەوە، مرۆڤ لەپێناو گوزەرانی ژیانی سروشتیی ڕۆژانەی و هەروەها بۆ گوزارشتکردن لە باسوخواسە گشتی و تایبەتەکانی ژیانی (چ خۆشی بووبێت یان خەم)، بە گرنگییەوە پەنای بردووەتە بەر هەندێک هێما و جووڵەی زۆر تایبەتی سەرەتایی و دواییش هەر بەمەوە نەوەستاوە، پەنای بردووەتە بەر هەندێک هاوار و قیژە و فیکە و هەندێک دەنگی تایبەت بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوەڵەکانی لەپێناو گوزارشت لە داوا و پێداویستییەکانی. لەمەوە وردەوردە دوای هەزاران ساڵ لە ئاشنابوونی زیاتری مرۆڤ بە سروشت و دەوروبەر و گەشەکردنی عەقڵ و لایەنی مەعریفی و دەرکەوتنی وردەوردەی ئاخافتن، شانبەشانی ئەم پێشکەوتنانە جووڵەکان گەشەیان کردووە و بوون بە سەما و لە هاوار و دەنگەکانی مرۆڤیش شتێک بەرهەم هات لە شێوەی دەنگی ساز و دواتر بوون بە ئاواز و دواتریش گۆرانی.

هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەندیش، بە تایبەتی کورد، لەم کاروانە نەک هەر بێبەش نین، بەڵکو ئەگەر مێژووی نوێ ستەمی لە نەتەوەکەمان نەکردایە، ئێستا لاپەڕەکانی مێژووی هونەری مۆزیک و گۆرانیی جیهان بە شارستانیەتی مۆسیقا و گۆرانیی کوردی دەنەخشا و دەبووە گەرمترین باسوخواسی ئەم لایەنە زیندووە.

لەمێژە کۆنفۆشیۆسی بیرمەند و فەیلەسوفی چینییەکان مۆسیقای وەک پێوەرێک بۆ ئاستی شارستانییەتی گەلان داناوە و دەڵێت "ئەگەر دەتەوێت لە ئاستی شارستانییەتی نەتەوەیەک بڕوانیت، ئەوە بڕوانە مۆسیقا و گۆرانیی ئەو نەتەوەیە." بە بەڵگەوە مێژووی دێرینی نەتەوەکەمان لە زۆر ڕووەوە ئەگەر پێشەنگی شارستانییەتی گەلانی دەوروبەر نەبووبێت، ئەوا شانبەشانی ئەوان لەگەڵ ڕەوتەکەدا گوزەراوە.

دوابەدوای ڕووخانی دەوڵەتی مادەکان لە ساڵی (٥٥٠ پ.ز)،[1] دوای چەند سەدەیەکیش لە هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچە کوردییەکان، دووبارە کاروانی هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردیمان بە ئاقارێکی تردا ڕۆیشت و گرنگیی گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە پێداویستییەکی گرنگی ئاینییەوە گۆڕا بۆ پێداویستییەکی بێسوودی لاوەکی. لەو ڕۆژەوە تا ئێستاشی لەسەر بێت، کاروانی هونەری مۆسیقا و گۆرانیی دێرینی کوردی بە دەست ئەم شاڵاوانەوە دەناڵێنێت و پەرتوبڵاو و بێسەودا ماوەتەوە.

بەم هۆکارە، چەندین توانای دەنگی و چەندین توانای هونەری خەفە بوونەتەوە، چوونەتە ژێر گڵ بەبێ ئەوەی لایان لێ بکرێتەوە. کەواتە لەنگی نییە و ئازایەتی و جوامێرییە بۆ هەواداران و گۆرانیبێژان و ژەنیارانی کورد بەم هەموو سنووربەندییەوە توانیویانە کاروانی مۆسیقا و گۆرانیی کوردی بگەیەننە ئەم ئاستەی کە ئێستا هەیەتی و بەردەوامییان بە ڕەوتەکە داوە سەرەڕای ئەم هەموو بەربەستانەی کە هەن.

لە مێژووی سەد ساڵی ڕابوردوودا سەرباری نەبوونی قەوارەی سیاسی و دابەشکردنی نادادپەروەرانەی نیشتیمانەکەمان لە لایەن دەسەڵات و زلهێزی سیاسیی جیهان و چەوساندنەوە و زوڵموزۆری وڵاتانی دەوروبەر بەرامبەر بە مافی ڕەوای نەتەوەکەمان و نەداریی تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواریمان، لەم ململانێ و کێشمەکێشەدا حەسەن زیرەک، کە کرۆکی بابەتەکەمانە، وەک هونەرمەندێکی زرنگ و بەتوانا و نموونەی ناوداری گەلەکەمان دەرکەوت، کە پشکی شێری لە نەهامەتییەکان بەردەکەوێت و لەگەڵیدا خاوەنی بەرهەمێکی هونەریی بێشومار و گوێگرێکی بێئەندازەیە و دەنگی بۆ زۆرێک لە

hewalname.com

---

[1]- دەوڵەتی مادەکان بە دەستی کۆرشی دووەم لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زاینی ڕووخا و کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەخمینییەکان. دوابەدوای ئەمانیش هەموو ئێران لە ساڵی ٣٣٠ی پێش زایندا کەوتە ژێر دەستی ئەسکەندەری مەکەدۆنی. لە سەدەی دووەم و سێیەمی پێش زاین ئەرمەنییەکان هاتن و دەسەڵاتیان بەسەر ناوچە کوردییەکاندا سەپاند. ئەمانیش بەردەوام بوون تا ڕۆمانەکان هاتن و تەواو دەسەڵاتیان سەپاند هەتا سەدەی سێی دوای زاین. دوای ئەمانیش ساسانییەکان هاتن و بەردەوام بوون لە فەرمانڕەوایی هەتا ساڵی ٦٤٠، واتە سەدەی ١ی کۆچی کە ئایینی ئیسلام هاتنە ناوچەکە و ئەم دەسەڵاتە سەپێنرا. سەرچاوە:
شاکر خصباك: الكرد والمسألة الكردية، منشورات الثقافة الجديدة، بغداد، ١٩٥٩، ص ٢١.

گۆرانیبێژانی نوێ بووە بە میتۆدێکی ڕۆحی. بۆیە پێویستە هەڵوێستە لەسەر ئاریشەی ژیانی و ڕەنگدانەوەی ژیانی بۆ سەر پێکهاتی ئاواز و گۆرانییەکانی بکەین و بپرسین ئایا ژیانی هونەرمەند ژیانێکی سادە و ئاسایی بووە؟ ئایا دەستپێکی هونەریی حەسەن زیرەک کەی و چۆن بووە؟ ئایا پێکهاتەی گۆرانییەکانی چۆنن و ئەو ڕەهەندانە چین کە وایان لە حەسەن زیرەک کردووە کە ئەم دەنگ و سەدا بێوێنەیەی هەبێت لە ژیانی ئێمەی کوردا؟ کەواتە ئاوڕدانەوە لە ژیان و سیمای زانستیی دەنگ و سەدای حەسەن زیرەک و پێکهاتەی گۆرانییەکانی و شێواز و جۆریان و لێوردبوونەوە و تاوتوێکردنیان پێویستە.

**٢- گرنگیی توێژینەوەکە:**

١- لە لایەک زانیاری بەجێ و دروست لەسەر ژیانی هونەرمەند (باری کۆمەڵایەتی) دەخاتە ڕوو، لە لایەکی تر تیشک دەخاتە سەر پێکهاتەی گۆرانییەکانی و ئاماژە بە سەدای دەنگی هونەرمەند حەسەن زیرەک دەکات.

٢- بەم نووسینە پاشخانی کتێبخانەی کوردی و ڕەوتی نووسین و لێکدانەوە لە بواری لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەوڵەمەندتر دەبێت.

**٣- ئامانجی توێژینەوەکە:**

وردبوونەوە و بەرجەستەکردنی ژیان و گوزەران، سیمای دەنگ، پێکهاتەی ئاواز و گۆرانییەکانی هونەرمەند حەسەن زیرەک.

**٤- سنووری کات:**

سەبارەت بە ژیانی، بە شێوەیەکی گشتی لە مناڵیی هونەرمەندەوە تا کۆچی دوایی (١٩٢١-١٩٧٢)، سەبارەت بە پێکهاتەی گۆرانییەکان (١٩٥٠-١٩٧٠).

hewalname.com/ku

**٥- سنووری شوێن:**

ژیانی حەسەن زیرەک لە ئێران و عێراق، سەبارەت بە پێکهاتی گۆرانییەکان تەنها ناو شاری سلێمانی.

**٦- سنووری بابەت:**

ژیانی هونەرمەند و گوزەرانی (باری کۆمەڵایەتی)، دەنگ و سەدای و سیما و پێکهاتی ئەو گۆرانییانەی کە لە ئاهەنگەکانی ناو شاری سلێمانی تۆمار کراون کە زیاتر خۆی لە دانیشتنەکانی ماڵاندا دەبینێتەوە کە بە مەجلیسی ناوزەند دەکرێ.

hewalname.com/ku/

# بەشی دووەم
# ڕێکار و ئەنجامدانی توێژینەوەکە

hewalname.com/ku/

١- ژیانی هونەرمەند و باری کۆمەڵایەتی
٢- سەرەتا و دەستپێکی کاری هونەریی حەسەن زیرەک
٣- سیمای دەنگ و سەدا و گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک
٤-گۆرانیی مەجلیسی لە شاری سلێمانی
٥- سیما و پێکهاتی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک لە ئاهەنگەکانی شاری سلێمانی

hewalname.com/ku/

### ١- ژیانی هونەرمەند (باری کۆمەڵایەتی) حەسەن زیرەک

ناوی حەسەن عەبدوڵایە، لە ڕێکەوتی ١٩٢١/١١/٢٩[٢] لە شاری بۆکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هاتووەتە دنیاوە، بەڵام لە کتێبی ناڵەشکێنەی کاک قادری نەسیری نیادا ئاماژە بەوە کراوە کە لە گوندی (هەرمێلە)، کە دەکەوێتە نێوان سەقز و بۆکانەوە، لەدایک بووە، بەڵام میرزا کەریم خۆشناو دەڵێت لە گوندی (مەرخۆز)ی سەر بە شاری بۆکان لەدایک بووە. سەرئەنجام، هەردوو گوندەکە سەر بە شاری بۆکانن، باوکی ناوی عەبدوڵایە و دایکی ناوی ئامینە بووە. حەسەن دوو برا و خوشکێکی هەبووە بە ناوەکانی (حسێن و ئەمین و سارا).[٣] باوکی حەسەن لای ئاغای گوندی هەرمێلە کاری کردووە و لەبەر لێهاتوویی بە زیرەک ناوی دەرکردووە، کەواتە ئەم نازناوە هیی خودی حەسەنی هونەرمەند نییە، بەڵکو هیی عەبدوڵای باوکیەتی. حەسەن منداڵێکی ٦ ساڵ دەبێ کە باوکی کۆچی دوایی دەکات و هەتیو دەبێت. دوای ئەمە بنەماڵەکەیان لە لادێ بار دەکەن و بەرەو شاری سەقز دەڕۆن و لەوێ نیشتەجێ دەبن، دایکیان بێباکانە شوو دەکاتەوە و بەجێیان دەهێڵێت، حەسەنی بەهرەمەند و زرنگ لە نازی دایکیش بێبەش دەبێت: بۆیە حەسەن لەم بارەیەوە گلەیی لە بەختی خۆی دەکات و دەڵێت:

**یەکێ بێ گەورە کە بەرەڵا بێ**
**وەک منی لێ دێ و زەحمەتە چابێ**
**هەر کەسێ دایکی بێڕەحمی وای بێ**
**ئەبێ بەم جۆرە وێڵ و ڕیسوا بێ**

بە ناچاری دوای گوزەرانێکی سەخت، حەسەن لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا دەگەڕێتەوە گوندی هەرمێلە بۆ لای خان و ئاغاکانی باوکی. لەوێ بە کارەکەر دادەمەزرێ و کاری مەیتەریی پێ دەسپێرن. دوای ماوەیەک هەرمێلە جێ

---

[2]- جەلال هاینیسی: چریکەی زیندوو، حەسەن زیرەک، ڕۆژنامەی ئاسۆی ڕۆژهەڵات، ژمارە ٩٣، ٢٠٠٣.

[3]- ئارام شەمێرانی: حەسەن زیرەک ٣٩ ساڵە جێی هێشتووین و تازە دەژی، ئەدەب و هونەر، ژمارە ٦١١٥، سلێمانی، ٢٠١٣.

دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە شارەکان. ماوەیەک دەبێتە شاگرد و هەندێک کار دەکات، لەوانە کەبابچێتی. ساڵی ١٩٤١ جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ گوندی هەرمێلە و ئەم جارە وەک تفەنگچی لە ماڵی خان دادەمەزرێ، بەڵام پاش ماوەیەک ئەم کارەی لە خزمەتی ئاغا و چەوساندنەوەی خەڵکی هەژار و ڕەشوڕووت پێ ڕەوا نابێت، بۆیە لەگەڵ ئاغادا دەبێتە دەمەقاڵێی و نێوانیان تێک دەچێت و دووبارە ڕوو دەکاتەوە شاری سەقز. ئەم جارە دەبێتە شۆفێر و وەک شاگردێک لای مینەخانی ئەردەڵان لە نێو شارەکانی سەقز و بانەدا کار دەکات. ڕۆژێک ڕووداوێکی دڵتەزینی بەسەردا دێت، کاتێ لاوێک دەکاتە ژێر ئۆتۆمبێلەکەیەوە، لە لایەکی تریشەوە دەوترێت بە هۆی گڕگرتنی ئۆتۆمبێلەکەیەوە لاوەکە کۆچی دوای دەکات!

بەهەرحاڵ، میدیاخانی زەندی، خێزانی حەسەن زیرەک، لە کتێبی چریکەی کوردستاندا لەم بارەیەوە دەڵێت: بە هۆی ئەم کارەساتەوە حەسەن بە بەندی ئەبەد مەحکوم دەدرێت، بەڵام حەسەن لە ترسی ئەم کارەساتە هەڵدێت و گوندبەگوند و شاربەشار دەگەڕێ و بەرەو وڵاتی عێراق دەکەوێتە ڕێ. لەم کاتەدا ئەوەی کە زۆر ناخۆش دەبێت بۆ حەسەن، (شووکردنەوەی مەحبوبەی خێزانیەتی). دوای ئەم کارەساتە حەسەن سەری خۆی هەڵدەگرێت و ساڵی ١٩٥٣ ڕوو دەکاتە عێراق. لەم ماوەیەشدا چەند جارێک ڕوو دەکاتە شاری سلێمانی و ئاشنایەتی لەگەڵ ئەندامانی تیپی مۆسیقای مەولەویدا پەیدا دەکات. کاک جەلال دەباغی ڕووناکبیری شاری سلێمانی لە یاداشتێکیدا لەسەر حەسەن زیرەک دەڵێت: "بیرم دێ لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجادا حەسەن زیرەک لە ماڵی مام مارفی سەبەتچن لە گەڕەکی کانێسکان کرێچی بوو، ئێوارەیەک تەماشامان کرد لەو ماڵەدا قەڵەباڵغییە، ئێمەش چووینە ژوورەوە تەماشامان کرد بە دوو ڕیز کورسی لە حەوشەکەدا دانراوە و هەندێک میوانی حەسەن و خۆی دانیشتوون و هەر کەس دەچووە ژوورەوە، یان دادەنیشتن یان بە پێوە ڕادەوەستان، لە سەربانیشەوە ژنان و منداڵانێکی زۆر تەماشایان دەکرد و حەسەن زیرەک گۆرانیی دەگوت. بە ئاوازە خۆشەکانی بەبێ مۆزیکیش خەڵکەکەی هەژاندبوو، ژنێکی جوانی خڕپن و کورتەباڵاش بە ناوی ئامینە کە دەیانگوت هاوسەری حەسەن زیرەکە، سەتڵێکی پڕ لە ئارەق و

سەهۆڵی بۆ میوانەکانی دەگێڕا، گوایە ماستاوە!" بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، گوزەرانی لە بەغداد دەبێت، لەبەر ئەوەی جگە لە کاری تر لە ڕادیۆ، هەفتانە بەرنامەی گۆرانیوتنی هەبووە، تا ساڵی ١٩٥٨ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلاوێژ حەسەن زیرەک بە ناچاری دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، هۆکەشی ئەوە بووە کە گۆرانیی بۆ جێژنی سەرتەختی مەلیک فەیسەڵی دووەم وتبوو.

بەهەرحاڵ، توانیی خۆی بگەیەنێتەوە ئێران و لەوێ پەیوەندی بە هونەرمەندانەوە بکات و کار بۆ ڕادیۆی تاران و کرماشان بکات. سەرەتا، حەسەن زیرەک میدیا زەندی لە ڕادیۆی تاران بە بێژەر دادەمەزرێنێت و هەر زوو داوای هاوسەرگیریی لێ دەکات. لەم بارەوە میدیا دەڵێت: "شەوێک لە پاش دەسبەکاربوونم لە ڕادیۆی تاران، حەسەن داوای هاوسەرگیریی لێ کردم. منیش سەرم سووڕ ما، چونکە ئەو دەمە حەسەن لە تافی لاوی تێپەڕیبوو و سی ساڵ لە من گەورەتر بوو، بۆیە باوکم لەم باسە زۆر تووڕە ببوو، بەڵام حەسەن زۆر سوور بوو لەسەر من و تەنانەت بە کاربەدەستانی ڕادیۆی وتبوو: ئەگەر میدیا هاوسەرگیریم لەگەڵ نەکات، دەگەڕێمەوە بۆ عێراق و لە ئێراندا نامێنم." ئەو دەمەش حکومەت زۆر پێویستی بە دەنگە زوڵاڵەکەی حەسەن بووە و بۆ هەندێک مەرامی تایبەت، بۆیە بەبێ ڕوخسەتی باوکی میدیا، لە ٢٦ ڕەزبەری ساڵی ١٩٥٨ میدیا لە حەسەن زیرەک مارە دەکەن، پاش ماوەیەک هەوارگەیان دەگوێزنەوە بۆ شاری کرماشان و لەوێش حەسەن زیرەک و میدیا زەندی کار بۆ ڕادیۆی کرماشان دەکەن. پاش سێ ساڵ لە ژیانی هاوسەرگیری دەبنە خاوەنی یەکەم منداڵ و ناوی دەنێن (ئارەزوو). دوو ساڵ دوای ئارەزووش منداڵی دووەم کە ناویان ناوە (ساکار)، چاوی بە دنیا هەڵهێنا. حەسەن زیرەک لە ژیانیدا چەند ژنێکی هێناوە، بەڵام ئەوەی کە دیارە (مەحبوبە و ئامینە و میدیای زەندی و ڕابە خانمە). تەنها لە میدیای زەندی ئەم دوو نەوەیەی خستووەتەوە.[٤]

---

[4] – باس لەو کوڕەی حەسەن دەکرێت کە ناوی (جەمیل )ەو دکتۆرە، ئەم کوڕەی حەسەن لە خاتوو گەوهەرە کە لە شاری بەغداد دراوسێی ماڵی هونەرمەند نەسرین شێروان بووە، ئەم کچە لە ماڵی نەسرین شیروان گوێی لە دەنگی حەسەن زیرەك بووە و سەرسام بووە بە دەنگیو دوایش هاوسەرگیریان کردووە لە سەر دەستی لای مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و بە شایەتی

خۆشترین و ئارامترین کاتی ژیانی حەسەن زیرەک ئەو چەند ساڵەیە کە لە کرماشان گوزەراوە، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەمەش، لە تۆمارێکی[5] دەنگیی خۆیدا کە قسە بۆ میرزا کەریم و ئەبوو سەباح و جەلال ناوێک دەکات، خۆی ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێت "ڕۆژێک لە کرماشان هونەرمەندان محەمەد عارف جزیری و حەسەن جەزراوی ماوەی ١٨ شەو لام میوان بوون، ئەو دەمە جوانترین و خۆشترین کات و زەمانم بوون. بەندەش هەمیشە لە خزمەتی دۆست و برادەرانمدا بووم. لەو ماوەیەدا ٧ سەعات نەوارم لێ گرتن (واتە ٧ سەعات گۆرانییان تۆمار کردووە) لە ڕۆشتنەوەشیاندا هەندێک دیاریم بۆ کڕیون، لەوانە (سەماوەری نەوت) ماشێنم بۆ گرتن و مەلابانگدان بەڕێم کردن و تەنانەت جەڕەی ئاویشم بۆ ئامادە کردبوون، وتم با بەو گەرمایە تینوویان نەبێت، زۆر بە جوانی بەڕێم کردن و هەرچی دەڕۆشتن، زۆر بە گەرمی بایبایمان لە یەکتر دەکرد. یاڕەبی شوکر خوایە، بەس نەبوو من بووم ئەم ١٨ شەوە خزمەتی ئەوانم کرد، سوپاس بۆ خوا." (هەر ئەو ماوەیە لە ڕادیۆی کرماشان گۆرانی نەورۆزی بە زۆر پێ دەڵێن، دوای ئەوەش لەوێ دەری دەکەن.)[6] کەواتە کرماشان سەردەمی زێڕینی ژیانی زیرەک بوو. "زیرەک لە

---

**هونەرمەند نەسرین شێروانی مارە کراوە لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەغدادو ئەم کوڕەی لەو خاتونەیە، بەلاّم هەر زوو دابڕاون و ئەم کورەش، ساوا بووە کە دایکی کۆچی دوای دەکات لە لای پوری بەخێو کراوەو بە پوری ووتووە دایە و بە خاڵی ووتوە بابە، بەلاّم دوای ئەوەی کە ساڵی ١٩٧٢ کۆلیجی پزیشکی تەواو دەکات ئینجا ئەم راستییەی بۆ ئاشکرا دەکەن . ئەم دکتۆر جەمیلە دکتۆرێکی بە تواناو ناوداری نەخۆشییەکانی دڵە و دەڵێن نەشتەرگەری دڵی بۆ مەلیکی سعودییە کردووە لە ولاّتی سوید دەژی، لە دوای پڕۆسەی ڕزگارکردنی عێراق لە گەڕانەوەیدا لە ڕێگە ی بەسرە بەغداد کوڕەکەی دەکوژرێت ، بۆیە دەگەڕێتەوەو بڕیار دەدەات نەگەڕێتەوە.سەرچاوە: عادل محەمەد کەریم :دیداری تایبەت لە گەڵ ئەحمەدی سۆفی کەریم و پاکیزەخانی خێزانی کاك ئەحمەد، لە ماڵی خۆیان، لە گەڕەکی تووی مەلیك، بە ئامادەبونی هونەرمەند محەمەد رەشید دارتاش، لە رێکەوتی ٢٠١٦/١١/٢١.**

[5]– بە ڕێزەوە ئەم تۆمارەم لە مامۆستا عوسمان هەورامی وەرگرت.

[6]– قادر نەسیری نیا، ناڵەشکێنە، سەرجەمی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک، دەزگای ڕۆشنبیریی گۆران، سنە، ٢٠٠٢، لا ٣.

کرماشان ڕەوتی هونەری کوردی و ڕەوتی سیاسیی شاری کرماشانی بە هۆی گۆرانیی کرماشانەوە گۆڕی."[٧] (ئەم نموونەیە ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو ئەوەی بە هونەرمەندێک دەکرێت، بە هێزی تر و تواناکانی تر ناکرێت، لێرەدا مەبەستم ئەو گۆرانی و هۆنراوەیەیە کە حەسەن چۆن بە دڵ ئەم گۆرانییە بۆ ئەو شارە کوردییە فارسێنراوە دەڵێت و کاریگەریی هۆنراوە و ئاواز و دەنگ و سەدای ئەم هونەرمەندە بۆ ئەو شارە زیاترە لە هەموو هەوڵ و هێزەکانی تر، هەتا کوردێک مابێت و گوێ بۆ ئەم گۆرانییە بگرێت، دەزانێت کە شاری کرماشان ستەملێکراوە و حەسەن لە ڕێی ئەم گۆرانییەوە کوردبوونی ئەم شارە دووپات دەکاتەوە و برینەکانی ئەم شارە کوردییە سارێژ و تیمار دەکات.)

ساڵی ١٩٦٦ حەسەن زیرەک لە شاری سەقز لە چێشتخانەی موسافیرخانەی سێ ستارە کاری کردووە.[٨]

ساڵی ١٩٦٧ دوای ماوەیەک حەسەن زیرەک جارێکی تر دەگەڕێتەوە کوردستانی باشوور و ئەم جارە لە شارەکانی کوردستان، بە تایبەت شاری سلێمانی و کەرکوک و هەولێر چەند ئاهەنگێک لە ماڵان ساز دەکات و لێرەوە تێکەڵ بە هونەرمەندانی تری شاری سلێمانی دەبێت کە ئەو دەمە زیاتر لە تافی لاویدا دەبن و سەرەتای هاتنەناو دنیای هونەرییانە. لەوانە جگە لە ئەندامە کۆنەکانی تیپی مۆسیقای مەولەوی، ولیەم یوحەنا و قادر دیلان، ئەم جارە ئاشنای هونەرمەندانی لاو دەبێت، وەکو (ئەنوەر قەرەداغی و مامۆستا خالید سەرکار و شەوکەت ڕەشید و سەلاح ڕەشید و حەسەنی نەی و عەزیزی تەپڵ...) و زۆرێک لەو هونەرمەندانەی تر کە دواتر لە دوای نەمانی حەسەن زیرەک ئەمان سەرقافڵەی بەڕێوەبردنی پێشخستنی کاروانی هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کورد بوون لە کوردستانی باشوور، بە شێوەیەک، کارە هونەرییەکانی ئەمان تەکانێکی تری دا بە هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی

---

[7]- د. مەولود ئیبراهیم حەسەن، ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت؟ چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢.

[8]- میرزا کەریم خۆشناو: حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی، چاپخانەی حسام، بغداد، ١٩٨٤، لا ٢٣.

و له کۆتوبەندی شێوەی میللی و باو ڕزگاری کردن و کارەکانیان بووە جێگەی تێڕامانی گشت لایەک.

ساڵی ١٩٦٨ لە شاری سەقز هاوسەرگیری لەگەڵ (ڕابیعە خان، ناسراو بە ڕابە خان) دەکات و سەرەتا چایخانەیەک لە سەر ڕێگەی (ڕەشە قەڵات) لە نێوان بانە و سەقز دادەنێت. پاش ماوەیەک لە کانی مەلا ئەحمەد چایخانەیەکی تر دادەنێت و لە پاڵیشیدا بەشداریی کۆڕ و ئاهەنگی شادیی ماڵانی ناوچەکە دەکات و گەلێک بەرهەمی مەجلیسی تۆمار دەکەن، واتە لە گۆرانیوتن ناوەستێ. پاشان ماوەیەکیش دەچێتە شاری مەهابات و لە دواکاتەکانی ژیانیدا دەچێتە شاری شنۆ و سەرقاڵی گوزەران و کاروباری تایبەتی ژیانی دەبێت. میدیای زەندی لە کتێبی چریکەی کوردستان لەسەر کۆتایی ژیانی حەسەن زیرەک دەڵێت:

"لە پاش من، حەسەن لەگەڵ ڕابیعە (ڕابە خان) هاوسەرگیریی کردبوو و لە سەر ڕێگەی مەریوان قاوەخانەیەکی بچووکی دانابوو، لەگەڵ ڕابیعەی هاوسەری بە دڵێکی پڕ لە دەرد و پەژارەوە، دوور لە من و منداڵەکانی لەوپەڕی نەداری و سەرلێشێواویدا خەریکی تەنگوچەڵەمەی ژیان بووە." ساڵی ١٩٧١ کاتی بیستوویەتی حەسەن نەخۆشە، لە ڕێی خاڵیەوە حەسەنی دۆزیوەتەوە، خۆی و مناڵەکانی (ساکار و ئارەزوو) بردووەتە لای باوکیان و میدیا[٩] دەڵێت: ڕۆژانە سەردانی حەسەنم کردووە. حەسەن دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە ببوو، نەشتەرگەری دادی نەداوە و بەو دەردەوە تلاوەتەوە تا لە ڕۆژی دووشەمەی ڕێکەوتی ١٩٧٢/٦/٢٦ ماڵئاوایی یەکجاریی لێ کردین و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لە گردی ناڵەشکێنەی شاری بۆکان بە خاک سپێردراوە. واتە ئەم هونەرمەندە بلیمەتە تەنها ٥١ ساڵ و چەند مانگێک ژیاوە.

---

[9]- چەند ساڵێک لەمەوبەر بۆ بۆنەیەک کە لە یانەی زانکۆی سلێمانی بانگ کرابووین، بە ڕێکەوت لە دانیشتنەکەدا کەوتمە تەنیشت میدیای زەندی کە هاوسەری حەسەن زیرەک بوو، یەکترمان ناسی و دوای پرسیار زۆر بە باشی باسی حەسەنی هاوسەری دەکرد کە دوو منداڵی لێی هەیە و ئاماژەی بەوەش کرد کە ژیانێکی زۆر سەخت و پڕ لە ئاوارەیی بەسەر بردووە و لە ناخی دڵەوە باسی دەکرد و دوای ئەوەندە ساڵەش دڵگیری بۆی لە ڕوخساریدا بەدی دەکرا. سەرچاوە: یاداشتی جەلال دەباغ، ٢٠١٦/٦/٢٦.

حەسەن هونەرمەندێکی نەحەساوە و ماڵوێران بووە و بەردەوام گێچەڵیان پێ کردووە، ئەوەتا کاتێ کە لە بانە چایخانەکە دادەنێ، دوو سێ جار تووشی شەڕ دەبێت و زۆر ئازاری دەدەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەو کەسانە کێن و بە فیتی کێ هەڵیانکوتاوەتە سەر حەسەن زیرەک؟

لەم بارەیەوە میرزا کەریم ئەم پرسیارەی لە حوسێنی برای حەسەن کردووە و حسێن زیرەک وتوویەتی جارێک بە حەسەنی برامم گوت: "حەسەن تۆ ئەرکت نییە و تەنها تۆ و ڕابیعەی خێزانتی. با لەم شەڕوشۆڕە دووربکەویتەوە، بۆ نایەیت لەگەڵ ئێمە بژیت؟ حەسەن زیرەک بە داخ و حەسرەتەوە وەڵامی حسێنی برای داوەتەوە و بە ئاگا و ترسەوە ئەم ڕاستییەی درکاندووە: "حوسێن، من گیرۆدەی دەستی ساواکم، ئەوانن ئەم گێرەوکێشەیەم بۆ دروست دەکەن و پێم دەڵێن دەبێ بچیتە ئەودیو[10] ئیشمان بۆ بکەی! هەرچەند دەڵێم باوکم ئەمن هیی ئەو جۆرە کارانە نیم، من خوێندەواریم نییە، چۆن سوود لە من دەبینن؟ ئەڵێن تۆ بە ماڵەوە بڕۆ بۆ عێراق، ئێمە پارەیەکی زۆرت دەخەینە بەردەست، خۆشمان خەڵکت بۆ دەنێرین و تۆش هەرچی زانیاری هەیە، پێیان بڵێ، ئەوانیش بۆ ئێمەی دەهێننەوە. هەڵبەت تۆ خۆشت دەزانی ئەم جۆرە کارانە بە من ناکرێن، ئەگەر پێشم بکرێن نایانکەم، با ساڵی دوو سێ جار شەڕم پێ بفرۆشن و تێشمهەڵدەن، با بە هەژاری بژیم، بەڵام ئەو کانییەی ئاوم لێ خواردووەتەوە، هیچ کات ئامادە نیم بەردی تێ فڕێ بدەم. خیانەت بە خاکی عێراقیش ناکەم، لە ناو خەڵکیش سەربەرز دەژیم. لە دواییدا بە پێکەنینەوە وتوویەتی بە تەنها بەربەرەکانێی دەوڵەتیش دەکەم!" دیارە ئەمە باوەڕی حەسەن بوویێت، کەواتە سەرگوزەشتەی دەرمانخواردنەکەشی لە لایەن دەوڵەتەوە هەر پیلان بووە. ئەوەتا ڕابە خانی خێزانی دەڵێت: حەسەن قەت نەخۆش نەبووە، بەردەوام ئەوەی وتووە کە من کەس بە ناحەزی خۆم نازانم.

ڕابە خان دەڵێت: "بە دوو ساڵ پێش نەخۆشکەوتنی، جارێک حەسەن بۆ ئاهەنگێکی زەماوەند بانگهێشت کرابوو. دڵم ترسا، پێم وت حەسەن مەچۆ، بە قسەی منی نەکرد و ڕۆیشت. لەوێ لە زەماوەندەکەدا تا کاتی نانخواردنی

---

[10]– ئەودیو مەبەستی عێراقە (توێژەر).

نیوەڕۆ گۆرانی دەڵێ. زیرەک وتوویەتی لەو کاتەدا چوومەتە دەرەوە، کە گەڕاومەتەوە، ژنەشاگردێکی چێشتلێنەر (ئاشپەزەکە) قاپێک ئاشی هێناوە و وتوویەتی: ئەمە تایبەتە بۆ ئاغای زیرەک، لەگەڵ ئیستیکانەیەک قەنداخ. زیرەک وتوویەتی تەنها دوو کەوچکم لە خواردنی ناو قاپەکە خوارد، بەڵام قەنداخەکەم خواردەوە، دەڵێت کە چوومەوە بۆ زەماوەندەکە، لە کاتی گۆرانیوتندا سەرم گێژ بووە و بوراومەتەوە." ڕابە خانم درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت کاتێک شەو درەنگ منیان ئاگادار کردەوە کە حەسەن لە نەخۆشخانەیە، بە پەلە چووم، بینیم حەسەن زۆر بێتاقەت و نەخۆشە. ژنێک لەوێ بوو و زۆر دڵی بە من سووتا و بە دزییەوە پێی وتم "من لە ڕای خوا بۆت باس دەکەم، زیرەک هونەرمەندێکی گەورەیە، با خوێنەکەی بە هەدەر نەڕوات (زیرەک نەخۆش نییە، (ساواک) بە پیلانێک ژەهری داوەتێ و خوێنەکەی با بزر نەبێت، ساواک ژەهری داوەتێ و دکتۆرەکانیش ناتوانن باسی بکەن."[11] ئەمە ڕوداوی ڕاستەقینەی هۆکاری لەناوچوونی حەسەن زیرەکە کە دوای دوو ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی ژەهرخواردنەکەیدا کۆچی دوایی دەکات.

حەسەن زیرەک نەک تەنها لە ئێران بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەوەتا لە زاری خۆیەوە با بزانین دەوڵەتی عێراق چۆن لە شاری بەغداد مامەڵەی لەگەڵ کردووە و بۆ ماوەیەک بە چ شێوەیەک بێسەروشوێن دەکرێت؟

(زەمانێک بارزانی منی دەعوەت کرد. بەڵێ، کە من چوومە قەسرۆ و گەڵاڵە و ناوپردان و چۆمان و زین و شێخی و خەلان و جائیزە (خەڵات)م وەرگرت. واقیعەن کورد تەنها لایەق بە خۆیەتی. ئەوی جائیزە بوو، لوتفی فەرموو، کارم بەوە نییە، ئینجا ئەگەر نەگبەتی و بەدبەختیی من سواری شانم نەبوایە، ئەگەر لە گەڵاڵە بچوایەتمەوە، هەموو ڕۆژێک من لە خانێ بووم (واتە مەبەستێتی بڵێت لە گەڵاڵەوە دەڕۆشتمەوە بۆ خانێی ئێران) چون کاک مەقسوود [12]تاجی

[11]- دکتۆر مەولود ئیبراهیم، ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت، لا ١٣٤.

[12] – **سەبارەت بەو کاك مەقصودە كاك مەسعود بارزانییە كە ئێستا سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان و سەرۆكی هەرێمە لە زۆرێك لە دانیشتوانی ئێران بە مەسعود دەڵێن مەقصود.**

سەری من دێنیَ، دەستووری دەدا مەشروبم بۆ بێنن، بۆ نەگبەتیی من، ڕۆژێ یان دوو ڕۆژ جارێ هاتوچۆم دەکرد، ئەو دەمە لە خانێ بووم، خاوەنی پارەیەکی زۆر باش بووم، دوو دەمانچەم پێ بوو. بۆ نەگبەتی، لەو دەمەدا بە تەواوەتی نەگەڕامەوە بۆ ئێران، چووم بۆ بەغداد، ئەی هاوار، ئەی هاوار، من لە هیچی نەبووم لە عێراق بۆ ماوەی ١٨ مانگ دەستگیر کرام، ٦ مانگ بێسەروشوێن بووم، لەژێر ئەشکەنجەی قورسدا بووم، ئەوەی کە بەسەریان هێنام، هێنایان، تەنانەت دەیانویست زیاتر ئەشکەنجەم بدەن!" تا کوڕێکی خەڵکی شاری خانەقین کە خۆی لە ئەمن دەبێت، بە هانایەوە دەچێت و ناهێڵێت لەوە زیاتر ئەشکەنجەی بدەن. هونەرمەند خۆی دەڵێت "تا ئەو ڕۆژەی دەمرم، مەمنونیم، هاوکاریی کردم و ڕۆژانە جگەرەی دەدامێ و ڕێزی دەگرتم، خولاسە، ٦ مانگ بێسەروشوێن بووم، کەس جێگەشی نەدەزانیم، خوارەحمی کرد لە هیچدا نەبووم.

دوایی هێنامیانەوە بۆ شاری کەرکوک و لە کەرکوکەوە بۆ شاری موسڵ بە قەراغ هەولێردا منیان برد. کە بە هەولێری جواندا منیان برد، وتم ئەی هاوار... چ ڕۆژگارێکە تێی کەوتووم، ڕۆژانێک من لەم شارەدا دەگوزەرام، لە هەندێک لەو ماڵانەدا ئاهەنگم دەگێڕا، ئەری کوردی هەولێر یەکێ نییە لە حاڵم

---

سەرەتا کۆتای ساڵانی ١٩٦٦ بۆ ١٩٦٧ دەبێت حەسەن دێتە ماوەت لەماوەتەوە لە گەڵ ئەحمەد هەردی شاعیر بەڕێدەکەون بۆ ناوچەی گەلاڵە لەڕێگە شیعرەکەی (ئەو دڵەی وەك بت پەرستێی) بۆ دەڵێت حەسەن لە بەری دەکات دوای دەیکات بەو گۆرانییە، لەوێ فرانسوا حەریری دەبیننو کاك ئیدریسیش حەسەن زیرەك دەبینێت و دوایش بارزانی خەڵاتی دەکات ئەوەی من بەردەستم کەوتووە سی ّجۆر خەڵات بووە کە ئەمانەن :یەکەم برێك پارە کە مەزندە دەکرێت بەوەی بە دڵنیای لە (١٠٠)دینار کەمتر نەبووە، دووەم :دوو دار جگەرە، کە دەستکردی خودی بارزانی خۆی بووە .سێیەم : دەمانچەیەکی جۆری( لامە).

دوای فرانسوا نامەیەکی دەداتێ دەینێرێ بۆ لای عەلی مەردان بەڵام لە بەغدا وەری ناگرن پێی دەڵێن : لەبەرئەوەی کە گەڕاویتەوە بۆ ئێران ناوت سراوەتەوە لای ئێمە،دیارە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی لە سلێمانی ئەو ئاهەنگانە ئەنجام دەدات.سەرچاوە :محەمەدی حەمە باقی. :د.کەیوان ئازاد.

بپرسێ؟ کەسێ نییە بە من بڵی چ کارەی؟ یان لێرە لەم ناو ئەم قەفەزەی پۆلیسخانەدا چی دەکەی؟ بە ١٨ پۆلیسەوە منیان دەهێنا و دەبرد، دەیانگوت: "ئەگەر ڕێگری لە پێشمەرگە نەکەین، حەسەن زیرەکمان لێ دەستێنن." ئافەرین بۆ پێشمەرگە، بە قوربانیان بم، یاخوا کورد هەر هەبێت." من دەڵێم دوای خەلاتکردنی لە لایەن بارزانییەوە لە لایەک و لە لایەکی تر هەر وەک خۆی دەڵێت، بەردەوام هاتوچۆی نێوان ناوچەی باڵەکایەتی و خانێی ئێران، دواییش سەردانی بەغدا لە هۆکارەکانی دەستگیرکردنی هونەرمەند حەسەن زیرەک بوون.

دیارە ئەم ڕووداو و بەسەرهاتە ناخۆشانە کاریگەریی نەرێنیی خراپ لەسەر دەروونی حەسەن بەجێ دەهێڵن و حەسەنیان تووشی چەندین کۆسپ و تەگەرە و تاڵیی ژیان کردووە؛ ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دی، ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی وردی سایکۆسۆسیۆلۆجی بۆ هونەرمەند بکرێت، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەوێنی سەرکەوتنی ئەم هونەرمەندە و ئەو حەسرەتە خەمئامێزەی دەنگ و سەدای پەیوەستە بە کۆمەڵی کوردەواری لە لایەک و لە لایەکی دی کەسێتی و ژیانی تایبەتی ئەم هونەرمەندە!

**٢- سەرەتا و دەستپێکی کاری هونەریی حەسەن زیرەک:**

بێگومان حەسەن زیرەک لە منداڵییەوە بەهرەی دەنگخۆشیی هەبووە، بەڵام لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا کاتێ کە دەگەڕێتەوە بۆ گوندی هەرمێلە، لەوێ دەنگە خۆشەکەی سەرنجی خەڵکی دێیەکە ڕادەکێشێت و وای لێ دێت خەڵک داوای چڕینی گۆرانی لە حەسەن زیرەک دەکەن و داوا دەکەن لە دەنگە خۆشەکەی بێبەشیان نەکات. کاتێ خان و ئاغا ئاگادار دەکەنەوە کە مەیتەرێک هەیە بە ناوی حەسەن و دەنگی زۆر خۆشە، ئەمە دەبێتە ڕێگەخۆشکەرێک بۆ حەسەن تا ڕێگەی پێ بدەن بچێتە دیوەخانی ئاغا و بە گۆرانییەکانی کۆڕی میوانانی خان بڕازێنێتەوە. جگە لەمەش، حەسەن بۆ شایی و ئاهەنگی گوندەکان (دێکان) بەسەر دەکرایەوە و بە دەنگە سازەکەی شایی و هەڵپەڕکێی زەماوەندەکانی گەرمتر دەکرد. ئەمە دەستپێکی حەسەن زیرەکی بلیمەتە.

ساڵی ١٩٥٣ لە ڕێگەی پێنجوێنەوە هاتووەتە کوردستانی باشوور و هەر

لەوێوە بەرەو بەغدادی پایتەخت بەڕێ دەکەوێت. شەماڵ سائیب دەڵێت لە شاری بەغداد زۆر یارمەتیی حەسەن زیرەکم دا، ماوەیەک لای من دەژیا تا دواتر ڕۆیشتە ئۆتێل و کاری دەکرد و شوێنی خۆی کردەوە.[١٣] هەر لەم بارەیەوە دکتۆر مەولود ئیبراهیم لە کتێبەکەیدا لەسەر حەسەن زیرەک دەڵێت: ئێستا زیرەک بەم هەموو توانا هونەری و دەنگخۆشییەوە لە بەغدادی پایتەختی وڵاتی عێراقە و شاگردی هوتێل شیمالە، لە تافی لاویدایە و چاکتر دەتوانێ زیرەکی بنوێنێ و خۆشتر دەنگی هەڵبێنێ! بۆ بەختی هونەری کوردی، ئەم هوتێل شیمالە جێگەی کوردایەتییە؟ کوردانی هۆشیار و چاوکراوە و سەر بە سیاسەت! ڕەوشتی جوان و دەنگی زیرەک سەرنجیان ڕادەکێشێ و یارمەتیی دەدەن... یەکێک لەو سیاسییانە مام جەلال دەبێت کە هاوسۆزی دەنگی حەسەن دەبێت و لەگەڵ (عادل عیرفان و نەشئەت عەبدولڕەحمان و کاک حەمەی دەروێش) و هەندێک لە هاوەڵەکانی کارئاسانیی بۆ دەکەن و یارمەتی و هانی دەدەن کە بچێتە ئێستگەی بەغداد. بەڵێ، حەسەن چووە ئێستگە و هەر زوو وەرگیرا. زیرەک هەفتانە ئاهەنگی تایبەت و ڕاستەوخۆ بۆ ڕادیۆی بەغدا ساز دەکات و لەوێوە دەنگی بە هەموو کوردستان و ناوچەکەدا بڵاو دەبێتەوە. حەسەن زیرەک لە ڕادیۆی بەغداد هونەری خۆی دەنوێنی و لەگەڵ هونەرمەندانی گەورەی کوردی ئەوێ و لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکانی کورد، مامۆستا عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و ڕەسوڵ گەردی و حەسەن جەزراوی و شەماڵ سائیب و باکووری و نەسرین شێروان و زۆرێکی تر تێکەڵ دەبێ و ئاشنایەتییان لەگەڵدا پەیدا دەکات و دەناسرێ و خەڵک دەناسێ. ئەم ئێستگەیە لە لایەک دەبێتە مینبەرێکی باش بۆ بڵاوبوونەوەی دەنگ و سەدای کارەکانی حەسەن زیرەک، لە لایەکی دیش لە ڕێی دەنگی حەسەنەوە ئێستگەی کوردی گوێگرێکی زۆر لە خۆی کۆ دەکاتەوە. کەواتە تەواوکەری یەکدین.

لەگەڵ ئەمانەشدا، بە هۆکاری جیاواز کە هەندێکیان تایبەت بوون بە هەڵسوکەوتی ژیانی تایبەتی خودی حەسەن زیرەک، هەندێک جار لە ڕادیۆ

---

[13]– ئەحمەد سالار، ژیمۆ شەماڵ صائیب: شەماڵ سائیب، ژیان و هونەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠، لا ١٠٦.

دوورخراوەتەوە و ڕێش کەوتووە کە گۆرانییان بۆ سڕیوەتەوە. ئەوەتا لە میانەی چاوپێکەوتنێکی کاک کەمال ڕەئوف محەمەد لەگەڵ مامۆستا شەماڵ سائیبدا کە لەم بارەیەوە پرسیاری لێ دەکات، شەمال سائیب بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە: "من پێ لەوە دەنێم کە تەنها یەک گۆرانیی حەسەن زیرەکم سڕیوەتەوە، چونکە لەسەر ئاوازی گۆرانییەکی عەرەبی بوو، بەڵام لە ڕاستیدا من بووم بە هۆی دەرکردنی لە ڕادیۆ!! لەبەر ئەم هۆکارانە: هەندێک جار بە هۆی سەرخۆشبوونیەوە تووشی شەڕوشۆڕ دەبوو، پێش تۆمارکردن دەبوو دەقی گۆرانییەکانی بهێنایە، بەڵام ئەو پابەند نەدەبوو بەمەوە، چونکە ئاهەنگەکان و تۆمارکردنەکان بە شێوازی زیندوو بوون، هەموو جارێک دەیگوت تۆ حەقت چییە؟ لە کاتی پراوە و بڵاوکردنەوەدا بۆت دەڵێم! بە ڕاستی واش بوو، زۆر بە جوانی دەیگوت. کابرا لەگەڵ ئەوەی نەیدەزانی ناوی خۆشی بنووسێت، بەڵام عەبقەری بوو. هەروەها هەندێک نامەمان لە کەسایەتی و ئاغاکانەوە بۆ هات کە نابێت بهێڵن حەسەن زیرەک گۆرانی بەسەر ژن و کچانماندا هەڵبدات!" شەماڵ سائیب چەند جارێک لەم کەموکوڕییانە ئاگاداری کردووەتەوە، بەڵام سوودی نەبووە. هەر لە درێژەی قسەکانیدا شەماڵ سائیب دەڵێت: "حەسەن زیرەک بەرامبەر بە من بەئەدەب بووە، من لە ژیانمدا تا ئێستاش عەبقەریی وەک ئەوم نەدیوە و نەبیستووە."[١٤]

هەر لە ناوەڕاستی پەنجاکانیشدا هاتوچۆی سلێمانیی کردووە. ئەوەتا کاک عومەری کەریم ئاغای هونەرمەند لە یاداشتێکیدا بەم شێوەیە باسی ئاهەنگی حەسەن زیرەک لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی دەکات: "لە کاتێکدا لە ئامادەیی سلێمانی لە ساڵی (١٩٥٦)دا نمایشگایەک تەرخان کرابوو، منیش وەک منداڵێکی ئەم شارە ئەو کات تەمەنم ١٢ ساڵ بوو و پەرۆشی هەموو کارێکی هونەری بووم کە لە خەون و خولیامدا پەنگی خواردبووەوە. لە هەمان کاتدا لە دەرەوەی بیناکەدا لە حەوشی لای ڕاستدا شانۆیەکی بچووک دروست کرابوو بە مەبەستی ئاهەنگسازییەک بۆ هونەرمەند حەسەن زیرەک بە

---

[14] – ئەحمەد سالار، ژیمۆ شەماڵ صائیب: شەماڵ سائیب، ژیان و هونەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠، لا ٧٦-٧٧.

هاوکاریی تیپی مۆسیقای مەولەوی کە پێک هاتبوون لەم هونەرمەندانە (مامۆستا قادر دیلان، ولیەم یوحەنا، هادی عەمبەر، سەردار ڕەمزی فەتاح، حاتەمە ڕەش، نەجاتی عەبدە...). هونەرمەند حەسەن زیرەک چەند گۆرانییەکی چڕی، گەرموگوڕی و جۆشێکی وا خولقاند، ئاپۆرایەکی زۆری خەڵکی شار دەوری شانۆکەیان گرتبوو و خوازیاری ئەوە بوون چاویان بەو بەڕێزە بکەوێ کە چۆن بەو هەست و سۆز و عەشقەوە گۆرانی دەڵێ. هەموو گیانی لەگەڵ ئاوازەکانیدا سەمایان دەکرد، بە جووڵە و هەڵسوڕاندنی تەزبیحەکەی دەستی و جلە زیرەییەکەی بەری، بینەر نەیدەتوانی هەتا کۆتایی دەستبەرداری ئاهەنگەکە بێت. ئەوەی لە یادم بێ، یەکەم گۆرانی (بۆت مردم ناسکە جوانێ مەیلی جارانت کوانێ) بوو. لە هەستی مندا حەسەن زیرەک هەر گۆرانیبێژ نەبوو، دەتوانم بڵێم شاعیر بوو و گوێی مۆسیقای ئەوەندە بەهێز بوو، هەندێک جار کە (ئاوتیان بکردایە)، ژەنیارەکانی ئاگادار دەکردەوە و دەیوت: وا نابێ."

هەروەها کاک جەلال دەباغیش وەک ئامادەبوویەکی لاوی ئەم ئاهەنگە دەڵێت: "من لەو ئاهەنگەشیدا ئامادە بووم کە لە هۆڵی دواناوەندیی سلێمانی سازی کرد. لەوێشدا خەڵکێکی زۆر، بە تایبەتی قوتابیان ئامادە بوون، دوابەدوای ئەوە، ئێمە زۆر ڕەخنەشمان لێ گرت کە گۆرانییەکی بۆ پاشای ئەو کاتەی عێراق، مەلیک فەیسەڵی دووەم گوتبوو کە دەڵێت:

دە لێدەن لێدەن لێدەن لە تەپڵی شادمانی

ئەوا ئیزدواجی کرد مەلیک فەیسەڵی سانی."

دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران دوای شۆڕشی (گەلاوێژی ١٩٥٨)، حەسەن زیرەک توانیی پەیوەندی بە ڕادیۆی تاران و کرماشان و تەورێزەوە بکات. لەوێ لەگەڵ باشترین و بەتواناترین مۆسیقار و ژەنیارە کورد و فارسەکاندا ئاشنایەتی پەیدا دەکات، لەوانە (حەسەن کامکار و موجتەبای میرزادە و محەمەد عەبدولسەمەدی و ئەکبەر ئیزەدی و بەهمەن یۆلگی و حەسەن یاحەقی و حەسەن کەسای و جەلیل شەهنازی و جیهانگیری مەلەکی). هەر لێرەوە قۆناغی تازەی هونەرەکەی خۆی بە ئاستێکی یەکجار بەرز لە شیعر و دەنگ و ئاواز و چڕین و مۆسیقا و شێوازی تۆمارکردن بە کواڵیتییەکی

بەرزتر دەبینرێتەوە. حەسەن زیرەک لێرەدا لەگەڵ ئەم مۆزیسیانە ناودارانەی ئێران بەخت یاوەریەتی. کار و بەرهەمەکان شایەتحاڵی ئەوەن کە لە هەموو ڕوویەکەوە بەپێی تەکنەلۆجیای ئەو زەمەنە کارەکەکان تا ڕادەیەکی باش پرۆفیشناڵییان تێدایە و لە زۆر ڕووەوە لە کارەکانی ئێستگەی بەغدا بەرزترن، بە تایبەت لە ڕووی (ئامادەکردنی مۆسیقاکان، ژەنیاری ئامێرەکان و بوونی سۆڵۆی زۆر شیرین کە ئاستی تەکنیکیی هەندێکیان لە ڕووی هونەرییەوە زۆر بەرزن و ڕستی مۆزیکەکان زۆر جوان و ئاوێزانی تەواوی ئاوازەکانی حەسەنن، زۆر تەواو لەگەڵ ناوەڕۆکی هۆنراوەکاندا هاتوونەتەوە و دواتر شێوەی تۆمارکردنەکە بە سەلیقەیەکی جوانی بەرزی هونەری نزیک لە ڕۆحەوە تۆمار کراون. لە سەروو ئەمانەشەوە، بیرمان نەچێت تەواو توانای دەنگی هونەریی حەسەن لەم کارانەدا بەرجەستە بوون، وەک بڵێیت حەسەن لە کەشوهەوای بێڕتووشی خۆیدا گۆرانییەکانی چڕیوە، بەوپەڕی خۆشەویستی و ویستەوە گۆرانییەکانی چڕیوە و بووە بە زەمینەیەک کە حەسەن توانیویەتی خۆی تەواو بەتاڵ بکاتەوە و خەمی چەند ساڵەی بە دەنگە پڕ میهرەکەی گەیاندووە بە ئاشقانی کورد و کوردستان. بە ڕاستی لەوە خۆشتر نییە کاتی کە ژەنیارێک یاخود ئامادەکارێک یان ئاوازدانەرێک هەست بکات ئەوەی پێوەی ماندوو بووە، بۆ دەنگ و سەدایەکە کە ئەگەر لە کاری ژەندنەکە یاخود ئامادەکارەکە یاخود ئاوازەکە زیاتر نەبێت، کەمتر نییە. ئەم بلیمەتی و لێهاتووییە لە حەسەن زیرەکدا باڵایە و کەس نییە بتوانێ نکۆڵی لەمە بکات. جگە لە کاری فەرمیی ڕادیۆکان، زیرەک بەردەوام دانیشتنی نافەرمیی لە ماڵان هەبووە، دیارە زۆرێکیان تۆمار نەکراون و ئەوەی کە تۆماریش کراوە، زۆرێکیان کوالێتییان ئەو باشە نییە.

تا ئێستا ئامارێکی دروست لەسەر ژمارەی تەواوی بەرهەمەکانی حەسەن زیرەک نییە کە هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن لە ١٥٠٠ گۆرانی زیاترە. میدیای زەندی دەڵێ: "جارێکیان شوکرەڵای بابان وتبووی ئێمە نزیکەی ١٥٠٠ گۆرانیمان بە دەنگی حەسەن زیرەک هەیە. ئیتر بەرهەمی ئەومان ناوێ."[١٥] هەندێک لە گۆرانییەکان دووبارەن. ڕەنگە زۆرێکیشیان تۆمار

---

[15]- چریکەی کوردستان، میدیای زەندی.

نەکرابن، یاخود ڕەنگە تۆماریش کرابن و تا هەنووکە بڵاو نەبوونەتەوە و دیار نین. بەڵام ئەوەی کە هەیە و تۆمار کراون، بەپێی کتێبی ناڵەشکێنەی قادری نەسیری نیا بەم شێوەیەیە:

یەکەم: لە میانەی مانەوەی لە بەغدادی پایتەخت و کارکردنی لە ئێستگەی کوردیی بەغداد زیاتر لە ٧٥ گۆرانیی تۆمار کردووە.

دووەم: لە ڕادیۆی تاران ئەوەی لە بەردەستدایە، ٣٩ گۆرانیی بۆ تۆمار کراوە.

سێیەم: لە ڕادیۆی کرماشان ٨٤ گۆرانییان بۆ تۆمار کردووە کە هەریەکەیان شاکارن بۆ خەرمانی پڕ بەرەکەتی هونەری گۆرانیی کوردیمان.

بەرهەمی دانیشتنی ماڵانی حەسەن زیرەک کە بە مەجلیسی ناوزەند دەکرێت، ئەوەی تۆمار کراوە، ٢١٢ بەرهەمە کە زیاتر لە شاری سلێمانییە و هەندێکی کەمیان لە شارەکانی هەولێر و کەرکوک و بانە و بۆکان و بەغدا و شارەکانی دی تۆمار کراون. لە بواری وتنی مەقامیشدا کە زۆربەیانی لەگەڵ بەستەی گۆرانییەکاندا، چڕیوە نزیکەی ٦٠ مەقامێکن.

### ٣- سیمای دەنگ و سەدا و گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک

ئەو فاکتەرانە چین کە وایان لە دەنگی حەسەن زیرەک و گۆرانییەکانی کردووە ئەوەندە ناودار و بەناوبانگ بێت؟

بۆ گۆرانیبێژی سەرکەوتوو هەندێک سیما هەن کە زۆربەی هەرەزۆری ئەو سیمایانە لە توانا و دەنگ و سەدای حەسەن زیرەکدا هەن، لەوانە:

**یەکەم** شتی گرنگ دەنگخۆشییە. ئەمە سیمایەکە کە لە دەنگی حەسەن زیرەکدا بە ئاشکرا بەدی دەکرێت. واتە جەرەسی دەنگی هەست و سۆزێکی تیایە و دەنگی لە سروشتەوە و لە لایەنی فسیۆلۆجییەوە دەنگەژێکانی قوڕگی ساز و ئامادەن بۆ چڕینی گۆرانی و هەروەها دەنگی قەبەیی و هێزێکی زیندووی جوانی تیادایە.

**دووەم** شتی گرنگ چۆنێتیی وتن و چڕین (الاداء)ی گۆرانییە. ئەم دوانە وەک دوو توخمی بنەڕەتی لە حەسەن زیرەکدا هەیە. هەندێک گۆرانیبێژ هەن یەکێک لەم دوو توخمەیان تیادا نییە. بۆیە هەست دەکەین ئەمانە

گۆرانییەکانیان تەواو ناچنە لای گوێگر، چونکە هەست بە لەنگییەک دەکەین لە کارەکانیاندا.

جگە لەم دوو سیما و توخمە بنەڕەتییە، حەسەن زیرەک خاوەنی ئەم سیمایانەی تریشە کە هەموویان پێویستن بۆ سەرکەوتنی بەرهەمێکی گۆرانی کە زۆر دەگمەن گۆرانیبێژ هەن کە بە تەواوی ئەم سیمایانە لە کارە هونەرییەکانیاندا بەدی بکرێن:

**سێیەم:** حەسەن لەگەڵ ئەوەی نەخوێندەوار بوو، زۆربەی زۆری زانیارییەکانی گشتی و خۆڕسک و وەرگیراوی ژیانی کۆمەڵی کوردەوارییە، نەک ناوەند و دامەزراوێکی ئەکادیمی. لەگەڵ ئەمەشدا حەسەن تەنها گۆرانیبێژ نەبوو، بەڵکو شاعیرێکی باشیش بووە و زانا و بلیمەت بووە لە بەندداڕشتندا، ئەویش بە حوکمی ئەوەی شایەریی کردووە و لە ئاهەنگی زەماوەند و هەڵپەڕکێ و شادیدا بەشداریی کردووە. واتە بۆ بەند و وشە و هۆنراوە پەکی نەکەوتووە. توانا و سەلیقەی پیاهەڵدانی هەبووە و شارەزایەکی تەواو بووە.[١٦]

بۆیە شەماڵ سائیب دەڵێت: "حەسەن زیرەک ئەوەندە بەتوانا بوو، وەسف ناکرێت، هەتا بڵێی قسەخۆش و نوکتەزان و قسەی حازربەدەست بوو. دڵنیام ئەگەر خوێندەواریی هەبوایە، ئەگەر لە (گۆران)ی شاعیر زیاتر نەبوایە، کەمتر نەدەبوو. ئەوە لە بواری ئاوازیشدا هەر وەسف ناکرێت."[١٧]

مامۆستا فەرەنسیس داود لەم بارەوە بەم شێوەیە باس لە حەسەن زیرەک دەکات: حەسەن زیرەک بە ڕاستی زیرەک بوو، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوت گەر ئاوازێکی بە دڵ بوایە و کوردی نەبوایە، دەسبەجێ دەیکرد بە گۆرانییەکی

---

[16]- ئەم شارەزایی لێهاتوویی و چاپووکییەی حەسەن هەر لە خۆوە نییە، بەڵکو بەرهەمی دەربەدەری و نەهامەتی و گەڕانیەتی بە سەدان و دەیان شاری کوردستاندا. ئەو چاوی بە زۆر ناوچە و مەڵبەندی کوردستان کەوتووە و لەگەڵ خەڵکەکاندا بەرکەوتنی هەبووە، لەگەڵیان هەستاوە و دانیشتووە و ژیانی لەگەڵیان بەسەر بردووە. جگە لەمە، دیتنی سروشتی جۆراوجۆری کوردستان و ئەو ناوچانەی سەردانی کردوون، ئەمانە گشتیان هەوێنی بۆهاتنی ئەو بەندانە بوون کە لە گۆرانییەکانیدا بەوپەڕی سەلیقە و جوانییەوە جێگەی کردوونەتەوە و هەمیشە دەق پێگەی تایبەت بە خۆیی هەیە لە ئاواز و گۆرانییەکانیدا.

[17]- ئەحمەد سالار، ژیمۆ شەماڵ صائیب: شەماڵ سائیب، ژیان و هونەر، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٦.

کوردی. لەبەر ئەوەی کە خۆی (شایەر) بوو، شیعری گونجاوی بۆ دادەنا و بە مۆرکێکی کوردی دەیچڕی.

بلیمەتییەکی تری حەسەن لەوەدا بوو کە توانای لەبەرکردنی هۆنراوەی زۆر بووە و وەک بەهرەیەک ئەوەی تیادا بووە. کەسێک تەنها جارێک هۆنراوەیەکی بۆ خوێندبێتەوە و بە دڵ گوێی گرتبێت، ڕاستەوخۆ هۆنراوەکەی لەبەر کردووە، بۆیە هۆنراوەی زۆرێک لە شاعیرانی کردووەتە گۆرانی.[١٨]

**چوارەم**: لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا کەی ویستبێتی یان نا، کەی داوای وتنی گۆرانییان لێ کردبێت، دڵی کەسی نەشکاندووە و بەبێ ماندووبوون گۆرانیی وتووە. ئەمەش بۆ خۆی ڕاهێنانێکی دەنگیی باشە و سوودی لەم ئەزموونانە بینیوە. ئەمەش بووە بە پاشخانێکی گرنگ بۆ دەنگ و سەدای و لەمەشەوە چیی ویستبێت و چ بابەتێکی ویستبێت، بە ئاسانی لە ڕێی ئاوازەکانەوە وێنای کردووە، بە تایبەت گۆرانیی عاشقانە.

**پێنجەم**: ئەگەر لە ڕووی زانستییەوە لە دەنگی ئەم کەڵەهونەرمەندەی گەلەکەمان ورد ببینەوە، هەندێک تەکنیکی هونەری زانستی لە دەنگیدا بەدی دەکەین، لەوانە (پیانۆ و فۆرتی کریشاندۆ و دیمیناندۆ). هەروەها لە دەنگیدا لە کاتی وتنی گۆرانیدا فیبراتۆیەکی شیرین و جوان دەبینین، جگە لە وردکردنەوەی دەنگەکان کە بە زمانی زانستی تیۆری مۆسیقا بە ترێل و ئەپاجوتاریۆ و چەندین زەخرەفەی تر بە دەنگە سادەکان دەکات و بە چەند جۆرێک ئاوازەکە دەدات بە گوێماندا. هەریەکە لەو تەکنیکانە لە زانستی جوانکاریی مۆسیقادا پێگەی خۆیان هەیە و هۆکارێک و فاکتەرێکن بۆ دروستکردنی هەستی جوانی لای بیسەر و گوێگران.

**شەشەم**: خاڵێکی تری جەوهەری لای دەنگ و سەدای ئەم هونەرمەندە نەمرە مەسەلەی (ڕۆحە) لە هەموو ئەو ستایلانەی کە گۆرانیی وتووە لەگەڵیاندا. حەسەن بەو توانایەی دەنگی کە هەیبووە، قسووریی نەکردووە و

---

[18]- لەوانە (ئەحمەد هەردی، فایەق بێکەس، هەژار موکریانی، ئەحمەد موختار جاف، سەید کامیلی ئیمامی، بێخود، وەفایی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، نالی، گۆران). هەروەها بە زمانی کرمانجی و فارسی و تورکی و ئازەری و عەرەبییش گۆرانیی وتووە. سەرچاوە: ئارام شەمێرانی: حەسەن زیرەک ٣٩ساڵە... هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەوپەڕی جوانییەوە بە ڕۆح گۆرانیی چڕیوە. غیابی ڕۆح نابینی، ئەمەش لە ڕووی فەلسەفەی جوانیناسییەوە پێگەیەکی تایبەت بە خۆیی هەیە و ئەوەتا سۆزان لانجەری خانمە فەیلەسوفی فەڕەنسی دەڵێت: "ئەو کارە هونەرییە جوانە کە ڕۆحی تیادا باڵایە." لەم بارەیەوە حەسەن زیرەک باڵایە و بێوێنەیە و هەمیشە لە کارەکانیدا ڕۆحی خۆی پێشکەش کردووین. ئەگینا هەروا ئاسان نییە ئەم هەموو گوێگرە بە ئێستاشەوە حەیران و سەرسامی ئەم دەنگەین و زیاترین پانتایی لە گۆرانیی کوردیدا داگیر کردووە.

**حەوتەم**: سیمایەکی تری حەسەن زیرەک ئەوەیە کە دەنگی لەگەڵ هەموو ئەو گرووپ و کۆڕانەدا کە بەشداریی لەگەڵ کردوون، گونجاندووە، واتە لەگەڵ (ڕادیۆکان هەر لە ڕادیۆی کوردیی بەغداد و کەرکوک و ڕادیۆی تاران و ڕادیۆی کرماشان، یان دانیشتنەکانی مەجلیسی و کارەکانی لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی یاخود بە تەنهاش) گۆرانیی چڕیوە و کاری خۆیی کردووە. بە دەگمەن دەبینین هەڵەیەک بکات یاخود لە ڕیتم دەربچێت یان نەشازێک بکات.

**هەشتەم**: ئەگەر سەیری ئاوازەکانی بکەین، دەبینین لە خۆوە ئاوازی بۆ وشەی هۆنراوەکان دانەناوە، بەڵکو بەوپەڕی سەلیقەوە ئاوازی بە بەرگی هۆنراوەکان بڕیوە. سەیری گۆرانیی (باوانەکەی بابم) بکە، زۆر بە ڕوونی لەم گۆرانییە شادەیدا هەست بە کەشوهەوای بەهاری سەوز و جوانیی کوردستان و سەیرانکردن دەکەیت. کە وشەکانی ببیستیت، باس لە بەهار و جوانیی ئەم وەرزە دەکات لە کوردستان. هەست دەکەم زۆر جار لە پشتی گۆرانییەکانەوە باکگراوندێک یان چیرۆکێک هەیە، بۆیە هەست دەکەیت یەکانگیرییەک لە نێوان دەق و ئاوازەکاندا هەیە و بێسەروبەرە نین؛ بۆ نموونە سەرگوزشتەیەک لەسەر گۆرانیی (سەبری دەڵێ من شوو ناکەم) هەیە:

"کاتی خۆی لە سلێمانی سەبری ناوێک هەبووە، هەتا بڵێی جوان و قەشەنگ بووە. کاری (سستەر، برینپێچ) بووە. حەسەن زیرەک کە چاوی پێی دەکەوێت، بە هۆی چەند کەسێکەوە لە ژیانی دەکۆڵێتەوە و بۆی دەردەکەوێت کە ئەم سەبرییە بڕیاری داوە شوو نەکات، تەنها برایەکی هەیە سوێندی بە سەری ئەو تاقە برایەی خواردووە.

زیرەکیش ئەم گۆرانییەی بەسەردا هەڵئەدا کە یەکێک لە کۆپلەکانی دەڵێت: سەبری ئەڵێ من شوو ناکەم بە سەری تاقە براکەم."[١٩]

نۆیەم: هەڵبژاردنی پەیژە و مەقامی ئاوازەکان هەمەڕەنگن و زیاتر ئەو پەیژانەی بەکار هێناوە کە نزیکن لە و پەیژانەی لە گۆرانیی فۆلکلۆریدا بەکار هاتوون و پەیژە و مەقامی ئاواز و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی کوردستانن.

**دەیەم**: سیمایەکی دیاری تری حەسەن زیرەک ئەوەیە کە زۆر وەستایانە توانیویەتی ئاوازی بێگانە بکوردێنێت؛ بۆ نموونە، ئەگەر ئاوازێکی ئەرمەنی یان عەرەبی یان فارسی یان تورکی یان ئازەری لە مێشکیدا بووبێت، زۆر بە جوانی بە سەلیقە جوانەکەی ئاوازەکەی گۆڕیوە و هۆنراوەی بۆ ئامادە کردووە و مۆرکی کوردی کردووە بە بەری ئاوازەکەدا کە زۆر کەم کەس هەیە بتوانێ ئەمە بکات. بەڵکو بە داخەوە، ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت، پێچەوانەکەی ڕاستە، هەندێک بەناو گۆرانیبێژی کوردمان هەن ئاوازێک دادەنێن تەسلیمی ستودیۆکانی تورکیا و وڵاتانی تری دەکەن تا ئاوازەکە بە تایبەت مۆرکی تورکی یان عەرەبی یان فارسیی بە بەردا بکەن کە ئەمە بۆ خۆی تاوانە. جگە لەمە، ئەگەر وردتر سەرنج بدەین، تەنانەت لە هەندێک لە گۆرانییەکاندا کە بەند یان دەقەکە بە زمانی فارسی یاخود تورکی دەڵێت، لەوانەشدا نەیهێشتووە مۆرکی فارسی یان تورکی بەکار بهێنێت. کەواتە حەسەن زیرەک خاوەن ستایل و شێوازی خۆیەتی و بەس، بۆ نموونە گوێ لە گۆرانیی (زارا) بگرە لە ماڵی حاجی برایمی چەرمەگا لە ساتی مەقامەکەدا، بزانە چۆنە، یان گۆرانیی (وەک قومری سەر باڵم شینە). ئەم ئاوازە لەسەر مەقامی سەبایە، بەڵام ئەم هەر سەباکەی نەوتووە، بەڵکو ئیستیقراری لەسەر دەنگی دوای بنچینەیە (بۆ نموونە ئەگەر سەبای (لا) بێت، سرەوتنی لەسەر دەنگی سۆڵە، یان ئەگەر سەبای (ڕێ) بێت، سرەوتنی لەسەر (دۆیە). جگە لەمە، زۆر جوان هەست ناکەین کە ئەم گۆرانییە بۆنوبەرامی عەرەبیی پێوەیە، چونکە وەک باوە، سەبا پەیژەیەکە بە زەحمەت دەتوانیت لە مۆرکە عەرەبییەکەی دەرباز ببیت. بەم پەیژەیش، لە کاتێکدا کە لەسەر ئەم دەنگانە سەباکە بسرەوێت، دەوترێ مەقامی (ناز).

---

[19]– سەرچاوە: یاداشتی تایبەتی هونەرمەند عومەری کەریم ئاغا ٢٠١٧/٧/١٠

یان گۆرانیی (ئۆخەی ئۆخەی لەو باڵایە) لە سلێمانی تۆمار کراوە کە لە بنەڕەتدا ئاوازەکە ئاوازێکی ئەرمەنییە و لە خوارەوە لە زاری مامۆستا ئةنوةر قةرةداغییةوة چیرۆکەکەی هاتووە.[20]

هەروەها هەردوو گۆرانیی (دەسماڵ حەریرن و ئای لاچن) ئاوازەکانیان ئەرمەنییە و حەسەن بەوپەڕی سەلیقەوە کورداندوونی. شایەنی باسە ئەم دوو گۆرانییە لە شاری سلێمانی لە ماڵی (مەحمودی تۆفیق شلک) تۆمار کراوە و بە (حەسەن زیرەک، نۆ گۆرانی) ناوزەند کراوە.

## ٤- گۆرانیی مەجلیسی لە شاری سلێمانی

ئەگەر پرسیار بکەین بڵێین ئەم دانیشتنانە بۆ؟

دیارە وەڵامی ئەمە هەر وا ئاسان نییە، بەڵام ئەوەی کە خۆی دەسەپێنێت،

---

[20]– لە ئاهەنگێکدا لە ماڵی مەحمودی تۆفیق شلك .کاتێ گوێبیستی دەنگی حەسەن زیرەك بوین هەستمان کرد زۆر ماندووەو پێدەچوو پێشتر زۆر گۆرانیان پێ ووتبێت بۆیە دوای تۆمارکردنی هەندێ لە گۆرانییەکان پێمانووت کاك حەسەن زەحمەت نەبێ تۆ برۆ ئیسراحەتێك بکە ئێمە بۆ خۆمان پارچە مۆسیقایەك تۆماردەکەین ، ئێمە زۆرمان حەز لە لێدانی مۆسیقا و پرۆڤە بوو نەماندەزانی هیلاکبوون چییە .کۆمەڵێك گەنج بووین راهێنانمان لە پارچە مۆسیقایەکی ئەرمەنیدا کرد تا تۆماری بکەین ئەوەندەمان لێدابۆوە لەبەرمان کردبو، تەنانەت گۆرانکاریی پەیژەکانیش، چونکە شتێکی تیادابوو دەگۆڕا بۆ بەیات ئەوەشمان لەبەرکردبوو، وەکو مادەیەکی مۆسیقا لەبەرمان بوو ریتمەکەشی شەش هەشت بوو لەسەر مەقامی حیجاز بوو، دوایش دەگۆڕا بۆ بەیات مۆرکی ئاوازەکەش کوردی شێوە دەهاتە گوێمان لەبەر ئەوە بڕیاری ئەوەمان دا وتمان هەتا کاك حەسەن ئیسراحەتەکەی دەکات ئێمە پرۆڤەی تیادا دەکەین و تۆماریشی دەکەین وەکو بەرهەمێکی مۆسیقا ئامێز، چەند جارێك ئاوازە ئەرمەنییەکەمان ژەندەوە ئەمە تومەزە کاك حەسەن گوێی لێگرتوە و شتێك دروست بوە لای، بۆیە هاتەوە لای ئێمە و وتی جارێکی تر ئەو مۆسیقایە بژەننەوە و دووبارەی بکەنەوە لە ڕاستیدا ئێمە نەماندەزانی بۆ چییە و مەبەستی چییە لەمە؟

دوای جارێك یەکسەر وتی ئادەی کاك ئەحمەد (زەبتەکان، تەسجیلەکان) ئامادەبکەن و حازرکەن، کاتێکمان زانی ئەو ئاوازە ئەرمەنیەی کرد بە گۆرانییەکی کوردی تەواو، هەتا وشەیەکی بۆ نەدەهات لەو شوێنەی کە دە لێت: شەو ڕۆژ شەو رۆژ) راستەوخۆ ئەم کردی بە (شەو ڕۆژ لەیلو نەهار) ئەوەشی بۆ زیادکرد زیرەکی و بلیمەتی ئەم پیاوە لەم جۆرە شتانەدا بوو، کە بە هیچ شێوەیەك پەکی نەدەکەوت بۆ وشە .سەرچاوە :عادل محەمەد کەریم :دیداری تایبەت لە گەڵ هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی.

ئەوەیە کە ئەمە لە خۆیەوە دروست نەبووە، بەڵکو من وای دەبینم کە پێویستییەکی بابەتییانە هۆکاری دروستبوونی ئەم ئاهەنگ و دانیشتنانەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجا و کۆتایی شەستەکان، ئەوە شۆڕشێکی نوێ لە بواری ڕاگەیاندندا دەبینین، لەوانە داهێنانی ڕادیۆ و بەدوایدا ئامێری پەخشی فیلمی سینەما، دواییش تەلەفزیۆن. ئەمانە هەمووی مەعریفەی نوێ بوون بۆ خەڵک، وای لە خەڵک کرد کە بیری بجووڵێت و لەو سنووربەندییەی پێشوو دەربچێت، دەچووە سینەما ئەکتەر و گۆرانیبێژی بەتوانا و تیپی مۆسیقای گەورەی دەبینی لە هۆڵی زۆر گەورەدا نمایشیان دەکرد. ئەم جۆرە نمایش و هۆڵانە بە خەونیش نەبینراون، گوێی لە ڕادیۆ دەبوو، بە تایبەت لە عێراق و ڕادیۆی کرماشان زۆر شتی نوێی دەبیست، سەرەڕای بوونی هەندێک فیلمی سینەمایی کە تیایدا باسی لە ژیانی میللەتان و ڕزگاربوونی نەتەوەکان کردووە، هەروەها مافی تاک لە هەندێک فیلمدا و هەندێک سەربەستیی تایبەت بە مرۆڤەکان بە هەردوو ڕەگەزەوە. بۆ پڕکردنەوەی ئەم لایەنە هەستبزوێنە هەستیارانە کە لە نەستی مرۆڤ و تاکی کوردی ئەو کاتەدا تۆمار بوون، ئەمانە مەبەستم ئەم کەموکورتییانە وەک بابەت هەموویان لە مێشکی تاکی کورددا هاتووە و چووە بۆ پڕکردنەوەی هەموو ئەو شتانە سەیر دەکەین بۆ بەتاڵکردنەوەی خۆیان و بۆ بەسەربردنی کاتوساتێکی خۆش هەموو ڕابواردنەکە هاتووەتە سەر ئەوەی کە گۆرانیبێژێک و چەند ژەنیارێک لەگەڵ هاوڕێیان و خزمان و خۆشەویستانیاندا کۆ بکرێنەوە و نانێکی باش ئامادە بکەن و لەگەڵیدا بەو شێوە سادەیە گۆرانیبێژەکان کە هەندێک جار بەبێ ئامێری مۆزیکیش ئاهەنگیان بۆ بگێڕێت و مەجلیسیان بۆ گەرم بکەن. دیارە ئەم مەجلیس و ئاهەنگانە تەنها بۆ ڕێژەیەکی کەمی هاووڵاتیان بووە لە دانیشتوانی شارەکانی کوردستان، هەموو کەس ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساوە و شانسی ئەوەی نەبووە تا بەشداریی ئەو ئاهەنگە تایبەتانە بکەن، کەواتە وەک بابەت کە بوونی گۆرانی و مۆزیک بە واتا فەلسەفییەکەی لە هەموو کاتوساتێکدا ئەم هونەرە هەوێنی ئارامبوونەوەی ڕۆح و دڵەکانە و مۆسیقا و گۆرانی لە نەستمان بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، بەرەو جیهانی ئەودیومان دەبات. مەبەستم ئەو خەیاڵە ئەفسوناوییەیە کە هیچ

لێکدانەوەیەکی ڕەهای نییە، خۆشمان نازانین کاریگەرییەکانی چۆن و بە چ شێوەیەکە؟

ئەوەتا هالە محبوب لە کتێبی (جماليات عبر العصور)[٢١]دا دەڵێت: "ئەو بۆنانەی کە مۆسیقایان تیادا بەکار دێت، هەمەڕەنگ و جۆراوجۆرن. بۆ هەر بۆنەیەک مۆسیقایەکی تایبەت هەیە کە شێوازەکەی جیایە لە مۆسیقای بۆنەیەکی تر، بۆ نموونە، لە کاتوساتی جەنگدا مۆسیقایەک هەیە کە دەروونمان دەهەژێنێت و هانمان دەدات بۆ قارەمانێتی و حەماسەت، لە نەخۆشخانەکاندا مۆسیقایەکی تایبەتمان گەرەکە کە بۆ چارەسەری نەخۆشەکان و هێورکردنەوەی دەمارە گرژەکانی نەخۆش بگونجێت. لە پرسە و بەڕێکردنی تەرمی ئازیزانیشدا مۆسیقای تایبەت و خەماویمان هەیە. لە بۆنە و ساتە خۆشەکانیشدا مۆسیقایەک هەیە کە ئاسوودە و دڵخۆشمان دەکات."

لەمێژە لە ناو کوردەواریدا وشەی (مەجلیس) لە دانیشتنی گەرموگوڕی کۆشک و دیوەخانەکاندا بەکار براوە و ئاماژە بووە بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی گەرمی ناو دیوەخانی ئاغاو پیاوماقوڵان و گەورەپیاوانی گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستان، کە تیایدا شاعیر و ئەدیب و هونەرمەندان پێگەی خۆیان هەبووە و چالاکیی خۆیانیان تیادا بەرجەستە کردووە؛ ئەوەتا کە باس لە حەیران دەکرێت وەک فۆرمێکی تایبەت و دیاری گۆرانیی کوردی، ڕاستەوخۆ ئاماژە بە دوو جۆر لە حەیران دەکرێ: یەکەمیان حەیرانی چیای هەوایی، دووەمیان حەیرانی مەجلیسی یاخود دەوترێت حەیرانی کۆچک و دیوان.[٢٢] جۆری یەکەمیان، واتە کاتێک حەیرانبێژ لەوپەڕی ئازادیی خۆی و لە هەوای خۆیدا لە سروشتی دڵڕفێنی تایبەت بە سنووری جوگرافیی حەیران بەبێ سنووربەندی و بەربەست حەیران دەچڕێت. هەرچی جۆری دووەمیشە، حەیرانی مەجلیسی، واتە ئەو حەیرانەی لە سنووری کۆچک و دیوەخانەکاندا

---

[21]- هاله محبوب: جماليات فن الموسيقى عبر العصور، ط ١، الاسكندرية، ٢٠٠٧.

[22]- حەیران : جۆرێکە لە گۆرانییە ڕەسەنەکانی کوردی کە ئاواز و نەغمەیەکی تایبەتی هەیە و سەرهەڵدانی لە ناوچەی کەندیناوە و قەرەچوغ و دەشتی هەولێرە و سنووری جوگرافیا دەبڕێت بەرەو ڕۆژئاوای زابی گەورە، بە تایبەت بادینان کە لە دهۆک و دەوروبەری دەبێتە حەیرانۆک. سەرچاوە: د. شوکریە ڕەسوڵ: ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، دەزگای موزیک و کەلەپوری کورد، هەولێر ٢٠٠٨، لا ١١٠.

دەچڕێت و لێرەدا هەندێک سنووربەندی هەن کە دەبێت حەیرانبێژ لە کاتی چڕیندا ئاگاداریان بێت. لەوانە دەبێت بە دەنگێکی نزم حەیرانەکە بچڕێت و نابێت بە ئارەزووی خۆی دەنگی لێ هەڵببڕێت، دەبێت ئاگای لە دەق بێت و هەموو شتێک نەڵێت! ئەمە هۆکاری تایبەت بە خۆیی هەیە..

بەڵام گۆرانی و دانیشتنەکانی ناو شار و بە تایبەت ئەوانەی شاری سلێمانی و زۆر تایبەتتر مەجلیسی ئاهەنگەکانی حەسەن زیرەک خۆی لە چ جۆرێکیاندا دەبینێتەوە؟ ئایا لە شاردا دیوەخان بوونی هەبووە یان تەنها ماڵی کەسایەتییە ئاساییەکانی شار بوون، واتە سەرۆک خێزان ڕۆڵی ئاغا و کوێخایەکی خۆشەویست و بەڕەحم و بەبەزەیی دیوە و ویستوویەتی لە ڕێی سازکردنی ئەم کۆڕەیەوە بەبێ مەرام دڵی ئامادەبوانی خۆش بکات و خەم و حەسرەت و هەناسەساردییان بڕەوێنێتەوە، یاخود بۆ بەدیهاتنی ئاواتێکی تایبەت بە شایستەیان زانیوە بۆ گوزارشتکردن لەو بۆنە تایبەتە ئاهەنگێک ساز بکەن. ئەمەش لایەنێکی مەعریفیی بەرزی مرۆڤە.

زۆر جار بۆنەی ژنهێنان یان لەدایکبوونی کۆرپەیەک یاخود خۆشەویستییان بۆ دەنگی هونەرمەندێک یاخود لایەنی مەعنەویی حەز و ئارەزوو بۆ گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا هۆکاری کۆبوونەوە و دروستبوونی ئەم مەجلیسانە بوون، دیارە کۆمەڵێک ئامادەکاری کراوە بۆ بەستنی ئەم مەجلیسانە، لەوانە:

**یەکەم**: بانگهێشتکردنی گۆرانیبێژان و ژەنیاران.

**دووەم**: زۆربەی جار ئەو کەسانەیان بانگهێشت کردووە کە ئامرازی تۆمارکردنیان هەبووە تا ئاهەنگەکە تۆمار بکەن.

**سێیەم**: ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوەیەکی شیاو بۆ داوەتەکە.

**چوارەم**: بانگهێشتکردنی هاوڕێیان و خزمان ودۆستانی نزیک لە سەرۆک خێزان.

زۆر جار ڕێککەوتووە ئاهەنگەکە تەنها شەوێک نەبووە، بەڵکو دوو شەو یان زیاتری خایاندووە. واتە شەوی یەکەم تا ماندوو بوون، بەردەوام بوون لە گۆرانیوتن و قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ، دوایی وتوویانە ئەم ئاهەنگە دەهێنێت، با شەوێکی تریشی لەسەر بێت، بە تایبەت ئەگەر خاوەن ماڵ و

خاوەن بانگهێشتەکە خۆی ویستبێتی و ئامادەیی تیادا بووبێت لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەوەی کە لەم ئاهەنگانەدا جێگەی سەرنجە، ئەوەیە زۆربەی ئاهەنگەکان تەنها بۆ پیاوان نەبووە، بەڵکو دەنگی کچان و ژنان و منداڵانیش دەبیستین و ئەمانیش بێبەش نەکراون و زۆر جار ئەگەر بە ئاشکراش نەبووبێت، لە ژێر لێوەوە وەکو کۆرس بەندی گۆرانییەکان سەنراونەتەوە و لە ساتی ئاهەنگەکاندا زۆرێک لە ئامادەبوان لە گەورەترین ژووری ئەوماڵەدا بەرامبەر گۆرانیبێژ و ژەنیاران دانیشتوون و گوێبیستی ئاهەنگەکە بوون. بەڵام داخەکەم، بریا لەو ساتانەدا کامێرای ڤیدیۆ هەبوایە هاوشێوەی تۆمارکردنەکە یان هەر نەبێت چەند فۆتۆیەکی کاتی ئاهەنگەکان ببوونایە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی کەشوهەوای ئەم دانیشتنانە.

هەندێک لەم دانیشتنانە پارەیەکی باشیان تێچووە، باس لە خەرجیی چەند دانیشتنێک دەکەن کە نزیکەی ١٠٠ دیناری تێچووە. ئەمە بۆ خۆی لێکدانەوەی هەمەلایەنە هەڵدەگرێت.

کاتێک کە هەگبەی مرۆڤی کورد لێوانلێو بێت لە حەسرەت و خەمی نیشتیمان و بێکیانی و هەستکردن بە جەور و ستەم، لەگەڵ پێشکەوتنی بواری ڕاگەیاندنیش کەم تا زۆر ئاشنابوونی بە دونیاییەکی جیاوازتر لەوەی کە ئەمی تیادا دەگوزەرێ، دووبارە تاکی کورد خۆی لە بەردەم چەندین بەربەستدا دەبینێتەوە بۆ بەدیهاتنی خەون و خەیاڵ و خولیاکانی. کەواتە بۆ بەتاڵکردنەوەی ناخی و هەناسەدانێک و ئۆخەیەک، بۆچی گۆرانی و مۆسیقای دانیشتنەکانی (مەجلیسی) لە لا پێویستییەکی بابەتی نەبێت.

ئێستا با بێین بزانین پێکهاتی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک کە کرۆکی بابەتەکەمانە، چۆن و بە چ شێوەیەکن.

### ٥- سیما و پێکهاتی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک لە ئاهەنگەکانی شاری سلێمانی:

بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر سیما و پێکهاتی گۆرانییەکانی هونەرمەند، تویژەر پەنای بردووەتە بەر ئەو کاسێتانەی لە ئاهەنگ و دانیشتنەکانی شاری سلێمانی بۆ حەسەن زیرەک تۆمار کراون. سەرەتاش بۆ وەرگرتنی زانیاریی دروست پەنای بردووەتە لای ئەو کەسانەی کە لە هونەرمەندەوە نزیک بوون، بە تایبەت هونەرمەندەکان و هەندێک کەسایەتیی ناسراوی شار، هەروەها تۆمارگەی خەیام، بە تایبەت کاک کاوەی حاجی محەمەدی سەعید و کاک کامەرانی حاجی سەعید[٢٣] و چەند کەسایەتییەکی تر. دوایش هەستاوە بە بەتاڵکردنەوەی کاسێتەکان و زانیاریی لەسەر ئەم لایەنانە وەرگرتووە:

**یەکەم: ناوی ئەو شوێن و ماڵانەی کە ئاهەنگەکانیان تیادا تۆمار کراوە.**

لێرەدا توێژەر بەپێی توانا هەوڵی داوە زانیاری لەسەر ئامادەبوانی ئاهەنگەکان کۆ بکاتەوە و هەروەها لەسەر ماڵی ئەو خێزانانەی کە ئاهەنگەکانیان تیادا ئەنجام دراوە.

---

[23]- ئەم بنەماڵە بەڕێزە لە ڕێکەوتی ١٩٦٨/٤/٢٤ تۆمارگەی خەیامیان لە سلێمانی داناوە، هەر لە سەرەتای کردنەوەی تۆمارگەکەوە لەو شوێنەی ئێستای بووە، واتە هەر لە مەزادخانەکەی سلێمانی. ئەو گۆرانیبێژانەی کە تۆمارکردنیان بۆ ئەنجام داون، ئەمانەن: (ئەحمەد شەماڵ، محەمەد جەزا، عوسمانی خاڵە حسە، کەریم خەمزەیی، عوسمان بۆکانی...) ئەو ئامرازانەی بەکاریان هێناون بۆ تۆمارکردن، ئەمانە بوون: گروندیک، T .K ٢٠,٣٠,٣٥,٤٦

ئەو کەسانەی کە لە پێش ئێمەوە ئەم کارەیان کردووە لە سلێمانی، ئەم بەڕێزانە بوون: (جەلالی حاجی ڕەشید، ئەحمەدی قەساب، کەریم باقی، ئەمینی دەڕابەچی، هونەرمەند مەحموودی تۆفیق شلک).

کاوەی محەمەدی حاجی سەعیدیش لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٢ لە سلێمانی و دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی، بەشی ئەلکترۆنییە و لە ساڵی ١٩٩٢ەوە لە تۆمارگەی خەیام کار دەکات و لە ساڵی ٢٠١١وە بە تەنها خۆی تۆمارگەکە بەڕێوە دەبات و ڕۆژانە هەوادارانی هونەری میلی و هەوادارانی گۆرانی و مۆسیقا ڕوو دەکەنە ئەم تۆمارگەیە و باسوخواسی هونەر و سەرگوزەشتەی هونەرمەندان تیایدا گەرمە، بەردەوام گفتوگۆ لەسەر توانای هونەرمەندان و چۆنێتیی بەشداریکردنیان لە ئاهەنگەکانی ماڵان دەکرێت و بەرهەمی ئاهەنگی گۆرانیبێژە میللییەکان زیاتر لەم تۆمارگەیە بڵاو دەکرێنەوە. لەبەر ئەوە زانیاریی دروست لەسەر ئاهەنگەکان لێرە دەستدەکەون.

**دووەم: ژەنیارانی بەشداربووی ئاهەنگەکان و ناوی دەنگساز، واتە تۆمارکەر.**

**سێیەم: نووسینەوەی دەق و نۆتەی گۆرانییەکان.**

لێرەدا بە پێویستم زانی دەقەکە وەک هۆنراوە نەنووسرێتەوە، بەڵکو ئەوەی کە دەبێژرێت، وەک گۆرانی ئەوە بنووسمەوە، بۆ نموونە لە هۆنراوەکاندا (ئای، وەی، های) لە سەرەتای هۆنراوەکاندا نییە، بەلاّم من بە پێویستم زانی ئەوانەش بنووسمەوە، چونکە گۆرانیبێژ ئەو سەربەندانەی کە دەیانڵێت، لەسەر تۆن و ئاوازێکی دیاریکراو دەیانڵێت، بۆیە بە پێویستم زانی بیاننووسمەوە، ئەمەش لە گۆرانیدا گرنگیی خۆیی هەیە، لەوانەش، جوانکارییەکی ترە و گۆرانیبێژێک وریا نەبێت و بەتوانا نەبێت، ناتوانێ ئەم سەرەتایانە بخاتە سەر سەربەندی بەستەی ئاوازی گۆرانییەکان.

**چوارەم: دەستنیشانکردنی پەیژەی بنەڕەتیی بەستەکان.**

ئەمە لە زانستی تیۆری مۆسیقای ڕۆژهەلاّتیدا زۆر ئاڵۆزە و کارێکی ئاسان نییە. دیارە بەپێی زانستی تیۆری جیهانی کە دەڵێت پەیژە، پەیژەی مۆسیقا (Scales) لە حەوت دەنگی یەک لەدوای یەک پێک دێ، چ بە سەرکەوتن و چ بە دابەزین لەگەڵ دووپاتکردنەوەی دەنگی یەکەم لە کۆتاییدا. بەلاّم لەبەر چەند هۆکارێک ئەم یاسایە لە تیۆری ڕۆژهەلاّتیدا جیاوازە (زۆربەی جار میانەی تەواوی گۆرانییەک لای ئێمە لە چوار تۆن تێناپەڕێت، واتە لە چواریلەیەک (تیتراکۆردێک) زیاتر نییە. کەواتە پەیژەی چییە ئەگەر پەیژە هەشت دەنگ یان هەشت تۆن بێت، دوای ئەوە ساغنەبوونەوەی هەندێک چواریلە لە ئاوازەکان، ئەمانە هەموویان گرفتن لە بەردەم لێکۆڵەرانی مۆسیقا و گۆرانیی ڕۆژهەلاّت بە گشتی و بە تایبەت لێکۆڵینەوە لە مۆسیقا و گۆرانیی کورد. بۆیە زۆر جار بە ناچاری بۆ ئەوەی تووشی کەمترین هەڵە ببم، پەنام بردووەتە بەر مۆزیسیانانی هاوڕێم کە لەم بوارەدا گەلێک لە من شارەزاترن.

**پێنجەم: میانەی گۆرانی (ئاوازی بەستەکان)**

لێرەدا مەبەستمانە پانتایی ئاوازی گۆرانییەکە دیاری بکەین، ئەویش لە ڕێی یەکەم تۆنی خوارەوە لەگەڵ بەرزترین تۆن لە ئاوازەکە تا بزانین بە گشتی لە کام میانەدایە، بۆ نموونە، ئەگەر ئاوازێک بە دەنگی (دۆی یەکەم دەست پێ بکات و سەرجەم برگەی گۆرانییەکە تا سۆلّی یەکەم بڕوات)، ئەوە میانەی گۆرانییەکە بە پێنجی دەستنیشان دەکرێت، واتە پانتایی ئاوازەکە لەو پێنج تۆنەدایە.

**شەشەم: کێشی (ڕیتم)ی بەستەی گۆرانییەکان.**

دیارە ئەمە زۆر گران نییە، ئەوەی لە بواری مۆسیقادا کاری کردبێت و کەمێک شارەزایی لە ڕیتم و کێشە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەبێت، بە ئاسانی ئەمەی بۆ جیا دەکرێتەوە، چونکە بە گشتی کێشی بەستەی گۆرانییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت و لە سەرەتا بۆ کۆتا یەک جۆر کێشن.

**حەوتەم: خێرایی (کێش) ڕیتمی گۆرانییەکان:**

بۆ دیاریکردنی خێرایی سوودم لە ئامێری میترۆنۆم بینیوە، بەڵام ئەمە گرفت بووە، لەبەر ئەوەی ئەم گۆرانییانە لە ستودیۆدا تۆمار نەکراون تا پێشتر بەرنامەیەکی دیاری ڕیتمیان بۆ داڕێژرابێت. لەبەر ئەوە، لە زۆربەی زۆری گۆرانییەکاندا خێرایی جێگیر نییە و تەنانەت زۆر جار کۆپلەی سەرەتای مۆسیقا و پێشەکیی گۆرانی جۆرە ڕیتمێک بووە و دەستپێکی گۆرانیبێژ خێراییەکی تر بووە. زۆر جاریش ئەمە بووە بە هۆی وەستانی گۆرانییەکە یان لە کۆپلەیەکەوە بۆ کۆپلەیەکی تر گۆرانییەکان خێراتر بوون، یان بە پێچەوانەوە، ئەوەی کە کراوە، زیاتر لەسەر دەنگی گۆرانیبێژ و کۆپلەی یەکەم خێرایی دەستنیشان کراوە بە پێوەری ئامێری میترۆنۆم لەگەڵ ئامێری تەسجیل.

لە خوارەوە زانیاری لەسەر یەکەیەکەی ئەو ئاهەنگانە و گۆرانییەکان بە (دەق و نۆتە و شیکردنەوەوە) دەخەینە ڕوو:

## ئاهەنگی یەکەم:
## حەسەن زیرەك لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەلەوی، ١٩٥٦

ساحەی دواناوەندیی سلێمانی، ساڵی ١٩٥٦، نوری وەشتی تۆماری کردووە.

ژەنیارەکان: (مامۆستا قادر دیلان، ولیەم یوحەنا، هادی عەمبەر، سەردار ڕەمزی فەتاح، حاتەمە ڕەش، نەجاتی عەبدە...) ئەم ئاهەنگە وێنەی هەیە و لە وێنەکەدا (قادر دیلان) دیارە. ئامێرەکان بریتین لە کەمانچە و عود و تەپڵ و دەفسنجان.

**١- گۆرانی زارا**


لە نێو سابڵاغدا بورجێک دیارە
ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا
بەقەد ئەو بورجە غەم لە دڵم بارە
ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا
ڕەنگزەرد و زەعیف لێوم بەبارە
ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا
یار نامدوێنێ هەناسەم سوارە
ئەی وەی زارا گیان لێم زیزە زارا
با بڕوات یارم بەو لەنجەولارە
سوبح و ئێوارە ماچ قەرزارە
شاهێدی بۆ بدەن لە بلەی خەسارە

* ئەم گۆرانییە تەواو نابێت.

زارا



*–میانەی گۆرانی



*–پەیژەی بەیات

**٢- گۆرانی بۆت مردم**

بۆت مردم ناسکە جوانێ     مەیلی جارانت کوانێ
لەسەر باڵای تۆیە گیان     لە ئێران بووم دەربەدەر

عاشقان وا هەموو جووت بوون     ئەمن و تۆ خاکمان بە سەر
ئێمەش بە موراد دەگەین پەنام     بەو سەیدی سەروەر
مەمکی چەپت وەک فینجان     ئەوی دیت هەر وەک گەوهەر
تیرێکت لە جەرگم دا     لە دڵم بووە کاریگەر
شەرتە من بتپەرستم     تاکو نێو ڕۆژی مەحشەر

چەند شاری عەزیم گەڕام     عێراق و ڕۆم و ئێران
نەمدی جوانێ وەکو تۆ     چاوباز و ئەبرۆقەیتان

بۆت مردم قادر دیلان
ماڵیان لە شاری ئێران
مەغزومم شاری کوردا

نەخۆشم بۆ توران گیان
ماڵیان لە مەهاباتە

نەخۆشم بۆ لێوئاڵێ
بە قوربانی یارم بێ
هەی بە قوربانی توران بێت


ئەمشەو من بووم بە میوان
چوار پارچە موڵکی سەیدان
هەموو شەریکەی دوکان

بۆت مردم ناسکە جوانێ
گرتم دوو ماچم لێ سەند
پێم گوت دەستم دەستۆکە
پێم گوت دەستم دەستۆکە
بە قوربانی باڵات بم

مەیلی جارانت کوانێ
لە ڕاستەی خیابانێ
پیر بووی ئەو مەکرەی دانێ
پیر بووی ئەو مەکرەی دانێ
قیتەی گوارە جۆلانێ




میانەی گۆرانی



پەیژەی هوزام

* مۆرکی مۆسیقای ئەم گۆرانییە تا ڕادەیەک عەرەبییە و لە نێوان کۆپلەکاندا خاوکردنەوە هەیە لە ناوەندی گۆرانیدا، لە کۆتاییشدا بڕین و وەستان هەیە و زۆر خراپ مۆنتاژ کراوە.

**٣- گۆرانی باخەوان:**

ئەرێ هەی سەعات لە هەشت و حەوت  گرتم چاوم پێی کەوت
وتم با زوڵفی ماچ کەم  عەتر حەفتاوحەوت


گرتم دوو ماچم لێ سەند  دایکی زانی ڕێم کەوت
وە خودا بەوە ڕەحمی کرد  سەرسمێکی دا و کەوت
گەر بهاتماو نەکەوتبما  سەد دارم پێ دەکەوت
غەمخوار و خوێنشیرینی  هەم شیرینی هەم شیرینی
خوێناو دێ لە برینم  یا ڕەبی بەخێر بێتەوە
یاری ڕەزاشیرینم

ئەرێ کەی دانیشین دووبەدوو  کەڵەگەت و خاڵ لە ڕوو
ئۆمەتی محەمەدم  بۆ تورە گیان دەبمە جوو
قوڕی دنیام وە سەر کەن  ڕۆیی لە دەستم دەرچوو
ئەرێ باخەوان گیان من غەریبم  ڕێگەی باخ لە کوێیە
عاشقی چاوی لێوئاڵم  هاوار لەم شارەدێیە

* زۆرێک لە وشەکانی هۆنراوەی گۆرانییەکە ئاشکرا نین،لەبەر بێ کەڵکی کوالیتی تۆمارکردن.




میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه

**٤- گۆرانی بەو بەو بەو**

ئاخ بەو بەو بەو بەو بەو خانمەکەی موسڵ
دوێنێ خونچە بووی کوێرا بووی بە گوڵ

هەر تەمێ لە سەر کێوێ ساکنە
ئەوە تەم نییە هەناسەی منە
ئاخ بەو بەو بەو بەو بەو خانمەکەی موسڵ
دوێنێ خونچە بووی کوێرا بووی بە گوڵ
پێت بنێ لە بانی جووتێ ڕیشەی دڵ

قورئانێ بێنە ئەرێ دەستی پێدا دە
لە تۆ زیاتر خانم مەیل بە کەس نادەم
بەو بەو بەو بەو بەو بەو خانمە خاسەکەم
پێت بنێ بە سەر دیدە ڕاستەکەم
لە دووریی باڵات بووم بە ڕەوازە
غەمبارت کردم چی بکەم زۆر بێئەندازە
بڕوات پێ ناکەم بەم ڕۆژی بێمەجازە
ئاخ دە وەرە دە وەرە خانمەکەی موسڵ
پێت بنێ لە سەر جووتێ ڕیشەی دڵ

ڕێگەکەم دوورە ئەرێ مەنزڵم کوێستانە
شەو بەسەردا دێ چ بکەم غەم لێم میوانە
عەشقی تورانم ئەی وەی ماڵ لە ئێرانە
هیچ لۆمەم مەکەن ئەی وەی ڕیشەی جەرگانە

ئاخ دە وەرە وەرا خانمەکەی موسڵ
دوێنێ خونچە بووی کوێڕا بووی بە گوڵ
دوێنێ خونچە بووی کوێڕا بووی بە گوڵ
ئێستایە چی بکەم ئەی وەی بۆ تۆزێ دەرمان
بیدەم بە بابی هاوار باوکەکەی توران
بیخوا نەمێنێ ئەی وەی بمرێ بێئیمان
با بەیەک بگەین توران دڵی هەردووکمان
ئاخ دە وەرە دە وەرە خانمەکەی موسڵ
دوینێ خونچە بووی کوێڕا بووی بە گوڵ
دوینێ خونچە بووی کوێڕا بووی بە گوڵ

* مەقام و خاوکردنەوە هەیە و لێرەشدا هەندێک لە وشەکانی هۆنراوەکان ئاشکرا نین.

بەو بەو




میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

٥- گۆرانی ئۆخەی گردەکەی یارە، بەڵام دەقی گۆرانییەکە جیایە. " تەنها ئیقاعێک، دەف".

٦- گۆرانی شیرینە و شیرین شەمامە

ئای یای

کەوای بەری هەوایە — زوڵفی هەوداهەودایە

جا ئەو دەردەی من دەکوژێ — لە بەر ئەو گولەیدایە

جووتێ چاوی بەڵەکە و — زوڵفی هەوداهەودایە

من ئەو ساعاتەم دەوێ — ناسکە بێتە ڕەزایە

شیرینە و شیرینێ شەمامە — شەمامەی چوار بستانی


شیرینە و شیرینێ شەمامە — شەمامەی چوار بستانی

بەژن ڕێکوپێک و جوانی — تۆ گوڵی کوردستانی

شیرینێ شەمامە



میانەی گۆرانی



پەیژەی چوارگاه (بەیات تورک)

**٧- گۆرانی چارۆکە**

ئای یای
ئەو چاوانەی هەڵیان دێنێ
بە کلە و دەرمان دەیڕەنگێنی
ڕۆژن نییە مردوویەکم نەمرێنی
چارۆکەی بۆ گرێ دەدەم
کۆڵوانەی بۆ گرێ دەدەم
وەی ئەگەر دایکت ڕازی بێت
دەستێ لە مەمکی دەدەم
وەڵا دەستێ لە مەمکی دەدەم

ئای یای
چاوت چرای سەحرای چینە
کوڵمەت گوڵی نێو پەرژینە
کەی ئەوە قەولە و ئەوە دینە
کۆڵوانەکەی کۆڵی تۆ
چارۆکەکەی کۆڵی تۆ
عەترم پێیە و بۆم هێناوی
بە دیاری دەیدەم بە تۆ
سوێندم خوردووە و ماچی دەکەم
نێوان مەمکۆڵانی تۆ

٨- گۆرانی بە یادم کە
هەروا دەڕوا میسلی تووتی
دەبمە لووتەوانەی لووتی
چیم گوتووە یارم تۆراوە
چیم گوتووە ئەو گوڵە ڕەنجاوە
بە یادم کە تۆ یادم کە

هەروا دەڕوا عەینی تووتی
خودا بمکەی بە هاوجووتی
یا ڕەب بمکەی بە هاوجووتی

بە ماچێکت دڵشادم کە

هەرچەند جارێ تۆ دەکەی یادم    به خەو دەتبینم دڵشادم
هەرچەند جارێک یادم دەکەی    دەردێ لە من ئاسان دەکەی

ئای یای های ...
عارەقی دەستی ئەسمەر بێ    ژەهری هەژدیهای حەوت سەر بێ
دەیخۆمەوە قەستەوسەر بێ    لەبەر چی یارم تۆراوە
دەیخۆمەوە قەستەسەر بێ    لەبەر چی ئەو گوڵە ڕەنجاوە

بە یادم کە تۆ یادم کە    بە ماچێکت دڵشادم کە
هەرچەند جارێ تۆ دەکەی یادم    بە خەو دەتبینم دڵشادم
هەرچەند جارێک یادم دەکەی    دەردێ لە من ئاسان دەکەی

عارەقی دەستی ئەسمەرناو    ژەهری هەژدیها بێت تەواو
دەیخۆمەوە میسلی گوڵاو    چیم گوتووە یارم ڕەنجاوە
دەیخۆمەوە هەروەک گوڵاو    چیم گوتووە لە من تۆراوە


بە یادم کە تۆ یادم کە    بە ماچێک دڵشادم کە
هەرچەند جارێک یادم دەکەی    دەردێ لە من ئاسان دەکەی
هەرچەند جارێک یادم دەکەی    برینانم سارێژ دەکەی

* لێرەدا دەنگی ئامێری تاری تیایە و ئەم تەسجیلە لە سلێمانی ناچێت. یەک خاوکردنەوەی تیایە و بە زمانی تورکی مەقامەکە دەڵێت.

**به یادم کە**



میانەی گۆرانییەکە



پەیژەی بەیات

**٩- گۆرانی مەستم**

گیانە دوو چاوی بازت چاوی بازت
بوون بە جەلادم بوون بە جەلادم
توخوا پێیان ئەمرکە دەی بفەرموو
نەدەن عەزابم نەدەن عەزابم

مەستم مەستم مەستم
عەشقی ئەبرۆی پەیوەستم

مەستم مەستم مەستم
شێتم بە خۆم ناوەستم


گیانم هەتا مەیلت بوو تۆ مەیلت بوو
بە مەیلم کردی بە مەیلم کردی

دە بڕۆ ئێستا بێمەیلی هەی بێمەیلی
وام زانی مردی وام زانی مردی
مەستم مەستم مەستم
شێتی ئەبرۆی پەیوەستم
مەستم مەستم مەستم
شێت بووم بە خۆم ناوەستم

گیانە ئەو باڵابەرزە باڵاجوانە
ئەو تەلبەسەرە ئەو تەلبەسەرە
بیلا ئەمنی کوشتووە وەی کوشتووە
خۆی بێخەبەرە خۆی بێخەبەرە
مەستم مەستم مەستم
شێتی ئەبرۆی پەیوەستم
مەستم مەستم مەستم
شێت بووم بە خۆم ناوەستم




میانەی گۆرانی



پەیژەی نەهاوەند

**١٠- گۆرانی دەردت لە من ڕەشئەسمەر**

ئەرێ سوێند بە وەڵا و بیلایە
بەو دەردەی لە دڵمدایە
نەخۆشم بۆ لێوئاڵێ
لە باغەڵ گولەی دایە
ئەو دڵەم بۆی ماخۆلیایە
ڕۆحم شێت و شەیدایە
جووتێ چاوی ساف و
زولّفی هەوداهەودایە
دەردت لە من ڕەشئەسمەر
بۆت مردم ناسکەدولبەر
هەی لەسەر باڵای تۆیە گیان
لە دونیا بووم دەربەدەر
ئەی لە ئێران بوم دەربەدەر

ئەرێ وەرن جەرگم هەڵبدڕن
وەی دەبا گیانم ڕزگار بێ
چارۆکەی ڕاخەری من
هەر قوڕ و بەرد و دار بێ

ئەمان هەر بەو شەرتەی من
حیساب کە بە جەهەنەم
دەردت لە من ڕەشئەسمەر
هەی لەسەر باڵای تۆیە گیان
ئەی لە ئێران بووم دەربەدەر
ئەرێ وەرن جەرگم هەڵبدڕن
چەند جێژوانم لەگەڵ کرد
لێوئاڵ بۆچی نامناسێت
دەردت لە ماڵم ناسکۆڵێ
دەردت لە من ڕەشئەسمەر
هەی لەسەر باڵای تۆیە گیان
ئەی لە ئێران بووم دەربەدەر


لێوئاڵم لێوە دیار بێ
گەر خواردنم ژەهری مار بێ
بۆت مردم ناسکەدولبەر
لە دونیا بووم دەربەدەر

بە دەبان و کوشتەری
بەر پەنجەرە و دوودەری
ئەڵێ برادەر کوێندەریت
هەر ئەتۆم تاجی سەری
بۆت مردم ناسکەدولبەر
دونیا بووم دەربەدەر

**دەردت لە من ڕەش ئەسمەر**



میانەی گۆرانی




پەیژەی سێگاه

## ١١- گۆرانی ئەریٚ وەی

نەخۆش و دەردەدارم     بۆ بالاٚت بێقەرارم
ڕەنگزەرد و لێوبەبارم     دایمە هەناسەسوارم
نەخۆش و مالٚوێرانم     موبتەلای دایک ساکارم
نەخۆش و دەردەدارم     من موبتەلای ساکارم
ئەریٚ وەی دەبلیٚ دەی     ناسکۆلە چاوجوان ئۆخەی
تاویٚ لە لام دانیشە     بە کوێریی چاوی کابرای
وەرە بمدەیە ماچیٚ     تۆ بلیٚ نۆش بێتە سەر دەی




میانەی گۆرانی



پەیژەی ڕاست (لا)

* ئەم گۆرانییە کۆپلەکانی زۆرن، بەلاٚم وشەی هۆنراوەکان ئاشکرا نین، بۆیە تەنها یەک کۆپلەم لیٚ نووسیوەتەوە.

## ١٢- گۆرانی دەنگ دێ لە شیلانەکەی

سەعات لە هەشت و حەوت دیتم چاوم پێی کەوت
سەعات لە هەشت و حەوت عەتری حەفتاوحەوت
گرتم دوو ماچم لێ سەند دایکی زانی ڕێم کەوت
خودا بەوە ڕەحمی کرد سەرسمێکی دا و کەوت
گەر بهاتبا و نەکەوتبا سەد دارم لێ دەکەوت
ئەرێ دەنگ دێ لە شیلانەکەی با بچینە گوێبانەکەی
بەڵکو ژنە جوانەکەی بێتەوە لە نێو ڕانەکەی
بەو شەوی بارانەکەی ڕاست بێ بۆ هەیوانەکەی
ماچی کوڵمە جوانەکەی با کوێر بێ جیرانەکەی
ئەرێ با بمرێ جیرانەکەی

دەردت لە ماڵم هەمین زەحمەتە بە بێت بژیم
دەردت لە ماڵم هەمین زەحمەتە بە بێت بژیم
لە سەر سنگ نووسراوە ئەلف و لام و میم و جیم
سنگت مەکتەبی بەغدا لێی دەردەچێ موعەلیم
هەی دەڵێ بمدەرێ ماچێ بێ تۆ من مردم بێدین
ئاگر لە من بەرداوە هەی دەڕۆی وەک کەوی نەخشین
نەخۆشم بۆ لێوئاڵێ کوشتوومی لەنجەی هەمین
حەیفە بۆ ماینی کەحلان سواری بێ؛ کۆڵە بارگیر
دەنگ دێ لە شیلانەکەی با بچینە جێژوانەکەی
بۆ شەوی بارانەکەی ڕاست بێ بۆ هەیوانەکەی

سنگ باخی شنۆیە کوڵم گوڵی لیمۆیە
هەی دەڵێم بمدەیە ماچێ ئەو دڵەی من خولیای تۆیە
هەی دەڵێم دەستم دەستۆکە ئەم ئاورە ئاوری تۆیە
خزمینە مەمکەن لۆمە گوارەی لە گوێ سێگۆیە


باریک و چاوهەڵۆیە
هەی دەڵێم بمدەیە ماچێ
ئەرێ دەنگ دێ لە شیلانەکەی
بانگ کەین لە ژنە جوانەکەی
بەو شەوی بارانەکەی
ماچی کوڵمە جوانەکەی
ئەرێ با کوێر بێ جیرانەکەی

هەی برنجی عەمبەربۆیە
کوڵم تۆڵەگەزۆیە
با بچینە گوێبانەکەی
دێتەوە لە ڕانەکەی
دەخزێ بۆ هەیوانەکەی
با کوێر بێ جیرانەکەی

دەنگ دێ



میانەی گۆرانی



پەیژەی ڕاست (سۆڵ)

## ئاهەنگی دووەم:
## حەسەن زیرەك (ماڵی عەلی ئیبراهیم دەرویش)[24]، ساڵی ١٩٥٧

**ژەنیارەکان** :نای ئازیز (ئەم ئاهەنگەیان مام حەسەنی تێدا نییە، بەڵکو نایژەنەکە ناوی ئازیزە، لە برایانی زیزی.)

**تەپڵ**: عەزۆل

لەگەڵ عەباسی ئیبراهیم دەرویش

سەرەتا یەکێک دەڵێت: ئێستاش گوێتان لە ئاهەنگی حەسەن زیرەک ئەبێ.

(دەنگ دێ لە شیلانەکەی)

بە یارمەتیی عەزیز و عەلی ئیبراهیم دەرویش و ئازیز لەگەڵ عەباس و ئەنوەردا.

---

[24] – عەلی ئیبراهیم دەرزێش ساڵی ١٩٣٢ لە سلێمانی لە دایکبووە،دەنگی زۆر خۆش بووە، دەستی هۆنراوە نوسینیشی هەبووە،یەکێك لە هەڵبەستەکانی بەناوی (یادوتەمەن )کە هونەرمەند کەریم کابان کردویەتی بەگۆرانی، لە ١٩٩٢/٨/٤ کۆچی دوایی کردووەو، عەباسی ئیبراهیم دەروێشیش کە برای عەلی ئیبراهیم دەروێش بووە ساڵی ١٩٢٨ لە دایکبووەو ساڵی ١٩٥٩ کۆچی دوایی کردووە، لەنزیك سەرای سلێمانی دووکانێکیان هەبووە جێگەی کۆبونەوەی خەڵکانی سیاسیو رۆشنبیران و هونەرمەندان بووە، دوو جار ئاهەنگیان بۆ هونەرمەند حەسەن زیرەك گێڕاوە، لە ساڵانی ١٩٥٦–١٩٥٧ لە ماڵی ئیبراهیم دەروێشی باوکیان لە گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی.کاك عەباسو کاك عەلی هەردووکیان دەنگیان خۆش بووە، بۆیە هەردووکیان لەو ئاهەنگانە،بەشداریان لە گۆرانی ووتندا کردووە لەگەڵ حەسەن زیرەك. سەرچاوە: ئەم زانیاریانە لە هێرش عەلی ئیبراهیم دەروێش کوڕی عەلی ئیبراهیم دەروێش وەرگیراوە.

**١- گۆرانیی دەنگ دێ لە شیلانەکەی، کۆرسێکی قەرەباڵغیشی لە گەڵدایە.**

**٢- گۆرانی بۆت مردم ناسکە جوانێ.**

نەرمونۆڵ و گرد و برد
دەستم لە بۆ مەمکی برد
کوڵمی سێوی لاسوورە
تێیدایە و خاڵی وردورد
گرتم دوو ماچم لێ سەند
من کفری وام بۆچی کرد
کوڵمەی سێوی لاسوورن
تێیدایە خاڵی وردورد
بۆت مردم ناسکە جوانێ
مەیلی جارانت کوانێ
گرتم دوو ماچم لێ سەند
لەو ڕاستەی خەیابانێ
پێم وت دەستم دەستۆکە
پیر بووی ئەو مەکرەی دانێ

لە قەمتەرە و بورهانی
لە گولیجە و لە دەرمانی
سەیدی کاکە جان هاوار
لە مەزرای سەهۆلانی
دڵی یارم نەرم کەی
هەستێ بێ بۆ سەر کانی
ڕوحمی خودای لە دڵدا بێت
من ماچ کەم سەر کوڵمانی
ئاگاداری یارم بێت
کاک ئەحمەدی سلێمانی
بۆت مردم ئایشە جوانی
جوانی مەیلی جارانت کوانێ
گرتم دوو ماچم لێ سەند
لەو ڕاستەی خیابانێ
پێم وت دەستم دەستۆکە
پیر بووی ئەو مەکرەی دانێ

چەند شاری عەزیم گەڕام
عێراق و ڕۆم و ئێران
نەمدی جوانێ وەکو تۆ
چاوباز و ئەبرۆقەیتان
بە قوربانی تۆی دەکەم
چوار پارچە موڵکی سەیدان
سەنگەسەر و بن گردان
قەلادزێ و سەربۆلان
دەڕۆم کۆلان بە کۆلان
وەی لەبەر خاتری ناسکۆلان
بە قوربانی یارم بێ
هەموو شەریکەی دوکان

بۆت مردم ئایشه جوانی    جوانی مەیلی جارانت کوانێ
گرتم دوو ماچم لێ سەند    لەو ڕاستەی خیابانێ
پێم وت دەستم دەستۆکه    پیر بووی ئەو مەکرەی دانێ

دەبڕۆ له من حەرام بی    هەر وەک شەراب له شێخان
ڕوحمی خودات له دڵ نییه    کافرەی بێدین و بێئیمان
ئەگەر قەولم دەدایەی    به ڕاستی وەره کەوان
دەنا بەو نەعلەته بیت    که خودا کردی له شەیتان
بۆت مردم ئایشه جوانێ    جوانی مەیلی جارانت کوانێ
گرتم دوو ماچم لێ سەند    لەو ڕاستەی خیابانێ
پێم وت دەستم دەستۆکه    پیر بووی ئەو مەکرەی دانێ

ئەی لەبەر ئەو ژنه ڕەشتاڵه    قەدی دەڵێی شمشاڵه
من سەرکەمه سەر ڕان    پێم دەدات ئەو دەسماڵه
گەر گوله پرسیی کێیه    ڕام ژێنه بڵێ منداڵه
گەر بۆ یەک جار چەقەی کرد    بمشێله بڵێ بێحاڵه
عروسم جوم ئەرمەنی    دینم بۆ تۆ بەتاڵه
بۆت مردم ئایشه جوانێ    جوانێ مەیلی جارانت کوانێ
گرتم دوو ماچم لێ سەند    لەو ڕاستەی خیابانێ
پێم وت دەستم دەستۆکه    پیر بووی ئەو مەکرەی دانێ

نه عەیبه نه شکۆیه    ئەو دڵەی من شێتی تۆیه
خزمینه مەمکەن لۆمه    باریک و چاوهەڵۆیه
گوارەی له گوێ سێگۆیه
وەک برنجی عەنبەربۆیه    سنگی پەری شنۆیه
لەگەڵ یارم تێکەڵ بووم    تێر بووم له گفتوگۆیه
بۆت مردم ئایشه جوانێ    جوانی مەیلی جارانت کوانێ


گرتم دوو ماچم لێ سەند      لەو ڕاستەی خیابانێ
پێم وت دەستم دەستۆکە      پیر بووی ئەو مەکرەی دانێ

پرچت زەرد و چاوت کاڵ      ئەبرۆت پەڕی ڕەشەداڵ

بۆت مردم



میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه

* هاوشانیی ئامێرەکان دروست نییە، تا کۆتایی میلۆدییەکەش ئاوازەکە بە تەواوی لێ نادرێت.

پارچەمۆسیقا

* لێرەدا پارچەمۆسیقایەک هەیە تەنها ئامێری شمشاڵە بە هاوشانیی ئامێری ڕیتم، مۆرکەکەی بە لای عەرەبیدا دەڕوات.

خێرایی تەواو نییە، زۆر دەگۆڕێت و زۆر لە وشەکان دیار نین.

## ٣- گۆرانی وەی وەی زارا

٤- گۆرانی تۆبە تۆبە

قەستەم بەو خاڵەی لە ڕووتە    فنجانەی دەستت یاقوتە
قەستەم بەو خاڵەی لە ڕووتە    فنجانەی دەستت یاقوتە
دڵم لەگەڵ دڵت جووتە    سەر هەڵێنە زگم سووتا
تۆبە تۆبە تۆبە    تۆبەی مەرگمە
یاری خوێنشیرینم    کزەی جەرگمە
یاری خوێنشیرینم    کزەی جەرگمە
ئەرێ یاری خوێنشیرینم    کزەی جەرگمە

ڕۆژی جومعە پاش صەلایە    دوو شت خۆشە لە دونیایە
ڕۆژی جومعە پاش صەلایە    دوو شت خۆشە لە دونیایە
ئیمان و چاوی لەیلایە
تۆبە تۆبە تۆبە تۆبە    تۆبەی مەرگمە
یاری خوێنشیرینم    کزەی جەرگمە
ئەرێ یاری خوێنشیرینم    کزەی جەرگمە
تۆبە تۆبە تۆبە    تۆبەی مەرگمە
یاری خوێنشیرینم    کزەی جەرگمە
ئەرێ یاری خوێنشیرینم    کزەی جەرگمە

لە حوجرێدا خەتمم دەکرد    یەک لەناکاودا بانگی کرد
لە حوجرێدا خەتمم دەکرد    یەک لەناکاودا بانگی کرد
قوڕم بەسەر لێوئاڵیان برد
تۆبە تۆبە تۆبە    تۆبەی مەرگمە
یاری خوێنشیرینم    کزەی جەرگمە
ئەرێ یاری خوێنشیرینم    کزەی جەرگمە

ئەرێ چاوت ڕەشە وەی لەگەڵ برۆت        بەو خاڵانەی دەوری لیمۆت
ئەرێ چاوت ڕەشە وەی لەگەڵ برۆت        بەو خاڵانەی دەوری لیمۆت
دایکت ماچ کەم یان هەر بۆ خۆت
تۆبە تۆبە تۆبە تۆبە        تۆبەی مەرگمە
یاری خوێنشیرینم        کزەی جەرگمە
ئەرێ یاری خوێنشیرینم        کزەی جەرگمە

ئەرێ قەستەم بە سورەتی عەممە قەستەم بە سورەتی عەممە
دایم دڵەکەم پڕ لە غەمە دایم دڵەکەم پڕ لە غەمە
پیاوی بێدۆست عەمری کەمە
تۆبە تۆبە تۆبە تۆبە        تۆبەی مەرگمە
یاری خوێنشیرینم        کزەی جەرگمە
ئەرێ یاری خوێن شیرینم        کزەی جەرگمە

ئەرێ هەڵمگرن بە چوار دەستان        بمبەنە کوچەی چاومەستان
هەڵمگرن بە چوار دەستان        بمبەنە کوچەی چاومەستان
شینم بۆ بکەن شینم بۆ بکەن خەنەی دەستان
تۆبە تۆبە تۆبە تۆبە        تۆبەی مەرگمە
یاری خوێنشیرینم        کزەی جەرگمە
ئەرێ یاری خوێنشیرینم        کزەی جەرگمە


ئای سوێندم خواردووە ناچمە حەجێ        حەجم بۆ بێتە نێو نەجێ
تا ماچ نەکەم خاڵی خەجێ        با حەج قبوڵ بێ جێبەجێ
تۆبە تۆبە تۆبە تۆبە        تۆبەی مەرگمە
یاری خوێنشیرینم        کزەی جەرگمە
ئەرێ یاری خوێنشیرینم        کزەی جەرگمە

هەڵمبگرن لەنگەرلەنگەر          بمبەنە ماڵی باب نۆکەر
هەڵمگرن لەنگەرلەنگەر          بمبەنە ماڵی باب نۆکەر
شینم بۆ بکەن شەدەبەسەر          بۆ تۆ مردم ڕەشئەسمەر
تۆبە تۆبە تۆبە تۆبە          تۆبەی مەرگمە
یاری خوێنشیرینم          کزەی جەرگمە
ئەرێ یاری خوێنشیرینم          کزەی جەرگمە

**تۆبـە تۆبـە**



میانەی گۆرانی



پەیژەی عەجەمی می[25]

*-پارچەمۆسیقا شمشاڵە و ڕیتمێکی عەرەبیی لەگەڵدایە، هاوار و هەلهەلەلێدان و چەپڵەلێدان هەیە، لە ئاوازی گۆرانیی (بە عینوانی) دەچێت و لە ئاوازی عەرەبییش دەچێت.

---

[25]- ئەگەر لە پەیژەی عەجەم تۆنی هەستیار نزم بوو، لە ئێران بەم پەیژەیە دەوترێت (ڕاست پێنجگاه)، بەڵام لای خۆمان هەر بە عەجەم ناو دەبرێت.

**٥- گۆرانیی غەمخۆر و خوێنشیرنیم**

غەمخۆر و خوێنشیرینم خوێناو دێ لە برینم
یا ڕەبی بەخێر بێتەوە یاری ڕەزاشیرینم

**٦- گۆرانی بەو خودایەی بێمەکانە**

* ئەم گۆرانییە دەنگی حەسەن زیرەک نییە، لەوە دەچێ عەباس ئیبراهیم دەروێش بێت. بە شێوەیەکی گشتی، گونجان نییە لە نێوان تۆنی گۆرانیبێژەکان و تۆنی باڵەبان و ڕیتمدا. هەروەها زۆرێک لە وشەی بەندەکان ئاشکرا نین. خێراییەکەشی بە وردی دیاری ناکرێ.

**٧- گۆرانی کانی و سەر کانی**

قورعانێ بێنە و دەستی پێدا دەم
لە تۆ زیاتر مەیل بە کەس نادەم
قەدباریک و شلومل بەلەکزەردەی چاوبەکل
ئاورێکم لێ دە بۆت سووتام بە دڵ
کانی و سەر کانی سەرچەشمەی گوڵ بێ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بێ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بێ

ئای
لە کەل دەرکەوتم بناسە دەنگم
تۆزی غەریبی نیشتووە لە ڕەنگم
ئەبرۆی باڵی کەوانە
زوڵفی دانەبەدانە پێم گوت وەرە با جووت بین
خاڵی لیمۆت زۆر جوانە
کانی و سەر کانی سەرچەشمەی گوڵ بێ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بێ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بێ

سێ جار بەو مانگەی خەرمانەی داوە
هێشتا مەیلی تۆم بە کەس نەداوە
لەبەر چی کوبرا لە من تۆراوە
قەدباریکەی شلومل بەلەکزەردەی چاوبەکل
ئاورپێکم لێ دە بۆت سووتام بەدڵ
کانی و سەر کانی سەر چەشمەی گوڵ بێ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بێ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بێ

ئەرێ ئەوە من دەرۆم خۆم و دڵەکەم
ئەوە من دەرۆم خۆم و دڵەکەم
ئامانەتی تۆ تەنیا گوڵەکەم
قەدباریکەی شلومل بەلەکزەردەی چاوبەکل
ئاورپێکم لێ دە بۆت سووتام بە دڵ
کانی و سەر کانی سەرچەشمەی گوڵ بێ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بێ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بێ

خودا بینووسێ قەڵەم بکا کار
خودا بینووسێ قەڵەم بیکات کار
ژن بۆ پیاوی پیر کچ بۆ هەرزەکار
بۆ تۆ نەماوم ئەی یاری نازدار
قەدباریکەی شلومل بەلەکزەردەی چاوبەکل
ئاورپێکم لێ دە بۆت سووتام بەدڵ
کانی و سەر کانی سەرچەشمەی گوڵ بێ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بێ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بێ

هەستە لە خەویٚ بزانە چیم دەویٚ
لە گەردنی زەردت دوو ماچم دەویٚ
دەردی ئەمن و تۆ لە گولەکەت کەویٚ

ئاخ ئامان نامان ئۆف گیانە ئاخ
کزەیەک لە من یەکێک لە شەماڵ
بیبڕین بە باڵای یاری بێخەیاڵ
بۆ تۆ نەماوم کورتێ چواردە ساڵ


ئەریٚ ئاخ گیان ئامان، گوڵ ئامان، دڵ ئامان
قەدباریکەی شلومل بەلەکزەردەی چاوبەکل
ئاورێکم لیٚ دە بۆت سووتام بە دڵ
کانی و سەر کانی سەرچەشمەی گوڵ بیٚ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بیٚ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بیٚ

پێنجوێن و قەڵا سەرحەدی ئێران
هەمووی بە قوربان دوو چاوی توران
ڕوحمی خێرت بیٚ دڵ بوو بە بریان
قەدباریکەی شلومل کەفەڵبەرزی پاژنەپڕ
ئاورێکم لێدە بۆت سووتام بەدڵ
قەدباریکەی شلومل بەلەکزەردەی چاوبەکل
کانی و سەر کانی سەرچەشمەی گوڵ بیٚ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بیٚ
نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بیٚ

## کـانی و سـەرکانی




میانەی گۆرانی



پەیژەی چوارگاه (بەیات تورک)

# ئاهەنگی سێیەم:
# حەسەن زیرەك ماڵی شەوكەت ڕەشید[26]

- كۆچی قوربان ئەم ئاهەنگەكان بة (كۆچی قوربان) ناسراوە .

**ژەنیارەكان ئامێرەكان:**

ولیەم یوحەنا: عود

عەزۆل: تەپڵ

مام حەسەن: باڵەبان

شەوكەت ڕەشید: كلارنێت

سەرەتا بە مۆسیقای گۆرانی لەبەر نازی چاوبازان دەستپێدەكات.

---

[26]- هونەرمەند شەوكەت ڕەشید ساڵی ١٩٣٢ لە سلێمانی لە گەڕەكی مەڵكەندی لەدایك بووە. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە سلێمانی تەواو كردووە. ساڵی ١٩٥١ بووە بە سەرباز لە ڕێزی سوپای عیراق لە شاری كەركوك و هەر لەوێ پەیوەندی بە تیپی جوقی سەربازییەوە دەكات. لەو تیپەدا بەردەوام دەبێت و هەر لەوێش ئامێری كلارنێت فێر دەبێت و ناو و ناوبانگی لەسەر ئەم ئامێرە دەردەكات. هەر زوو ئاشنایەتی لەگەڵ ئەندامانی تیپی مۆسیقای مەولەوی پەیدا دەكات و هاوبەشیی چالاكییە هونەرییەكانی ئەم تیپە دەكات. ساڵی ١٩٥٧ یەكەم گۆرانیی بە ناوی (چاوی كاڵی) لە ڕادیۆی كوردی لە بەغداد بۆ تۆمار دەكەن. ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای سۆلاڤ لە كەركوك و كۆمەڵەی هونەر و وێژەی كوردی بووە لە سلێمانی. ئەم هونەرمەندە جگە لە كاری ژەنیاری، دەنگیشی خۆش بووە و زیاتر لە ١٦ گۆرانیی تۆمار كردووە. ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، ئاواز و مۆسیقای گشت گۆرانییەكانی خۆی دایناون. جگە لەمە، لە تەلەفزیۆنی كەركوك بەرنامەی هونەرییشی هەبوو. لەگەڵ ئەمانەشدا جگە لەوەی كە خۆی و كاك سەلاح ڕەشیدی برای بەشداریی زۆرێك لە ئاهەنگی دانیشتنەكانی هونەرمەندانی شاری سلێمانی و شارەكانی تری كوردستانیان دەكرد، زۆر جار دەرگای ماڵەكەی خۆشی واڵا كردووە بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە ئاهەنگ و مەجلیسانە. بە داخەوە لە ڕێكەوتی ١٩٩١/٤/١٦ و لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا بە نەخۆشییەكی لەناكاو ماڵئاوایی یەكجاریی لێ كردین.

سەرچاوە: ١- هاوڕێ عەزیز: هونەرمەندی كۆچكردوو شەوكەت ڕەشید، گۆڤاری سلێمانی، ژ. ١٠، سلێمانی، نیسانی ٢٠٠١، لا ٤٦. ٢- عوسمان شارباژێڕی: بەستە و مەقام و كۆمەڵێك گۆرانییبێژ، چاپخانەی ڕاپەرین، سلێمانی ١٩٧٩، لا ٥١.

**١- گۆرانی لەبەر نازی چاوبازان**

با شەو بڕوا سەحەر بێ
باخی گوڵان وەبەر بێ
گەر تۆ مەیلت لەسەر بێ
کافر ئیسلامی ناوە
کافر ئیسلامی ناوە
با شەو بڕوا سەحەر بێ
باخی گوڵان وەبەر بێ
گەر تۆ مەیلت لەسەر بێ وەی وەی
کافر ئیسلامی ناوە

* دوو کۆپلەی سەرەتا هەن، حەسەن نایڵێت، وشەکان زۆر ئاشکرا نین، بەڵام هەمان ئاوازی لەبەر نازی چاوبازانە. قسە و ورتەورتێکی زۆر هەیە.




میانەی گۆرانی



پەیژەی لامی (دۆکورد)


**٢- مەقامێک هەیە تورکییە،** بە هاوشانیی هەردوو ئامێری ئیقاع و باڵەبان دەیلێت و زمانی تورکییش بەکار هاتووە. کۆتایی ئەم مەقامە دەبێت بە مۆسیقای بەستەی ناسکۆڵێ گیان مەگری، بەڵام ئەمە ناوترێ. کۆتایی بە مەقامەکە دێت.

**٣- گۆرانیی پۆلێ جوانێ مەڕۆ**

لەبەر کیژی سولەیمانی　　　هەی لێ لێ هەی لێ لێ
هەی لێ لێ لۆ لۆ
ڕێم بەن ببم بە قوربانی　　غەمی خۆم نییە و غەمی تۆمە
غەمبار و ڕەنجەڕۆمە　　　لە دووریی تۆ سێبەڕۆمە
دەڵێ کوڕێ غەمێ مەخۆ　　خەونم دیوە و هیی خۆمە و
پۆلێ جوانێ مەڕۆ　　　هەی پۆلێ مەڕۆ های
پۆلێ جوانێ مەڕۆ
ئای یای
لەبەر کیژێ نێو بۆکانێ　　　هەی لێ لێ هەی لێ لێ
هەی لێ لێ
ناسک و جوان و زێدە جوانن　　غەمی خۆم نییە و غەمی تۆمە
غەمبار و ڕەنجەڕۆمە　　　لە دووریی تۆ سێبەڕۆمە
دەڵێ کوڕێ غەمێ مەخۆ　　　خەونم دیوە و هیی خۆمە و
پۆلێ جوانێ مەڕۆ　　　ناسکە جوانێ مەڕۆ
پۆلێ جوانێ مەڕۆ




میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

* لەم گۆرانییەشدا مۆسیقاکە زۆر تەواو نییە و دەرچوون (ئاوت-out) هەیە. کۆپلەش بە تورکی کۆتایی دێت.

**٤- گۆرانیی فلیمی (سەنگام)ی هیندی (پۆرت لادە) دەوترێت.**

مۆسیقای هیندی بە کلارنێت و ڕیتم دەژەنرێت و هەندێک منالّ گۆرانیی فیلمی سەنگام (پۆرت لادە) دەڵێن.

### ٥- گۆرانیی دەعوەتێ

ئەرێ بۆ تۆ نەمام شلومل ناسک و نەرمۆڵەی چاوکل
یا لە کۆڵی نابێتەوە لەوێ بۆتە چەل و مل
هەستە با بچینە دەعوەتێ دەعوەت گەرمە و خۆمانە
شایی و گۆوەندی وا خۆشە گەلێ لەبەر دڵانە
ئەرێ پێی بڵێین بە یاری بێوەفا سنگی باغی با سەفا
منی سەر چاوی جوانی زۆرم کێشا جەور و جەفا
لەسەر دوو چاوی جوانی من کێشام جەور و جەفا
هەستە با بچینە دەعوەتێ دەعوەت گەرمە و خۆمانە
شایی و گۆبەندی وا خۆشە گەلێ لەبەردڵانە


ئەرێ هەی وەی وەی وەی وەی وەی وای
چاوباز و ئەبرۆکەوان ئاخر دەمرم بێئیمان
ڕۆژێ پەشیمان دەبی گەر بۆم بێیە سەر قەبران
دە وەرە دە وەرە با جووت بین ئ ەمشەو هەتاکو بەیان
هەستە با بچینە دەعوەتێ دەعوەت هەمووی خۆمانە
شایی و گۆوەندی وا خۆشە گەلێ لەبەردڵانە

لەم گۆرانییەدا خاوکردنەوەیەک هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ بەستەی گۆرانیی (دەعوەتێ). لەم گۆرانییەدا چەپڵە و قریوەی منالّی تیایە و هاوشانیی گۆرانییەکە دەکەن، هەندێک جار وەکو کۆرسییش کۆتایی بەندی بنەڕەتی دەڵێنەوە.

## دەعودتێ




میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

**٦- گۆرانی ئامینێ**


ئەی وای وای
یارەب ساوە بۆچ باخچەی تێدا
قۆخ و هەنجیر پاڵیان لێک دا
ئەرێ ئامینێ گیان
سووک برۆ گوارەکانت مەلەرزێنە

ئەرێ وای وای
سەری سابڵاخ بەنی سێیە
ئامینێ گیان گوارەکانت مەلەرزێنە
هەر ساڵێک حاکمێکی لێیە
ئامینێ گیان گوارەکانت مەلەرزێنە
سەری سینەت ئەلف و بێیە
سووک برۆ گوارەکانت بلەرزێنە
بیلەرزێنی دەتبزوێنم
هەی بە زۆر لە کابرات دەستێنم

غەریب ماوم لە سلێمانی
کوشتوومی دوو چاوی جوانی
ئامینێ ئامێنێ ئامینێ ئامینێ
ئامینێ نازەنینێ لێونەخشینێ
گوارەکانت مەلەرزێنە
بیلەرزێنی دەتبزوێنم
هەی بە زۆر لە کابرات دەستێنم




میانەی گۆرانی



پەیژەی نەوای دۆ (بەشێکە لە نەهاوەند)

بەدوای ئەمەدا گۆرانییەکی تورکییە

٧- گۆرانییەکی تورکی بە ناوی (فاطمە) هۆنراوەی تورکییە.

٨- گۆرانی ڕەزیە

٩- گۆرانی تورکی (جوردن مەنی جوردن)

کۆرسەکە دەنگی منالانی لەگەڵدان.

١٠- ڕۆژی جێژنە

ئەی ڕەفیقانی طەریقەت دەردی عیشقم چارەکەن

ئەم گۆرانییەی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی دەڵێتەوە، بەڵام بە ستایل و لەهجەی کوردستانی عێراق.

# ئاهەنگی چوارەم:
# ماڵی ئەحمەدی سۆفی کەریم[27]، ساڵی ١٩٦٧

---

27 – ئەحمەدی سۆفی کەریم

ئەحمەدی سۆفی کەریمی سەڕاف لە ساڵی ١٩٣٦ لە گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی لەدایکبووە، پشت گەرماوی (شەعب)، خێزانەکەیان بە خۆیەوە دە براو سێ خوشکن، لەلای وەستا عەبدولآی بانەی پیشەی بەرگدروو بووە ، بەهۆی عەزۆلی برادەرییەوە کە پۆلیسی بوندوقچی دەبێت لە ساڵی ١٩٦٦–١٩٦٧ بۆ یەکەم جار حەسەن زیرەك لە دوکانی مەحمودی دەلاك دەبینێ و لەوێ یەکتر دەناسن .ئیتر لەوکاتەوە لەگەڵ حەسەن زۆر هۆگری یەکتر بون، لەگەڵ ئەوەی حەسەن لەو ماوەیەدا لە ماڵی ئەمینی دەڕابە نیشتەجێ بووە، بەلآم زوربەی کات چۆتە دوکانی بەرگدرویەکەی کاك ئەحمەد تا لەکارکردن بۆتەوە بە دیاریەوە دانیشتووەو لە دوای ئێوارانیشەوە لە گەڵ هەندێ هاوڕێیاندا چونەتە کەیفو سەفای تایبەتی خۆیان بەهۆی حەسەنەوە کۆڕی گۆرانیو دانیشتنەکانیان زۆر بەجۆشو خرۆش بووە.

کاك ئەحمەد دەڵێت: حەسەن زۆر نەدار بووە و حەزی لە پارە نەدەکرد پارە پەرست نەبووە زۆر پێویستی بە پارە نەبووە، چونکە دەچووە هەر جێگەیەکی تەنها بیانزانیایە حەسەن زیرەکە کەس پارەی هیچ شتێکی لێ وەرنەدەگرت. بۆ نمونە لەو ماوەیەدا من جلم بۆ دوریوە بەتایبەت مراد خانی چونکە حەزی بە پۆشینی دەکرد هەروەها زۆر جاریش نانخواردنی لای عەباسی کەبابچی بووەکە ئەویش برادەری بو پارەی لێ وەرنەدەگرت.

هەمو ئەو دانیشتن و ئاهەنگانەی ماڵی ئەمان (کە ئێستا خانوەکەیان هەرماوەو چۆتە سەر فەرمانگەی کەلەپوری سلێمانی وەك مۆزەخانەیەکی لێهاتووە). بێ بۆنە بووە، تەنها بۆ خۆشی و کات بەسەر بردن و حەزی ئەمان بۆ دەنگە بەسۆزەکەی حەسەن زیرەك بووە لە هەموو دانیشتنەکاندا حەسەنی نای (باڵەبان)و کاك عەزیزی لەگەڵ بووە کە ئامێری تەپڵ و زەڕبی بۆ دەژەند زۆر جاریش حەسەن خۆی ئامێری دەفسنجانی ژەندووە.

لە ماڵی کاك ئەحمەد زیاتر لە چل شەو گۆرانی تیا ووتوەوە، بەلآم بە کەمی تۆمار دەکران تەنها ئەوەی کە هەیە ئەو شەش کاسێتەیە، رەنگە ئاهەنگی تریش سازکرابن و تۆماریشکرابن بەلآم بە هەر هۆیەك بێت فەوتاون، بۆ نمونە کاك ئەحەمەد دەڵێت :شەوێك کاك ئیبراهیمی

**ژەنیارەکان:**
کاک محەمەد حەمکۆڵ: ئۆکوردیۆن
مام حەسەن :نەی
عەزۆل : تەپڵ
دەفسنجان :حەسەن زیرەک.
بە تەسجیلی (Teka) ١٤ تۆمار کراوە.
ئەم دانیشتنە سێ کاسێتە[٢٨]

---

خەیاتم بانگ کرد لە گەڵ حەسەن زیرەك گۆرانیان ووت و هەندێ لـە براکـانیم ئامـادە بـون بـەلاّم داخەکەم ئەو شریتە وون بووەو نازانم چی لێهات و نەهاتەوە بە ردەسـتم . دانیـشتنەکان هـەموو جـار لـە شـەواندا دەکرانـو هەنـدێ جـار دانیـشتنەکان خێزانـی بونـو هەنـدێ جـاریش دۆسـت و برادەران و کەس و کار بانگ دەکران. لـەو دانیـشتنانە سـیان چـوارێکیان تۆمـارکراون لـە گـەڵ عەباسی کەبابچی و غەوسەی تەسجیلات (ئەم غەوسـەیە تەسـجیلاتی هـەبووە لـە مەزاداخانـەی سـلێمانی )حەسـەن دالاّ ش، حەمـەی سـانیە بـووە رەئـیس عورەفـای شـورتە بـووە حەیتـە باشییەکەی حەسەن لـە مـاڵی ئێمـە ووتـوە، شـەوی وا بـووە یـانزە ئـامێری تۆمـارکردن دائـەنرا .(یەکێ لەو ئـامێری تۆمارکەرانـە تائێـستاش مـاوە لای کـاک ئەحمـەد تەسـجیلی (تیکـە ٣٠)پـێ دەڵێن، سەبارەت بە خواردنیش زیاتر شفتەو نۆکاو لۆبیا،یان پاقلە چـی هەبوایـە لـەو وەرزەدا ئەمانە بۆ مەزە ئامادەدەکران،جگە لەمە بۆ زانیاری زیاتر تا ئێستا تەزبیحێکی حەسـەن زیـرەك وەك یادگارییەك لای کاك ئەحمەد ماوەو پارێزراوە لە ناو قوتییەکدا پڕ مێخەکدا هەڵی گرتووە .
کاك ئەحمەد دەڵێت:( حەسەن لە کاتی ووتنی گۆرانیدا قەت چاوی دانەخستووە هەمیـشە چـاو کراوە بووە، بە پێچەوانەی زۆرێك لە گۆرانیبێژان کە چاو دادەخەن. زۆر جار لەسەر چۆك لەسەر ئـەژنۆ دانیـشتووە یـان هەسـتاوەتە سـەرپێو ئـامێری دەفیـشی بەدەسـتەوە بـووەو بـەو پـەڕی تواناوە دەنگی هەڵبڕیوە). سەرچاوە: عادل محەمەد کەریم :دیداری تایبەت لـە گـەڵ ئەحمـەدی سۆفی کەریم و پاکیزەخانی خێزانی کاك ئەحمەد، لە ماڵی خۆیان، لە گەڕەکی تووی مەلیك، بـە ئامادەبونی هونەرمەند محەمەد رەشید دارتاش، لە رێکەوتی ٢٠١٦/١١/٢١.
[28]– ئەم سێ کاسێتە هەرسێکیان لە تەنها شەوێکدا تۆمار نەکراون، هەندێک لەم دانیشتنانە بە دوو شەو یان سێ شەو تۆمار کراون. بۆیە دەبینین هەندێک لە گۆرانییەکان لە چوارچێوەی یەک دانیشتندا دووبارەن.

**١- گۆرانی جەمیلە**

ئای یای یای
جەمیلە ئەو قورئانە بتگرێ
ماڵوێران هێنات لێکت کردەوە
جەمیلە حەوت جارت دەست پێدا نا
شۆڕەژن بۆ مزگەوت بردەوە
ئەی هاوار ڕۆیشتی کەیفم بۆ دەکەی
من بمرم وەی بە گەردنی زەردەوە


لەبەر چی منتان جێ هێشت
وەی بە گشت داخ و دەردەوا
ئەی هاوار بە گشت داخ و دەردەوا
جەمیلە هەی جەمیلە و جەمیلە
جەمیلە تۆ بی و نەسری خەلیلە
لێت جوانە بەرۆکت بۆ دەرزیلە
ئەی هاوار بەرۆکت بۆ دەرزیلە
من بمرم قامکت بۆ ئەنگوستیلە
سنگەکەت بەفری قەندیلە
دە وەرە ڕەگەڵم کەوە و
جێگای تۆ بە سەبیلە
هەی وای جەمیلە ڕاوەستا لە بێڵایە
ئەی هاوار سنگی کارگی کەمایە
سوێند دەخۆم هەرچۆنێک بڵێم وایە
چیی لێ بکەم ئەو دڵەم لە بۆی شەیدایە
بە ڕۆژ قەولم دەداتێ وەی بە شەو لە ژوانم نایە
جووتێ چاوی بەڵەکە و زوڵفی هەوداهەودایە
<u>جەمیلە هەی لە باخە ل گولە دایە</u>
جەمیلە هەی جەمیلە و جەمیلە

جەمیلە هەی جەمیلە و جەمیلە
جەمیلە جەمیلە نەرمونۆڵ و گرتومرد
جەمیلە داوای دوو ماچم لیّ کرد
جەمیلە کوڵمی سێوی لاسوورە
ئەی هاوار تێیدایە خاڵی وردورد
تووشی بووم لە ڕێی کانی
داوای دوو ماچم لیّ کرد
جەمیلە ڕەبی ماڵم وێران بێ
ماڵوێران من کفری وام بۆچی کرد
جەمیلە من کفری وام بۆچی کرد
جەمیلە هەی جەمەکە و جەمەکە
زووبە دەی بێنە و ماچ کەم دەمەکە
دەم بێنە و قەت قەت مەڵێ وا مەکە
جەمیلە بە قسەی بەدکارێ مەکە

**جەمیلە**



میانەی گۆرانی



پەیژەی ڕاستی لا

**٢- گۆرانی هەی لەیلی**

لە نێو سابڵاغدا بورجێ دیارە
لە نێو سابڵاغدا بورجێ دیارە
بەقەد ئەو بورجە غەم لە دڵم بارە
لە بێلوتفیی یار هەناسەم سوارە
ڕەنگزەرد و زەعیف لێوم بەبارە
هەی لەیلی لەیلی لەیلی باوانم
بۆچم داکوژی من بێتاوانم

لە نێو سابڵاغدا بورجێ دیارە
بەقەد ئەو بورجە غەم لە دڵم بارە
بۆچی لێم تۆرا ئەو مەزەدارە
ئەو ڕۆحەم بیلا لە ژیان بێزارە
هەی لەیلی لەیلی لەیلی باوانم
لەیلی بەخێر بێی سەر ئەو چاوانم

ئەی وای
سابڵاغ چەند خۆشە خاکی دڵگیرە
سابڵاغ چەند خۆشە خاکی دڵگیرە
ئەو کچە لەو ماڵە کۆت و زنجیرە
هەی لەیلی لەیلی لەیلی باوانم
ئەرێ لەیلی لەیلی لەیلی لەیلی باوانم
لەیلی بەخێر بێی سەر ئەو چاوانم


ئای
لە دووریی باڵات بووم بە ڕەوەزان
لە دووریی باڵات بووم بە ڕەوەزان
غەمبارت کردم زۆر بێئەندازە

هەی لەیلی لەیلی لەیلی باوانم
لەیلی بەخێر بێی سەر دوو چاوانم

* کۆپلەی بە زمانی تورکی تیایە (هەمان ئاواز دواتر خێرا دەبێت...)




ماوەی دەنگی گۆرانی



پەیژەی بەیاتی سی

**٣- گۆرانی  چاوڕەشێ**

ئەی وەی هەرچەند دەکەم فیکر و خەیاڵ
چاوڕەشێ گیان مەڕۆ وەرە لێوئاڵێم
چیبکەم دەڵێ ناژی ئەمساڵ
چاوڕەشێ تۆ مەڕۆ دەی وەرە لێوئاڵێ

ئەی وای ساقی بە خودا و بە پێغەمبەر
بە میحرابی چاوی دولبەر
کەوتوومە جەیشی ئەسکەندەر
چاوڕەشێ تۆ وەرە مەڕۆ لێوئاڵم

ئەی وای وای وای
هەرچەند دەکەم فیکر و ڕایە
گەوهەرم کەوتە دەریایە
بە سەد ڕەوەز بۆم دەرنایە
چاوڕەشێ تۆ مەڕۆ دەی وەرە لێوئاڵم

ئای یای یای
هەرچەند دەکەم فیکر و ئەندێش
لە دووی یارم بووم بە دەروێش
تەوەلا بووم لە قەوم و خێش
دڵە نەماوەکەم بیکەرە کێش
چاوڕەشێ تۆ مەڕۆ دەی وەرە لێوئاڵێم


ئەی وای
ئەمشەو نەبوو شەوی دوێنێ
بە خەیاڵ چوومە مەدینێ
خزمەت پەریزادەی چینێ

من بە قاقا و پێکەنین ئاخ
چاوڕەشێ مەڕۆ تۆ وەرە لێوئاڵێ

ئای یای
بە ماچ و دوو ماچ لێت نابم ڕازی
چاوڕەشێ تۆ مەرۆ وەرە لێوئاڵێ
لە سەر سینەکەت بکەم دەستبازی
چاوڕەشێ تۆ مەڕۆ وەرە لێوئاڵێ
چی بکەم لە دڵ نیاز ئەسمەری خوازی
چاوڕەشێ مەرۆ وەرە لێوئاڵێ




میانە گۆرانی



پەیژەی بەیات
* ئەم گۆرانییەش ئیقاعەکەی خێرا دەبێت.

٤- گۆرانی کۆڵوانه.

٥-گۆرانی  سەوزە مەڕۆ.

سەوزە مەڕۆ سەوزەڵێ باریکەی تۆم دەوێ
میوانی ڕۆژم بە قوربان مەمخەرە شەوێ
من لە گەردنی زەردت بە وەڵا دوو ماچم دەوێ


ئای مەیلم بە تۆ دا نازەنین وام زانی مەردی
مەیلم بە تۆ دا ئەسمەر گیان وام زانی مەردی
نامزانی بۆ من بە قوربان هەر ئاخ و دەردی
نەمزانی بۆ من جوانێ گیان هەر داخ و دەردی
سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان باریکەی تۆم دەوێ
میوانی ڕۆژم بە قوربان مەمخەرە شەوێ
من لە گەردنی زەردت سەیزادە دوو ماچم دەوێ

هەر کەسێ بیکات باوانم مەنعی ئەمن و تۆ
هەر کەسێ بیکات ئەسمەر گیان مەنعی ئەمن و تۆ
کچێ لە ماڵی بمرێ یا ڕەبی بە هەشت و بە نۆ
لە ماڵی بمرێ لەیلی گیان دەی بە تانە و پۆ

ئەرێ سەوزە مەڕۆ سەوزاڵێ باریکەی عەمرم
تو سەری بابت ئەی هاوار وا مەکە دەمرم




میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

**٦- گۆرانی لە سیلەی قەبران:**

لەم گۆرانییەدا دەنگی ئامێری ئۆکۆردیۆن زۆر بە جوانی دیارە کە کاکە حەمە، کە بە (حەمکوڵ) ناسراوە، ئۆکۆردیۆنەکە دەژەنێت.

مۆسیقای چەمی ڕێزان لێ دەدرێت، سەرەتا تەنها ئامێری (ئۆکۆردیۆن بە هاوشانیی زەڕب و دەفسنجانە و دواییش ئامێری نەیەکە سۆڵۆکان وەردەگرێتەوە. ئەم پارچەمۆسیقایە زۆر بە جوانی دەژەنرێت، هەندێک لە ئامادەبوانیش چەپڵە لێ دەدەن.

**٧- گۆرانی دکتۆر**

ئەرێ وای
بێ دکتۆر دەوا و دەرمان
شێتت کردم سەرگەردان
دە وەرە دەستم بە دامان
خۆشم دەوێی بەدینم
جوانی وێنەی خەرامان
دە وەرە دە وەرە با جووت بین
شەوێک تاکو بەیان
پێبکەنە با بتبینم
دەرچێ گیانی شیرینم
پێبکەنە با بتبینم
دەرچێ گیانی شیرینم
ڕەبی لە پێشدا بمرم
کەژاڵ مەرگت نەبینم
ئەڵلا بسووتێم بمرم
بەڵکم تۆ بکەی شینم

ئاخ
سنگت باخی شنۆیە
کوڵمت گوڵی لیمۆیە
گوارەت لە گوێ سێگۆیە
خەڵکی شێتی جدیانن
ئەو دڵەی من شێتی تۆیە
خزمینە مەمکەن لۆمە
هەر وەک کلۆ گەزۆیە
ئاگری لە من بەرداوە
وەک برنجی عەمبەربۆیە


خزمینه مەمکەن لۆمە
لە جەرگم دێ بۆسۆیە

پێ بکەنە با بتبینم
دەرچێ گیانی شیرینم
ئەڵڵا من زووتر بمرم
بەڵکو ئەو بکا شینم
یا ڕەبی زووتر بمرم
بەڵکو ئەو بکا شینم

دکتۆر



میانەی گۆرانی



پەیژەی ڕاست

## ٨- گۆرانی بەلەرزانە

ئەرێ وەی بەلەرزانە      ناسکۆڵ بەلەرزانە
ئەرێ وەی بەلەرزانە      ئەسمەر بەلەرزانە
گێلگێلەکەی دەوری سەرت      پەخشە و پەرێشانە
خۆشم دەوێی ئاسکی ناسکی      تەسکی بەو قورئانە

بۆ لای کێ بچم      دەست بە زامەوە
کێ دەرمانم کا ئەی هاوار      شەو بە لامەوە
کێ دەرمانم کا ناسکۆڵ      شەو بە لامەوە
ئەرێ وەی بەلەرزانە      ئەسمەر بەلەرزانە
هەی وەی بەلەرزانە      ئەسمەر بەلەرزانە
گێلگێلەکەی دەوری سەرت      پەخشە پەرێشانە
ناسکی ئاسکی تەسکی بیلا      ناسکۆڵ بەو قورئانە

ئەی وەی وای
لە کەل دەرکەوتم      بناسە دەنگم
لە کەل دەرکەوتم      بناسە دەنگم
تۆزی غەریبی ناسکۆڵ      نیشتووە لە ڕەنگم
ئەی وەی بەلەرزانە      ئەسمەر بەلەرزانە
گێلگێلەکەی دەوری سەرت      پەخشە پەرێشانە
خۆشم دەوێی ئاسکی ناسکی      تەسکی بەو قورئانە


ئەرێ وەی وەی
جا چۆن وا دەبێ      شەرتی دڵداری
تۆ لە عەیش و ئەی هاوار      من لە غەمباری
ئەرێ وەی ئەرێ وەی ئەر وەی      ئەر وەی ئەر وەی
ئەر وەی بەلەرزانە      ناسکۆڵ بەلەرزانە

گێلگێلەکەی دەوری سەرت        پەخشە پەرێشانە
ناسکی ئاسکی تەسکی جوانی        خۆشم دەوێی بیلا بەو قورئانە

**بەلەرزانە**



میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه

### ٩- گۆرانی ناسک و تەنکی (شەمامە و شلێر)

ئای یای
بریا هەر نەمدیبای نەمدیبای ناسک و شلکی
نەمدی نەمناسیبای ناسیبای نەرم و شلکی
ناسیم بە دڵی خۆم بای هەی خۆم بای هەی وەی شلکی
ناسیم بە دڵی خۆم بای هەی خۆم بای شەمام شلکی

ئای ئای ئای
ئەمشەو شەو بەهارە بەهارە وەڵا تەنکی
یاری من نازدارە نازدارە ناسکە و شلکی
بێڕوحم و غەدارە غەدارە ئەی وەی شلکی
ئەرێ ئاغایە و زۆردارە زۆردارە نەرمە و شلکی
شەمامە و شلێرە شلێرە ئەی وەی شلکی
دەمێک وەرە ئێرە وەرە ئێرە هەی وەی شلکی
خۆ گوناح نییە خێرە ئەی خێرە تەنکە شلکی

ئەی چاوت لە چاونەرمان چاونەرمان ئەی وەی شلکی
پڕە لە کلە و دەرمان هەی دەرمان هەی وەی شلکی
هەڵنایە لە شەرمان هەی شەرمان ناسک و شلکی
شەمامە و شلێرە شلێرە هەی وەی تەنکی
دەمێک وەرە ئێرە وەرە ئێرە هەی هەی شلکی
خۆ گوناح نییە خێرە هەی خێرە شەمام شلکی

چاوکاڵی برۆمەستان هەی مەستان هەی وەی شلکی
ئەی شۆخی بێئیمان بێئیمان شەمام شلکی
وەرگەڕام لە ئیمان هەی ئیمان هەی وەی فێنکی
بۆتۆ مردم بیلا هەی بیلا ئەی وەی بە قوربان

دەی شەمام شلێرە شلێرە — هەی وەی فێنکی
براکەی نێو دلێرە دلێرە و — شەمام شلکی

ئەو بەندەم زۆر جوانە هەی جوانە — هەی وەی شلکی
لە بۆ منداڵانە منداڵانە منداڵانە — ماڵ بێکابانە

* گۆرانییەکە تەواو ناکات و دەبڕێت.

**شەمامەو شلێرە**



میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

**١٠- گۆرانی لە کوێستانان خۆشە گەرمیان**

* سەرەتا لەسەر شێوازی گۆرانیی (لە پێشدا ڕۆڵە لە پێشدا)یە کە زیاتر هونەرمەند ئەحمەد شەماڵ لە دانیشتنەکاندا وتوویەتی، دواتر خاوکردنەوەی تیادایە و دوای چەند کۆپلەیەک ڕیتمەکە خێرا دەبێت و دەچێتە سەر گۆرانیی (گەردە و گەردە).

**١١- گۆرانی هەی گەرد و گەرد و گەردانە**

ئەرێ وەی
فیدای دەمت بم بەند داناوە
بە فیدای دەمت بم بەند داناوە
داوای سەردار بکە جوانێ گیانە
ئاە ئاە ئاە بە دوکانەوە

هەی گەرد و گەرد و گەردانە
دەتبینم جێژنی کوردانە
هەی نە تبینم چلەی زستانە

ئەرێ وەی
دوو کەو لە قەفەز گفتوگۆیانە
دوو کەو لە قەفەز گفتوگۆیانە
تەمەنای بەینبڕین من و تۆیانە
ئای گەرد و گەرد و گەردەوە
ئێران خۆشە با بڕۆینەوە
سنگت کارخانەی بڕنەوە


ئەی وەی
کراس داماسی کەوشەکەت پۆتین
باوانت شێوێ هێزت لێ بڕیم
هەی گەرد و گەرد و گەردانە
دەتبینم جێژنی کوردانە

هەی نەتبینم چلەی زستانە
من بەبێ تۆ ماڵم وێرانە

هەم کەژاڵی هەم خەزالی
 هەم کەژاڵی هەم خەزالی
نەرمونۆڵ و بە لێوی ئاڵی
کوشتوومی بەرسیلەی چاوی کاڵی
پێم گوت لێم گەڕێ ساحێب منداڵی
ئەی گەرد و گەرد و گەردانە
کە دەتبینم ماڵم وێرانە
ناتبینم دەردم گرانە




میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه

**١٢- گۆرانی کرماشان شاری شیرینم**

* لەم گۆرانییەدا نایەکە میلۆدییەکە بە دروستی ناژەنێت و ناچێتەوە سەر ئاوازەکە.

١٣- گۆرانی چەخماخ لێدە

نەخۆش و سەرگەردانم		بۆ بالآت پەرێشانم
دە وەرە دە وەرە با جووت بین		ناسکۆڵ دەردت لە گیانم
چەخماخ لێدە		چراکەم هەڵنەکردووە
کەوشم بۆ یار کڕیبوو		تایەکیم ون کردووە
ئەی وەی
نە عەیبە و نە شکۆیە		ئەو دڵەی من عەشقی تۆیە
گوارە لە گوێ سێگۆیە
خزمینە مەمکەن لۆمە		وەک برنجی عەنبەربۆیە
چەخماخ لێدە		چراکەم هەڵنەکردووە
کەوشم بۆ یار کڕیبوو		تایەکیم ون کردووە

ئای وەی وای
تۆ کیژۆڵەی کوردستانی		ناسکۆڵە و زێدەجوانی
ئاگرت لە من بەرداوە		سەرتۆپی موکریانی
لەبەر ئەو گۆزەی دەمرم		ناسکۆڵ دەیبا بۆ کانی
باسکم وە ژوور سەری دا		خۆشەویستی میوانی
ئاگاداری یارم بێ		کاک ئەحمەدی سلێمانی
چەخماخ لێدە		چراکەم هەڵنەکردووە
چەخماخ لێدە		چراکەم هەڵنەکردووە
کەوشم بۆ یار کڕیبوو		کوێر بم تایەکیم ون کردووە
کەوشم بۆ یار کڕیبوو		کوێر بم تایەکیم ون کردووە

ئەی وەی نە سینیم دەوێ نە کاشی		نە حیزبیم و نە جاشی
نە تودەم نە ویڵداشی
سەلام ئەعلەیک حەمە گیان		بە خۆی و بە ویڵداشی
مەرحەبا کاکە حەمە		ئەتۆی وەڵا حەیتەباشی
چەخماخ لێدە		چراکەم هەڵنەکردووە

ئای وای یای
سەلام ئەعلێک کاکە حەمە		ڕەبی دوو چاوت دەرێ
عەشقم بە ڕەشئەسمەرێ		جووت مەمک بن ئەسمەرێ
بە وێنەی دوو گەوهەرێ		پێم گوت ئاوێزان بم
پێی گوتم با ڕۆژ دەرێ
حەیتەباشی سەلام ئەعلێک		سندان لە بناگوێت دەرێ
چەخماخ لێدە		چراکەم هەڵنەکردووە
چەخماخ لێدە		چراکەم هەڵنەکردووە
کەوشم بۆ یار کڕیبوو		تایەکیم ون کردووە
کەوشم بۆ یار کڕیبوو		تایەکیم ون کردووە

* ئەم دوو کۆپلەیەی کۆتا کەمێک لە ئاوازەکە دەگۆڕێ و کۆتایی دەقەکە بە (چەخماخ لێدە) ناهێنێت هەر وەکو دیارە.
کراس چیتی لەمسەیە		ئەو ژنە جیرانی مەیە
بۆ خۆی زۆر شۆخ و شەنگە		مێردەکەی دەڵێی سەیە
وەرە وەرە بەر پەنجەرە		گێلگێلەدارێ
دایکی منت بە قوربان بێ		ئەی مەزەدارێ


ئای کراس کودەریی ئاوریشم		ڕێم بکە لە لات دانیشم
ئای کراس کودەریی ئاوریشم		ڕێم بکە لە لات دانیشم
لە سایەی گەردنی زەردت		دەبا دوو ئاخ هەڵکێشم
وەرە وەرە گێل گێلەدارم

دایکی منت بە قوربان بێت ئەی مەزەدارم
گەر قەولیشمت نەداوە بۆم وەرە سەرێ

چەخماخ



میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

**١٤- گۆرانی ئەرێ بە توێی عارەقچی**

لە کاتی ئەم گۆرانییەدا حەسەن زیرەک پێدەکەنێ و دەیبڕێ. سەرەتا بە تەنهایە، بەبێ مۆسیقا، بەڵام دوایی بە هاوشانیی نایەکە گۆرانییەکە دەڵێت. شایەنی باسە لێرەدا ئەم بەستەی گۆرانییە زۆر بە هەستێکی بەرز و جوانەوە دەچڕێت.

١٥- گۆرانی گۆرانی هەی بۆ هەلامە
١٦- گۆرانی پۆلێ جوانێ مەڕۆ
١٧- گۆرانی دەنگ دێ لە شیلانەکەی

**١٨- گۆرانی ئەسمەرێ دولبەرێ**

ئای یای
بەختێ لە ئەزەل سیا چارە بێ
دەستی لێ مەدە ئەی وەی با ئاوارە بێ
ئەسمەرێ دولبەرێ گوارەکەت زێڕە
بمدەیە ماچێ ئەی وەی لەو دەم و لێوە
چون بەفری کوێستان زەردەی خۆر پێوە

کراسێ لە غەم یەکێ لە مەینەت
بیبڕین بە باڵای ئەی وەی یاری یاری بێمەینەت
ئەسمەرێ دولبەرێ گوارەکەت زێڕە
مەردی خودا بە چاوێ بگێڕە

ئەرێ هەی
هەر کەسێ بیکا مەنعی ئەمن و تۆ
لە ماڵی بمرێ بە هەشت و بە نۆ
ئەسمەرێ دولبەرێ گوارەکەت زێڕە
بمدەیە ماچێ گیانە لەو دەم و لێوە

ئای یای
با بچین بۆ بانە بۆ بناری کێلێ
با بچین بۆ بانە بۆ بناری کێلێ
بۆ وردەبێچوو و وەی وەی
بۆ پای گێلگێلێ
ئەسمەرێ دولبەرێ گوارەکەت زیوە
مەردی خودا بە زووکا نێوت بزێوە


وای وای
بابەکەت بمرێ دایکت بێئیمان
وا بوو بە باعیس دڵی هەردووکمان
ئەسمەرێ دولبەرێ گوارەکەت زیوە
مەردی خودا بە لێوت بزێوە
نیو لیرەی ئاڵتون جوانێ ئەشرەفی پێوە

ئەرێ وەی شەرتە تا مردن عاشقی ڕاست بم
تا بە کەس نەگەم هەر تۆ شوناس بم
ئەسمەرێ دولبەرێ گوارەکەت زێڕە
مەردی خودا بە دەی دەی چاوێ بگێڕە
یارم کارمامزی دەشتی هەولێرە

ئەسمەرێ



میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه

٢٠- گۆرانی ڕەزیە
٢١- گۆرانی ئامینێ گۆرانی گیان گوارەکانت مەلەنگێنە
٢٢- گۆرانی یار زیزە و بێبەهانە

**٢٣- گۆرانی سپاوپوزی هەڵداوە**

پاوپوزی بە تەمیزی — پاوانەی تێکراوە
لەبەر ئەو دایکە دەمرم — مەمکی سەر زاری ناوە

سنگی پەنیری کوردی — زوڵفی گیا بەند و خاوە
کەلەکەی چەپم کونا — لێوئاڵ بە مست لێی داوە
وەی ئەگەر نابی بە یارم — خوداحافیز ماڵئاوا

بەژنی دارحەیزەرانە — مەمکی شەمامەی ساوا
بۆ خۆم دەستم لێ داوە — سەد قەولی بە من داوە
لەبەر چی لێم تۆراوە
بەبێ شەرت و بێبەهانە — گولەکەی دەردی گرانە
واتا بانێکت بۆ دروست کەم — چیمەنتۆ و باڵەخانە
چەکی ئەمریکای بۆ بێ — لە ملی کا خانمانە
لەو خاڵانە و لە لێوانە — کامیان ماچ کەم لەو دوانە

تەماشای بەژنوباڵای کە — مەغزی بەدەنی دیارە
بەژنی دارحەیزەرانە — مەمکی سێوی خومسارە
لەسەر باڵای لێوئاڵێ — با بمدەن لە سێدارە
شەرتە تاکو نەمکوژێ — دەستهەڵگر نیم لەو یارە

لێوی قەیتان کەتانە — لێوی قەیتانی ئاڵە
خاڵی قەتارقەتارە — بەین و بەینەڵا وایە
بمرم زۆر مەزادارە

جوانێ بەینالا جوانە دەڵێی فەرشی کاشانە
دەرمانی حەوت دەردانە ژنی گولەی مێردار
کارخانی هەمەدانە لەو خالانە لەو لێوانە
کامیان ماچ کەم لەو دوانە

یار زیزە و بێبەهانە گولەکەی دەردی گرانە
واتا بانێکت بۆ دروست کەم چیمەنتۆ و باڵەخانە
چەکی ئەمریکای بۆ بێ لە ئەستۆی کە خانمانە
لەو خالانە لەو لێوانە کامیان ماچ کەم لەو دوانە
دە وەرە بێنە ماچت کەم گولە دەردی گرانە

* بە ئۆکوردیۆن و نای و ڕیتم پارچەمۆسیقای چەمی ڕێزان لێ دەدرێت. ئەمە دووبارەیە یاخود لە مۆنتاژی کاسێتەکەدا دووبارە تۆمار کراوەتەوە.

گۆرانی ئەی بەلەنجە خاڵ لەنجەیە، وەی حەریرە، پێبکەنە با بتبینم (بێ دکتۆر)، لۆرکێ و لۆرکێ.

کۆتاییەکەی بە پارچەمۆسیقایەکە بە ئامێری ئۆکوردیۆن و ئیقاع.

# ئاهەنگی پێنجەم:
# حەسەن زیرەك ماڵی ئەحمەدی صۆفی کەریم[29]

ئەم کاسێتە بە ناوی (چەخماخ لێدە) ناسراوە.

**ژەنیاران:**

مام حەسەن: نەی

عەزۆل: تەپڵ

**١- گۆرانی هەی بێ**

ئەی وەی

کەی دانیشین دووبەدوو
کەڵەگەت و خاڵ لە ڕوو
مەمکت خڕە وەک هۆڵو
ئاگرت لە من بەردا
بەژنت نەمامی سنجوو
برژانگ ئەڵماسی دووسەر و
یەک یەک لە جگەرم هەڵچوو
وەی دێ و ناز دەکا
ڕۆیی و لە دەستم دەرچوو

ئەرێ بە فیدای دەمت بم
وەی وەی ڕۆژێ چوار جاران
ئەی سبح و نیوەڕۆ
ئەسمەر عەسر و ئێواران
ئەی بێ وەی لە گوڵە بێ
یارم لە نیوەشەو بێ
حەوت گەڕەک لێم دوورە
بۆنی مێخەک بەندی دێ
ئاگری لە من بەردا
خانمە چکۆلەی میرەدێ
قەولی من بوو لێوئاڵێ
پێم بڵێ مەیلت دا بە کێ

---

[29] –دووەم ئاهەنگی حەسەن زیرەکە لە ماڵی کاک ئەحمەدی سۆفی کەریم.

ئەی وای
تەماشای بەژن و باڵای کە    مەغزی بەدەنی دیارە
جگە لە منی ماڵوێران    دونیای بۆ حەکەدارە
هەی بێ دەبڵێن بێ    یارم لە نیوەشەودا
کچێ گەردن هەڵبێنە    پێم بڵێ مەیلت بە کێ دا

**٢- گۆرانی خۆم بە غوڵامی**

غەریب ماوم لە تارانێ    فرمێسکم دێ گیانە وەک بارانێ
کوشتەی تۆم خودا دەیزانێ    ئەی ناسکۆڵەی نەشمیلانێ

خۆم بە غوڵامی سوخمەی کۆنی    وەک مێخەکبەن دەڕوا بۆنی
هاتووم بزانم چ لۆنی    وێنەی شەمامەی بەبۆنی

قەستەم بە سورەتی عەمە    دایم دڵەکەم پڕ لە غەمە
چون بێدۆستم عومرم کەمە    وەکو جوو بۆی دەگریم ڕۆژی شەممە
خۆم بە غوڵامی سوخمەی جوانی    چەند عەنتیکە و میهرەبانی
تۆ شۆخ و شیرینزومانی    ناسکۆڵە لەبەردڵانی
تۆ بیت و سورەی وەلفەجری    فەسڵێ دەمبەن بۆ گوێ قەبری
فاتم وەی لە من بگرێ سەبری    بزانم یارم چۆن بۆم دەگری
خۆم بە غوڵامی سوخمەی کۆنی    وەک مێخەکبەند دەڕوا بۆنی
هاتووم بزانم چ لؤنی    وێنەی شەمامەی بەبۆنی

**٣- گۆرانی ئەرێ نازدار**

جوانی بە ئیلەڵا جوانی    وەی بە ملیۆنێ هەرزانی
لەبەر ئەو گۆزە دەمرم    ناسکێ دەیبا بۆ کانی

ئاگاداری یارم بێ    کاک ئەحمەد لە سلێمانی
ئەرێ نازدار عەمرم نازدار    سنگت کوێستانی خاڵدار

ده وه‌ره بێنه ماچت که‌م
له بۆ یاری خۆم ده‌کرم
له‌باتیی جارێک سه‌د جار
ده‌سماڵی پووله‌که‌دار

له‌به‌ر ئه‌و ژنه ڕه‌شتاڵه
من سه‌ر که‌مه سه‌ر ڕانت
گه‌ر گوله پرسیی کێیه
دیار بوو یه‌ک جار چه‌قه‌ی کرد
عروسم جومه‌رمه‌نم
قه‌دی وه‌ی ده‌ڵێی شمشاڵه
پێم داده ئه‌و ده‌سماڵه
ڕام ژێنه بڵێ منداڵه
بم شێله بڵێ بێحاڵه
من دینم بۆ تۆ به‌تاڵه

ئه‌رێ نازدار عه‌مرم نازدار
ده وه‌ره بێنه ماچت که‌م
**ئاوری له من به‌رداوه**
سنگت کوێستانی خاڵدار
له‌جیاتیی جارێ سه‌د جار
**<u>وه بۆ خۆم بوو گوڵ په‌ری</u>**

هه‌ناری له نێو ڕه‌زی
هه‌ناری له نێو ڕه‌زی
له‌سه‌ر بالای تۆ لێوئاڵ
ئه‌رێ په‌ری په‌ری په‌ری
ئیجازه‌م له دایکی سه‌ند
هه‌ی هه‌ی له ده‌ورت گه‌ڕێم
ده‌ستم لێ دا ده‌له‌رزی
ده‌ستم لێ دا ده‌له‌رزی
پیر بووم که‌وتمه عه‌رزی
قولینگی چۆمی گازه‌ری
بۆ خۆم ببمه مشته‌ری
لوتف جوانه کوده‌ری

دۆلاری وه‌ی له نێو لیران
دۆلاری له نێو لیران
باسکت له گه‌ردنت بێنه
قۆخی له نێو هه‌نجیران
قۆخی له نێو هه‌نجیران
ده‌رمانی جوان و پیران

ئه‌رێ په‌ری په‌ری په‌ری
قولێنگی چۆمی گازه‌ری
ئیجازه‌م له دایکی سه‌ند
هه‌ی هه‌ی له ده‌ورت گه‌ڕێم
په‌ری په‌ری په‌ری

بۆ خۆم ببمه مشته‌ری
هه‌ر ئه‌تۆ تاجی سه‌ری

بۆ خۆم دوورم نایگەمێ      کەس نییە وەڵامی بەمێ
ئەبرۆی ڕەشی هیلالی      کەوتوونە ژێر پەرچەمێ
سەبر و هۆشی لێ بڕیوم      خستوومیە بەحری غەمێ
سووچی پەچەکەت لادە      با مانگ دەرچێ لە تەمێ
ئەرێ نازدار نازدارێ نازدار      ئەرێ نازدار گیانم نازدار
ئەرێ نازدار دیدەم نازدار      دەرمانی دەردو پیران
دە وەرە بێنە ماچت کەم      لەجیاتیی جارێک سەد جار

*** لێرەوە دەگۆڕێ بۆ گۆرانیی بەرهەڵبێنە.**

٤- گۆرانی بەرهەڵبێنە

قەت نەبوو بڵێی دانیشین      تۆزێ بکەین ڕا و تەکبیر
سەد نەحلەت لەو حاڵەتەم      دەست لە مەمکان دەکەم گیر
دایکی بێ نەڵێ بابم      ئەتۆ جەحێڵ و ئەتۆ پیر
ئەرێ لێی دە و بەرهەڵبێنە

بەرهەڵبێنەی خام هەراوە      هەر دەڕۆیی دەکراوە
قەرارم کرد بە دوو ماچ      ڕاوەستام بۆم گرێ داوە
ئەرێ لێی دە و بەرهەڵبێنە
خودا دڵم مەشکێنە      تۆزێک وەرە باوەشم
توخودا دڵم مەشکێنە      تاوێ وەرە باوەشم
لە جێی فرمێسکی گەشم      ئەرێ لێی دە و بەرهەڵبێنە

ئەرێ لێی دە و بەرهەڵبێنە

سنگت باخی شنۆیە      کوڵمت گوڵی لیمۆیە
خزمینە مەمکەن لۆمە      گوارەی لە گوێ سێگۆیە
دەروونم پڕ بۆسۆیە      وەک برنجی عەنبەربۆیە

خەڵکی شێتی جدیانن      ئەو دڵەی من شێتی تۆیە
ئەرێ لێی دە و بەرهەڵبێنە

* لەگەڵ ئەم گۆرانییەدا هەندێک جار چەپڵەلێدان هەیە و یەکێکی تریش هەیە وەکو کۆرس دەیڵێتەوە.
کۆپلەی کۆتایی تورکییە.

**٥- گۆرانی هەی لێ لێ هەی لێ لێ پۆلێ جوانە مەڕۆ**

**٦- گۆرانی دینێ**

چاوت ڕەشە ڕەش و پێشن — دینێ مەڕۆ دینێ
ئەبرۆت بە جووت قەڵەمکێشن — خاڵەکەی ئامینێ

ئەی وەی وەی
خودا سابڵاخ باخچەی تێدا — دینێ مەڕۆ دینێ
قۆخ و هەنجیر پاڵیان لێک دا — خاڵەکەی نەسرینێ
لە دوای من مەیلت بە کێ دا — بەهـ لەبەر نەسرینێ

ئای ئای ئای
لە حوجرێدا خەتمم دەکرد — دینێ مەڕۆ دینێ
یەک لەناکاودا بانگی کرد — خاڵەکەی نەسرینێ
قوڕبەسەر لێوئاڵیان برد — دینێ مەڕۆ دینێ
قوڕت بەسەر لێوئاڵیان برد — بەهـ لەبەر نەسرینێ

ئای وەی
قەسەم بە ڕەحمان و ڕەحیم — دینێ مەڕۆ دینێ
بە خاڵی نەخشینی ئامین — دینێ مەڕۆ دینێ
من چۆن پێی بڵێم مستەقیم — بەهـ لەبەر نەسرینێ

ئەرێ
لە سیلەی قەبران سزایە — دینێ مەڕۆ دینێ
حاکم بمرێ لەو قەڵایە — خاڵەکەی ئامینێ

ئەرێ

ئەو شەو شەوە مانگەشەوە    دەستلەملان و وادەی خەوە

ئەرێ دەقاسپێنێ دەڵێی کەوە    دینێ مەڕۆ دینێ

دەقاسپێنێ دەڵێی کەوە    بەهـ لەبەر نەسرینێ

ئەرێ وای

غەریب ماوم لە سلێمانی    کوشتمی جووتێ چاوی جوانی

ناسکۆڵە و میهرەبانی    دینێ مەڕۆ دینێ

غەریبم قەدرم نازانی    بەهـ لەبەر نەسرینێ

دینێ



میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه

**٧- گۆرانی چەخماخ لێدە**

* لێرەدا گۆرانییەکە زۆر کورتە، سێ کۆپلەیە و دەگۆڕێت. ئیتر نازانم هۆکاری پچڕانی کاسێتەکەیە یان چی.

**٨- گۆرانی جەلسە**

نەرمونۆڵ و گردوبرد
دەستم لە بۆ مەمکی برد
کوڵمی سێوە لاسوورە
تێیدا هەن خاڵی وردورد
تووشی بووم لە ڕێی حەمام
داوای دوو ماچم لێ کرد
ڕەبی ماڵم وێران بێ
من کفری وام بۆچی کرد
ئاخ جەلسە
جەلسە کاری سلێمانی
تەڕ نابێ بە بارانی
عەشقی تۆم بۆ چ نازانی
ئاگری لە من بەرداوە
بە ملیۆنێ هەرزانی
چون لەسەرم واجبە
وەک ڕۆژی ڕەمەزانی
ئاخ جەلسە

تووشی بووم لە بەر دەرکێ
کلەی لە چاوان دەتکێ
پێم گوت بمدەیە ماچێ
من دەستنوێژم دەشکێ

بۆ من لە قیمەت نایە
بۆتە پێستی دەرەکێ
ئاخ جەلسە
جەلسە کاری تارانێ
تەڕ نابێ بەو بارانێ
باریکەی نەشمیلانێ
با کەوشەکەت پیس نەبێ
پێو لە سەر چاوم دانێ
ئاخ جەلسە

دە بڕۆ لە من حەرام بی
هەر وەک شەراب لە شێخان
هیچ قەولی ڕاستت نییە
غەیری درۆ و تەفرەدان
ئەگەر قەولم دادەیە
بە ڕاستی وەرە کەوان
دەنا بەو نەعلەتە بی
کە خودا کردی لە شەیتان

ڕوحمی خودات لە دڵا نییە
ئاخ جەلسە
جەلسەی کاری سەقزی
ئاوری لە من بەرداوە
ئاخ جەلسە

عەنتیکە و زێدەلاوە
سنگی پەنیری کوردی
کەلەکەی چەپم کون بوو
ئاوری لە دڵم بەرداوە
ماڵم لە بۆی شێواوە
ئاوری لە من بەرداوە
ئاخ جەلسە

جەلسە کاری تارانێ
باریکەی نەشمیلانێ
چۆن لەسەرم واجبە
ئەرێ ئەمشەو بۆم بێتە ژوانێ

بە سەرخۆشم مەزانن
دەستم گێڕا بەرۆکی
هاواری کرد وەی دایە
خزمینە مەمکەن لۆمە

ئاخ جەلسە
تەڕ نابێ بە بارانێ
چۆن لەسەرم واجبە
ئای جەلسە....

کافری بێدین و ئیمان

چوومە ژوانێ بە دزی
کوشتمی لەچک قرمزی

چۆنی لێ بکەم سڵاوە
زوڵفی گیا بەند و خاوە
ناسکۆڵ بە مست لێی داوە
بە سوێ ئاوڕێکی داوە

چۆنی لێ بکەم سڵاوە

تەڕ نابێ بە بارانێ

وەک ڕۆژی ڕەمەزانی


بە ژینم دەیپەرەستم
مەمکۆڵەی کەوتە دەستم
لەپڕ سەرپەنجەی گەستم
کوژراوی چاوی مەستم

جەلسەی کاری بۆکانێ
ناسکۆڵەی خانومانێ
وەک ڕۆژی ڕەمەزانێ

**جەلسە**



میانەی گۆرانی



پەیژەی نەهاوەند

**٩- گۆرانی دولبەر وەرە دولبەر**

چاوت ڕەشە ئەبرۆت بە گۆل دولبەر وەرە دولبەر
سولەیمانیت بۆ بدەم بە سۆل دولبەر وەرە دولبەر
تەواو نابێ قەول بەندی قەول دولبەر وەرە دولبەر

هەم دولبەری هەم سەروەری دولبەر وەرە دولبەر
خۆشم دەوێی ڕەشئەسمەری دولبەر وەرە دولبەر

شەدەی سەرت بە میعرابە دولبەر وەرە دولبەر
لێی ڕا دیارە ماڵی کابە دولبەر وەرە دولبەر

هەی ئەمن چۆنم ئەتۆش وابە دولبەر وەرە دولبەر
شەدەی سەرت ئاڵە و ئابی دولبەر وەرە دولبەر

سەر هەڵبێنە بێبەلا بی دولبەر وەرە دولبەر
ئەمن چۆنم ئەتۆش وابی دولبەر وەرە دولبەر

شەدەی سەرت توند دەبەستی دولبەر وەرە دولبەر
هەی لە بەر دەرکێ ڕادەوەستی دولبەر وەرە دولبەر

نەحلەت لەوەی پشت دەبەستی دولبەر وەرە دولبەر
هەم دولبەری هەم هاجەری دولبەر وەرە دولبەر
خۆشم دەوێی ڕەشئەسمەری دولبەر وەرە دولبەر

١٠- گۆرانی مەستورێ
ئای یای
سوێندێکت دەدەم تۆ وە بیلایی
مەستورە ئەمان مەستورێ گیان

وەصلی یار خۆشە یان پەرێشانی
مەستورێ ئەمان مەستورە گیان
پێی بڵێن مەستورە ڕێگاکەم دوورە
ئیشم زەروورە
مەستورێ ئەمان مەستورێ گیان
بمداتێ ماچێ لەو کوڵمە سوورە
مەستورە ئەمان مەستورە گیان

بڵێن بە مەستورە ئەمشەو بێحاڵم
مەستورە ئەمان مەستورێ گیان
بۆ خۆم ناتوانم ئەو بێتە ماڵم
مەستورێ ئەمان مەستورێ گیان
بۆخۆم ناتوانم ئەو بێتە ماڵم
مەستورێ ئەمان مەستورێ گیان
موبتەلای بیلا دوو لیمۆی کاڵم
مەستورێ ئەمان مەستورێ گیان


بڵێن بە مەستورە بیلا ڕێگاکەم دوورە
مەستورێ ئەمان مەستورێ گیان
خۆی بێ بۆ لای من ئیشم زەروورە
مەستورێ ئەمان مەستورێ گیان
دوو ماچی لێ بکەم لەو کوڵمە سوورە
حاڵم مەجبوورەمەستورێ گیان
بە شەو قەرەوڵ بە ڕۆژ حەرەسم
مەستورێ ئەمان مەستورێ گیان
لە غەمدا کەیلی بێچارە و پەستم
مەستورێ مەستورێ گیان

بلێن بە مەستورە ڕێگاکەم دوورە
دڵەکەم مەجبورە ئیشم زەروورە
بمداتێ ماچێ لەو کوڵمە سوورە
مەستورێ ئەمان مەستورێ گیان

**مەستورە**



میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

**١١- گۆرانیی دکتۆر.** لە دوای ئەم گۆرانییە پۆستە و دائیرە لێ دەدرێت و بەدوایدا گۆرانیی کوێستانان خاڵخاڵ دەڵێت.

**١٢- گۆرانی کوێستانان خاڵخاڵ**
کوێستانان خاڵخاڵ بەفری ناچێتۆ
ئەو ژنە تۆراوە ئاشتی نابێ تۆ
کوێستانان خاڵخاڵ بەفری ناچێتۆ
ئەو کچە تۆراوە ئاشتی نابێ تۆ

ئەرێ وەی وەی
بمکەبە خاتر دوو برای منداڵت
بێبەریم نەکەی لە لێوی ئاڵت
هاتووم بە وەڵا بپرسم حاڵت
کوێستانان خاڵخاڵ بەفری ناچێتۆ
ئەو کچە تۆراوە

ئەرێ دەستم لەبانی کەلامولا بێ
لە تۆ زیاتر مەگەر خودا بێ
کوێستانان خاڵخاڵ بەفری ناچێتۆ
قیبلەم تۆراوە چیی لێ بکەم ئاشتی نابێ تۆ

ئامادەبوانی ئاهەنگەکە کۆرسەکە دەسەننەوە.

**١٣- گۆرانی چارۆکە**
ئای یای
تەیری بێ دان و ئاوم
وەڵا سووتاوە باڵم
بە بیللا بۆی نەماوم
ڕەشە جەرگ و هەناوم
چارۆکە هەولێرییە
کۆڵوانە هەولێرێیە
ئەوا دەچمە سەر ڕێی مەڕێ

بۆ خۆم دەچمە سەر ڕێی مەڕێ
یارم شەنگەبێرییە
دەڵێن ئەوڕۆ نۆبە خێرییە

ئەی وای لە حوجرەدا خەتمم دەکرد
یەک لەناکاودا بانگی کرد
قوڕم بەسەر لێوئاڵ گیانە
چارۆکەکەی کۆڵی تۆ
کۆڵوانەکەی کۆڵی تۆ
عەترم پێیە و بۆم هێناوی
بە دیاری دەیدەم بە تۆ
سوێندم خواردووە و بۆم هێناوی
بە دیاری دەیدەم بە تۆ

ئەی لە دووریی تۆیە ڕەشپۆشم
مەست و خومار و سەرخۆشم
ئەی لە دووری تۆیە ڕەشپۆشم
مەست و خومار و سەرخۆشم
بە ماچت دێ فەرامۆشم
چارۆکەکەی کۆڵی تۆ
کۆڵوانەکەی کۆڵی تۆ
عەترم پێیە و بۆم هێناوی
بە دیاری دەیدەم بە تۆ
سوێندم خواردووە ماچی دەکەم
تەختی نێو چاوانی تۆ
کوڕە نێوان مەمکۆڵانی تۆ

ئەرێ وەی
لە دووریی تۆیە دەناڵم


سەرخۆش و من عەودالْم
موبتەلای چاوی چاوکالْم
چارۆکە هەولێرییە
کۆڵوانە هەولێرییە
ئەوا دەچمە سەر ڕێی مەڕێ
بۆ خۆم دەچمە سەر ڕێی مەڕێ
یارەکەم شەنگەبێرییە
دەڵێن ئیمڕۆ نۆرە خێرییە

ئای جوانی بەینالا جوانی
ژنی گولەی مێردانی
سەرتۆپی کوردستانی
عەشقم بۆچی نازانی
قەیتانی دوو لێوانی
نەماوم لە سلێوانی
سێوی باخی شێخانی
ئاورت لە من بەرداوە
کارمامزی لە کوێستانی
لەبەر ئەو مەمکەی دەمرم
وەک شەمامەی بێستانی
چارۆکەکەی کۆڵی تۆ
کۆڵوانەکەی کۆڵی تۆ
عەترم پێیە و بۆم هێناوی
بە دیاری دەیدەم بە تۆ
سوێندم خواردووە و ماچی دەکەم
تەختی نێوچاوانی تۆ
ئەی نێوان مەمکۆلانی تۆ
ئەو جارە بمدەنەوە
بیلا ئەو بەندەم ماوە

قەدباریکە و بەڵەک چاوە
ڕێم کە ڕێم کە
لە دووی بکەمە سڵاوە
سنگی پەنیری کوردی
زوڵفی تیا بەند کراوە
چارۆکەکەی گازەرە
کۆڵوانەکەی گازەرە
خۆ ناوێرم بیدوێنم
دایکی لەوێ حازرە
توندە دەڵێی ئاگرە
وەڵا توندە دەڵێی ئاگرە




میانەی گۆرانی



پەیژەی ڕاست

## ١٤- جارێکی تر گۆرانیی کوێستانان خاڵخاڵ


## ١٥- گۆرانی ڕێبوار و ڕێبوار

ئەی یای
دوو چاوی بازت بە قوربان بوون بە جەلادم
پێیان بفەرموون ئەی هاوار نەدەن عەزابم
ڕێبوار و ڕێبوار باوانم بە ڕێبوارت بم
لە مووچەی بەردی سەیدزادە میوانکارت بم
تۆزی ڕێی خالص بە قوربان من حەیرانت بم
شەرتە تا دەمرم ئەی هاوار میوانکارت بم

ڕێبـــوارو ڕێبـــوار



میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه

**١٦- گۆرانی جەلسە**

ماڵیان لە سەر شەقامە
لێوی شەکری خامە
عەمر و عەزیزم جوانە
ڕۆحی تازەکەم ئامە
ئاوری لە من بەرداوە
ئەمن داش و ئەو دامە
پێم گوت ئاوێزانت بم
یارە تازەکەت کامە
ئاخ جەلسە
جەلسەی کاری سلێمانی
تەڕ نابێ بە بارانی

نە سەرخۆش و نە مەستم
موبتەلای چاوی مەستم
شەوێ نانوم تا بەیانی
سبەینێ درەنگ هەڵدەستم
دەستم گێڕا بەرۆکی
مەمکۆڵەی کەوتە دەستم
هاواری کرد وەی دایە
لەپڕ سەرپەنجەی گەستم
ئاخ جەلسە
جەلسەی کاری تارانێ
تەڕ نابێ بە بارانی
چۆن لەسەرم واجیبە
وەک ڕۆژی ڕەمەزانی

قەیتانی دوو لێوانی
نەماوم لە سوێیانی
سێوی باخی شێخانی
بە ملوێنێ هەرزانی
جا ئەو دەردەی من دەکوژێ
ژنی گولەی مێردانی
ئاخ جەلسە
جەلسە کاری تارانێ
تەڕ نابی بە بارانێ
باریکەی نەشمیلانێ
کورتێ خاڵ دانەدانێ
پێت لە سەر چاوم دانێ
چۆن لەسەرم واجیبە
وەک ڕۆژی ڕەمەزانێ

من دەناڵم لە خۆوە
براکەم لە سایەی تۆوە
یارم قەولی دا نەهات
بە بیللا سوێم لێ بۆوە
جەلسە کاری میاندواوێ
تەڕ نابێ بە بارانی

من هاتوومه سلێمانی	بۆ چ به دەردم نازانی
چۆن لەسەرم واجیبه	وەک ڕۆژی ڕەمەزانی

**١٧- گۆرانی چاوجوان**

ئای لەبەر گەراج بووم یارم سوار بوو
غەم و مەراق و داخ له دڵی من بار بوو
سەری هەڵێنه بیلا جێگاشم دیار بوو
چاو جوانێ به قوربانت بم
ڕێم بکه دەستلەملانت بم
با شەوێ به میوانت بم


سەرێ هەڵێنه ڕوو له خودا که
تەماشای قاپییەکەی غەوسی بەغدا که
بەس لەوە زیاتر من شێت و شەیدا که
چاوجوان به قوربانت بم
ڕێم بکه دەستەملانت بم
با شەوێ به میوانت بم

نێرن دەڕوا بۆ ئێران جێگای من قەسره
عاشقی بالآی بووم به بیللا غەدره
پێم گوت وەره بۆ ژوان پێی وتم عەسره
چاوجوان به قوربانت بم
ڕێم بکه شەو میوانت بم
با شەوێ دەستلەملانت بم
ئای یای دەترسم بمرم نەتبینمەوه
به جوانەمەرگی من سەر بنێمەوه
چاوجوان به قوربانت بم
ڕێم بکه شەو میوانت بم


بەڵکە دەستلەملانت بم

ماڵ وا لە تاران خۆم لە سلێمانی
عاشقی باڵاتم بۆ چ پێ نازانی
بە دین و بە ملم زۆر زێدە جوانی
خودا قیسمەت بکەی ببمە میوانی
چاوجوان بە قوربانت بم
ڕێم بکە دەستلەملانت بم
بەڵکم شەو دەستلەملانت بم

**چاو جوان**



میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاە

**١٨- گۆرانی نازانم له کێ پرسم**

**١٩- گۆرانی ئامینێ گیان گوارەکانت مەلەگێنە**

لەم گۆرانییەدا دەنگی زۆر باش نییەو دیارە کە دەنگی زۆر ماندووە، دەمی زۆر گۆنا کات.

**٢٠- گۆرانی یار ئەمان**

(ئەم گۆرانییە ئەم دانیشتنە نییە، چونکە لێرەدا دەنگی ئامێری عود و کەمانچە هەیە). دەنگی ئامێری عود و کەمانچە دێت و لە شێوەی تیپێکی خنجیلە دەچێت، لەگەڵ دەنگی حەسەن زیرەکدا دەنگێکی تریش هاوشانیی دەکات، پێدەچێت کاک ئەحمەد شەماڵ بێت.

**٢١- گۆرانی نازانم لە کێ پرسم**

دەنگی هونەرمەند ئەحمەد شەماڵ هەیە و لەگەڵ حەسەن زیرەک بە نۆرە بەندەکان دەڵێن.

**٢٢-گۆرانیی لۆرکێ و لۆرکی**

٢٣- گۆرانیی لە سیلەی قەبران.

ئەمەش لەم دانیشتنە ناچێت، دەنگی ئامێری عود هەیە. ئەم ئامێرە لە کوێوە هاتووە؟

**٢٤- گۆرانی لەنجە و هاوار بە ماڵم**

دەست لە بانی دەست هەر خزمەتکارم
ئەی وەی لەنجە و هاوار بە ماڵم
بە جوابکارەکەت هەر منەتبارم
شلشل تەسکۆڵە مردم تا دێمە ماڵم
ئەی لە لەنجە و لەنجە و لەنجەیە
لەنجەی بە سەری پەنجەیە

بالآبەرز و هەی کەڵەگەت
ئەگەر دەستێکم دەتگاتێ
سەد ماچت دەکەم من بە کەڕەتێ
بە لەنجە و هاوار بە ماڵم
من وەک پەروانە سووتاوە باڵم
ناسک و نەرمە چاوی جوانە
نەشمیلانە و خانومانە
ئەی وەی لەنجە و هاوار لەنجەیە
لەنجەی بە سەری پەنجەیە

**٢٥- گۆرانی عەمرەکەم**

ئای ئای
جوانی بەینەڵا جوانی          ناسکۆڵ و خانومانی
لەبەر خاتری یاری خۆم          ئاوەدان بێت سلێمانی
شێت و شەیدای چاوی تۆم          بۆ چ بە دەردم نازانی
عەمرەکەم تۆی چاوەکەم          تەکبیرە بە تۆی دەکەم
ئەگەر تۆ بۆ خۆت ڕازی بی          لەو بەندەت ڕزگار دەکەم
ئەگەر بۆ خۆت پێت خۆش بێت          هەی گولەت دەردەدار دەکەم

ئای ئای
خۆشیم نەدی هەتیو          بەدبەخت و چارەڕەشم
عەمرەکەم ئۆف چاوەکەم          تەکبیرە و من بە تۆی دەکەم
ئەگەر تۆ بۆ خۆت ڕازی بی          هەی گولەت دەرمانخوارد دەکەم
ئەگەر تۆ بە من ڕازی بیت          خۆمت بە پێناو ئەکەم


ناوێرم بێنم ناوی          ناسکێ گەردنخەناوی
کە بە پەردە و زۆر جوانە          وەڵا وێنەی مراوی
قەبری مردووت جوان بنێژن          بلێی کێ بەردی پێدا داوی

عەمرەکەم ئۆف چاوەکەم
ئەگەر تۆ بۆ خۆت ڕازی بی
نەخۆش و دەردەدارم برا
لە دووری چاوی لێوئاڵ
گولە تەڵاقم کەویَ
عەمرەکەم چاوەکەم
ئەگەر تۆ بۆ خۆت ڕازی بی
ئەگەر تۆ بۆ خۆت ڕازی بی

تەکبیرە و من بە تۆی دەکەم
من کلت لە چاوان دەکەم
من بۆ یار بێقەرارم
ڕەنگزەرد و لێوبەبارم
لەبەر تۆ لە ژیان بێزارم
من تەکبیرە و من بە تۆی دەکەم
هەی گولەت دەرمانخوارد دەکەم
لەو بەندەت ڕزگار دەکەم




میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاە

**٢٦- گۆرانی هەی لێ لێ**

**٢٧- گۆرانی ڕەزیە و ڕەزیە**

**٢٨- گۆرانی بووک زێنێ**

هەی وەی وەی وەی بووک زێنێ ئەمنم خەڵکی گەرمێنێ
باسکم وە ژوور سەری دە پێی بڵێن دڵم نەشکێنێ
جەرگم هەمووی لەتلەتە بۆیە خوێن هەڵەیەنێ

جوانی بە ملی من جوانی ناسکی دەڵێی کەتانی
ئاوری لە من بەرداوە دەرمانی حەوت دەردانی

ناسکۆڵە و میهرەبانە هەر ئەو حاڵم دەزانێ
ئاوری لە من بەرداوە لەو سووچی خیابانێ
گرتم دوو ماچم لێ سەند وتم گۆزەکەت دانێ
با کەوشەکەت پیس نەبێ پێت لە سەر چاوم دانێ
ئاوری لە من بەرداوە قیتەی گوارە جۆلانە
ئەی وەی وەی وەی بووک زێنێ ئەمنم خەڵکی گەرمێنێ
ئاورت لە من بەرداوە خەم ڕەوێنی دەردانی
ئەو ملوانکەی تەسکۆکە لاڵ بم مەمکی دێشێنێ


* ئەم بەشەی خوارەم لە کتێبی ناڵەشکێنە وەرگرتووە. تۆماری ئەم گۆرانییە زۆر باش نەبوو و وشەکان زۆر ڕوون و ئاشکرا نەبوون.

تەماشای بەژنوباڵای کەن مەغزی بەدەنی دیارە
لەسەر ئەو باڵای جوانی با بمدەن لە سێدارە
شەرتە تاکو نەمکوژن دەسهەڵگیر نیم لەو یارە
شەو و ڕۆژ لەیل و نەهار دڵ بۆ وی بێقەرارە
دە وەرە دە وەرە با جووت بین جووت مەمکی وەک هەنارە

خزمینە مەمکەن لۆمە بەینەڵڵا مەزەدارە
ئۆخەی ئۆخەی بووک جوانێ ئەمنم خەڵکی بۆکانێ
با کەوشەکەت تەڕ نەبێت پێت لە سەر چاوم دانێ



میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

* جۆرێک لە ئاوازی بچووک هەیە لە نێوان هەمایۆن و بەیاتدا خۆی دەبینێتەوە و تا ئێستا ساغ نەکراونەتەوە و ناوی تایبەتیان نییە. پەیژەی ئەم گۆرانییە دەچێتە چوارچێوەی ئەم تیۆرییەوە.

٢٨- گۆرانی  ئەمان ئەمان

لێرەدا لەگەڵ ئەوەی یەکەمدا جیاوازە. ئەمەیان ئەم دانیشتنەیە.

٢٩- گۆرانی  کیژان دەچنە مێرگولان

٢٩- گۆرانی ئەی وەی بەلەرزانە

٣٠- گۆرانی لۆرکێ و لۆرکێ

٣١- گۆرانی  لە سیلەی قەبران

# ئاهەنگی شەشەم

# حەسەن زیرەك ماڵی مەلا ئەحمەدی پاقلاوە، ١٩٦٧/٤/٣

**ژەنیارەکان:**

| | |
|---|---|
| ١- ئەنوەر قەرەداغی | ئامێری کەمان |
| ٢- ولیەم یوحەنا | ئامێری عود |
| ٣- نەجمەدینی خەیات | ئیقاع، ڕیتم |

بە تەسجیلی جۆری ( Teka٢٠) تۆمار کراوە.

* بە شێوەیەکی گشتی، ئەم کاسێتە هاوشێوەی زۆرێک لە ئاهەنگی دانیشتنەکانی ماڵانی تر نییە، لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە: کۆمەڵێک ژەنیاری بەتوانای ئەو سەردەمە کارەکان ئەنجام دەدەن کە سەلیقە و توانای ئەمان ڕەنگی داوەتەوە. هەروەها کاری تۆمارکردنەکەش زۆر باشترە لە تۆمارکردنی دانیشتنەکانی تر. لە ڕووی دەستپێکردنی گۆرانیبێژ و بواردان بە ژەندنی کۆپلەی مۆسیقاکان هاوئاهەنگی هەیە و دیارە پێشوەخت پرۆڤە کراوە. شایانی باسە یەکێک لە ئامادەبوانی ئەم ئاهەنگە کاک محەمەدی حاجی سەعیدی خاوەنی تۆمارگەی خەیامە و لەسەر ئەم دانیشتنە وتوویەتی: "حەسەن زیرەک لەم ئاهەنگەدا چاکەت و پانتۆڵی لە بەردا بووە، ڕۆنێکی زۆر سەرنجڕاکێشی دابوو لە سەری. لە دوای ئاهەنگەکە کاک مەلا ئەحمەدی پاقلاوە لە پێش چاوی ئامادەبواندا دەیەوێت بڕی ١٠ دینار بداتە حەسەن زیرەک، بەڵام حەسەن زیرەک ڕەتی دەکاتەوە و نایەوێت پارەکە وەربگرێت، تەنانەت دەست دەکات بە گیرفانیدا و دەڵێت من ئەوەتا پارەم پێیە. کە پارەکە دەردەهێنێت، تەنها نیو دیناری دڕاوی پێ بووە، وتوویەتی سوپاس بۆ خوا من ئەمەندەم

بەسە، بەڵام ئامادەبوان و کاک مەلا ئەحمەدی پاقلاوە زۆری لێ دەکەن و پارەکەی پێ دەدەن، ئەویش ١٠ دینارەکە وەردەگرێت و دەڵێت: بەو مەرجەی ئەمە دەکەمە دەعوەتێک و سبەینێ یان دوو سبەی ئەم مەجلیسە دەبێت بێنە ماڵی ئێمە کە ماڵەکەی لە ماڵی ئەمینی دەرابەدا بووە و هەر لەوێ نیشتەجێ بووە." لە درێژەدا دەشڵێت "حەسەن زیرەک بەردەوام لەگەڵ سدیقی عەرەبانچیدا هاتوچۆی هەبووە."[30]

**١- گۆرانی شەدەلار**

ئەرێ هەر تەمێک لەسەر تۆیە و ساکنە
ئەرێ هەر تەمێک لەسەر گیان تۆیە و ساکنە
خۆ ئەوە تەم نییە وەڵا هەناسەی منە
شەدەلار مەڕۆ چاوبەخومار بووکی پار
خاڵ دانەدانە
دەبێنە بێنە ماچت کەم مەرد و مەردانە
ئاخ دەردم گرانە

بیکە بە خاتری تۆ زەردەی خۆراوە
سەر بێنە دەر جوانێ لە تۆی کەژاوە
شەدەلار ئۆف چاوبەخومار مەڕۆ
مەزەدار جوانی جوان جوانی لای بانە
دە بێنە بێنە ماچ کەم با مەحرەمانە
ئاخ دەردم گرانە


---

[30]- ئەم زانیارییانەم لە کاک کاوەی کوڕی محەمەدی حاجی سەعید وەرگرتووە کە لە ساڵی ١٩٩٢ەوە لەگەڵ کاک کەمالی حاجی سەعیدی مامی لە تۆمارگەکە کار دەکات و چەند ساڵێکیشە بە تەنها خۆی تۆمارگەکە بەڕێوە دەبات. بە هۆی ئەوەی کە ڕۆژانە هونەرمەندان سەردانی ئەم تۆمارگەیە دەکەن و بەردەوام سەرگوزەشتەی هونەر و هونەرمەندان لێرەدا دەگێڕنەوە، بۆیە زانیاریی تەواوی لەسەر زوربەی هونەرمەندان و دانیشتنەکانی شاری سلێمانی هەیە.

## شەدە لار



میانەی گۆرانی



پەیژەی نەهاوەند (ئەسفەهان)

**٢- گۆرانی باوانەکەی بابی من**

باوانەکەی بابی من تۆی		بۆت مردم جوانێ
ناسکۆڵە و کیژی کوردوستان		مەیلەکەت کوانێ
ئاگرت لە من بەرداوە ناسک		ماڵ لە بۆکانێ
لێرەوە بە قوربانت بێ		تاکو جزیرە و بۆتانێ

کاغەزێ دەنووسم بۆ لەیلا		بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە
چریکەی قولینگان دێن لە حەوا و		دەڵێن کوێستانچی دێنەوە
شەو دەعوەتیان گرت بەڕێزان		ئۆف لالەبەدەستان

چەند ڕێک و شۆخ و تەمیزی		کیژۆڵەی کوردستان


باوانەکەی بابی من تۆی		هێز و هەناوم
باوەڕم پێ بکە نەماوم		بۆ تۆ سووتاوم
هاتم لە جێژوانێ نەبووی		شل بوو هەنگاوم
لە پۆلیسخانە کەوتووم		چاو بە مۆلەق وەستاوم
کاغەزێ دەنووسم بۆ یارم		بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە
چریکەی قولینگان دێن لە حەوا و		دەڵێن کوێستانچی دێنەوە
شەو دەعوەتیان گرت بەڕێزان		لالەبەدەستان
چەند ڕێک و شۆخ و تەمیزی		کیژۆڵەی کوردوستان

باوانەکەی بابی من تۆی		بۆت نەمام ئەسمەر
سوێندت بۆ دەخۆم بە قورئان		بە خودا و پێغەمبەر
لەسەر باڵای تۆ دیسانیش		من بووم دەربەدەر
بۆ تۆ نەماوم ڕەحمت بێ		مردم ڕەشئەسمەر
کاغەزێ دەنووسم بۆ لەیلا		بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە
چریکەی قولینگان دێن لە حەوا و		دەڵێن کوێستانچی دێنەوە

شەو دەعوەتیان گرت بەڕێزان　　　لالەبەدەستان
چەند ڕێک و شۆخ و تەمیزی　　　کیژۆڵەی کوردوستان




میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

* لە دوو سەرەتادا کۆپلەخاوکردنەوەی تیایە. هۆنراوەکانیم نەنووسیوە.

**٣- گۆرانی مەزەدار**
خونچە دڵەکەی من باوەشی تۆی دەوێ
خونچە دڵەکەی من باوەشی تۆی دەوێ
گەڕووم لێ دەگرێت بۆم نانوێ شەوێ
وەی گەڕووم لێ دەگرێت بۆم نانوێ شەوێ
پێم بڵێ مەزەدار مەزەدار
بۆچی تۆراوی پێم بڵێ چاوبەخومار
بۆچی تۆراوی ڕەقیب چی گوتووە
لە من تۆراوی
وەی حەسوود چی گوتووە، لە من تۆراوی


خونچە دڵەکەی من گریە و زار دەکات
خونچە دڵەکەی من گریە و زار دەکات
تۆ خۆت دەزانی بۆ چ هاوار دەکا
تۆ خۆت دەزانی بۆ چ هاوار دەکا
پێم بڵێ مەزەدار مەزەدار بۆچی گریاوی
پێم بڵێ مەزەدار بۆچی گریاوی
حەسوود چی گوتووە لە من تۆراوی
دەڵێن وەنەوشەی شەونم لێی داوی

خونچە دڵەکەی من باوەشی تۆی دەوێ
خونچە دڵەکەی من باوەشی تۆی دەوێ
مەمکێکت نارنج یەکێکت لیمۆ
پێم بڵێ مەزەدار بۆچی تۆراوی
پێم بڵێ مەزەدار بۆچی تۆراوی
حەسود چی گوتووە لە من ڕەنجاوی
وەی ڕەقیب چی گوتووە لە من تۆراوی

## مەزە دار



میانەی گۆرانی



پەیژەی ڕاست

* کۆپلەی دووەم و چوارەم بە زمانی تورکی دەڵێت.

**٤- گۆرانی دینێ**

لە بەر دەرکیان بووم بە خاکا    دینێ مەڕۆ دینێ
یەخەی خۆم دەدڕم سەر پاکا    دینێ مەڕۆ دینێ
کافرە، متمانەم پێ ناکا    خاڵەکەی نەسرینێ

چاو و ئەبرۆت لە یەک زیرن    دینێ مەڕۆ دینێ
میسلی شاهان بەتەکبیرن    دینێ مەڕۆ دینێ
ساحێبی کۆت و زنجیرن    دینێ مەڕۆ دینێ
وەکو باز دەگرێ نێچیرێ    بەهـ لەبەر نەسرینێ

ساقی بە خودا و بە پێغەمبەر    دینێ مەڕۆ دینێ
ساقی بە خودا و بەپێغەمبەر    دینێ مەڕۆ دینێ
بە میحرابی چاوی دولبەر    دینێ مەڕۆ دینێ
کەوتوومە گێژی ئەسکەندەر    خاڵەکەی ئامینێ

چاوت چرای سەحرای چینێ    دینێ مەڕۆ دینێ
چاوت چرای سەحرای چینێ    دینێ مەڕۆ دینێ
کوڵمەت گوڵی نێو پەرژینێ    دینێ مەڕۆ دینێ

وەکو من دیم کەس نەیبینێ    دینێ مەڕۆ دینێ
لە بۆی وەرگەڕام لە دینێ    خاڵەکەی ئامینێ

چاو و ئەبرۆت بە تەنیایە    دینێ مەڕۆ دینێ
من بێباکم لەم دنیایە    دینێ مەڕۆ دینێ


هەرچی دەڵێم بۆ خەتایە    پێت گوتم وە بیرم نایە
دینێ مەڕۆ دینێ
گوناهی من لە سەر دەریایە    خاڵەکەی نەسرینێ

گوڵ و ڕێحان بوون بە برا    دینێ مەڕۆ دینێ
ڕێحانە بۆنی خۆشترە    دینێ مەڕۆ دینێ
گوڵ لە ڕێحانەی جوانترە    خاڵەکەی ئامینێ
گوڵ لە ڕێحانەی جوانترە    خاڵەکەی نەسرینێ

دیـنـیٚ مـەرۆ دیـنـیٚ



میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه

**٥- گۆرانی  چارۆکەسوور**
**٦- گۆرانی کوێستانان خاڵخاڵ**
**٧- گۆرانی لۆرکێ لۆرکێ**

**٨- گۆرانی کرماشان**

کرماشان شاری شیرینم شاری جوان و کوردنشینم
حەزدەکەم دایمە بتبینم خۆشم دەوێی کچەجیران
خۆشم دەوێی کچەجیران بە دۆستم بی یان دەستگیران
سوورە گوڵەکەی نێو موکریان

ئای کرماشان شارێکی جوانی شاری گەورەی کوردوستانی
ساحێبی تاق و وەستانی خۆشم دەوێی کچەجیران
خۆشم دەوێی کچەجیران بە دۆست بی یان دەستگیران
ئەی وەی وەی دە وەرە دە وەرە بابان وێران

کرماشان جێگەی ئەجدادم جێگای شیرین جێی فەرهادم
قەت ناچی لە بیر و لە یادم خۆشم دەوێی کچەجیران
خۆشم دەوێی کچەجیران دە وەرە دە وەرە بابان وێران
وەی وەی وەی سوورە گوڵەکەی نێو موکریان


* خاوکردنەوەیەکی تیادایە، بە شێوەی مەقام ئەم بەندە دەڵێت:
(ژیان و ئەرکی ناخۆش پەپوولەی ئارەزووی کوشتم،
شەرابی جامی دڵداری لە تافی لاویدا ڕشتم.)

کرماشان شاری دڵخۆشی شاری شیرین و سەرخۆشی
تۆ دەبینم بۆم دێت فەرامۆشی خۆشم دەوێیت کچەجیران
خۆشم دەوێیت کچەجیران دە وەرە دە وەرە بابان وێران
ئەی وەی وەی سوورە گوڵەکەی نێو موکریان

## كرماشان



میانەی گۆرانی



پەیژەی هوزام

**٩- گۆرانی نازانم**

باز نی یا نە تەڕلانی      خاسەکەوی کوێستانی
دە وەرە ئاوێزانت بم      شەمامەی چوار بێستانی
دە وەرە دە وەرە بتبینم      کیژۆڵەی دەبیرستانی
ئاگرت لە من بەرداوە      یاری تۆ لە کوێستانی
نازانم لە کێ پرسم      یارم میوانی کێیە
سەبارەت بە یاری خۆم      ئاوەدان بێ ئەو جێیە
زێڕی هەژدە عەیارە و      دەمانچەی کەلەکێیە
دە وەرە بمدەیە ماچێ      غەریبم کەیفم پێیە

بە سەرخۆشم مەزانە      بە ژینم دەیپەرستم
دەستم گێڕا بەرۆکی      مەمکۆڵەی کەوتە دەستم
هاواری کرد وەی دایە      لەپڕ سەرپەنجەی گەستم
خزمینە مەمکەن لۆمە      موبتەلای چاوی مەستم
نازانم لە کێ پرسم      ئەو گوڵە میوانی کێیە
سەبارەت بە یاری خۆم      ئاوەدان بێ ئەو دێیە
دە وەرە بمدەیە ماچێ      بە قوربان مەیلم لێیە

جوانی بە ملی من جوانی      سەرتۆپی کوردوستانی
لەبەر ئەو گۆزە دەمرم      ناسکۆڵ دەیبا بۆ کانی
باسکم وەکو سەرینە      خۆشەویستی میوانی
ناسکۆڵە و میهرەبانی
ئاگرت لە من بەرداوە      لە کوێرا دەزانی
جا ئەو دەردە من دەکوژێ      ژنی گولەی مێردانی
نازانم لە کێ پرسم      بڵێم میوانی کێیە
زێڕی هەژدە عەیارە      دەمانچەی کەلەکێیە
سەبارەت بە یاری خۆم      ئاوەدان بێت ئەو جێیە
دە وەرە بمدەیە ماچێ      غەریبم مەیلم لێیە

نازانم له کێ پرسم
ئەو کچە میوانی کێیە
سەبارەت بە یاری خۆم
ئاوەدان بێت ئەو جێیە
زێڕی هەژدە عەیارە و
دەمانچەی کەلەکێیە
دە وەرە بمدەیە ماچێ
غەریبم مەیلم لێیە
ئاوری لە من بەرداوە
شۆخە گوارەلەگوێیە

* خاوکردنەوەی تیایە، وشەکانی تورکین.

**١٠- گۆرانی ئامینێ گیان**

ئای سلێمانی شاری کۆنە
ئەرێ ئامینێ گیان گوارەکانت مەلەرزێنە
لێی دەخوێنێ سەقر و سۆنە
هاتووم بزانم یارم چۆنە
ئەرێ ئامینێ گیان گوارەکانت مەلەرزێنە
بیلەرزێنێ دەتبزوێنم
نەمرم لەو بەندەت دەردێنم
ئەرێ ئامینێ گیان گوارەکانت مەلەرزێنە

سلێمانیم شاری تازە
لێی دەخوێنێ سەقر و بازە
زوڵف ماری بێئیجازە
ئەرێ ئامینێ گیان گوارەکانت مەلەرزێنە
بیلەرزێنی دەتبزوێنم
نەمرم لەو بەندەت دەردێنم

سلێمانیم شاری جوانە
ئەرێ ئامینێ گیان گوارەکانت مەلەرزێنە

یاری من شیرینزمانه
ئەریَ ئامینیَ گیان گوارەکانت مەلەرزێنە
خۆی شۆخە گیان میهرەبانە
ئەریَ ئامینیَ گیان سووک بڕۆ
گوارەکانت مەلەرزێنە
بیلەرزێنی من دەتبزوێنم
نەمرم لەو بەندەت دەردێنم


ئەریَ ئای خەمی خۆمە و دەردی دوان
ئامینیَ گیان گوارەکانت مەلەرزێنە
ڕەنگزەردی تۆم وەک مردوان
سووک بڕۆ و کەوشەکانت مەچەسپێنە
بە قاو ناکەم بە نیشتوان
ئامینیَ گیان گوارەکانت مەلەرزێنە

ئەی وەی وای
سلێمانیم بەڕێوجێیە
هەر سالّیَ حاکمێکی لێیە
سەری سنگت ئەلف و بێیە
نەمخوێندووە، دەرسم پێیە
ئەریَ ئامینیَ گیان گوارەکانت مەلەرزێنە
بیلەرزێنی منیش دەتبزوێنم
نەمرم لەو بەندەت دەردێنم

## ئامینێ گیـان



میانەی گۆرانی



پەیژەی نەهاوەند (نەوا)

**١١- گۆرانی  ئامینێ ئەوڕۆ ئەوڕۆ**

ئەرێ ئامینێ گیان ئەوڕۆ، ئەوڕۆ، ئەوڕۆ
ئەرێ کێلگەردنی دوێنێ فەسڵی نیوەڕۆ
ئەی هاوار سووره گوڵەکەی تانجەرۆ
بۆت مردم هێندە بە لەنجە مەڕۆ
ئەرێ ئامینێ گیان ئەوڕۆ، ئەوڕۆ، ئەوڕۆ
کێلگەردن گیان هێندە بە لەنجەی مەڕۆ

ئەرێ ئامینێ گیان لە سەر پردی بۆکانێ
ئەی هاوار، ناسکێ گوارە جۆلانێ
بۆی مردم بۆ چ بە دەردم نازانێ
پێی بڵێن پیر بووە، ئەو مەکرەی دانێ
ئەی هاوار ڕاو لە کۆنە نازانێ
ئەی هاوار مەیلی جاران کوانێ
ئەرێ ئامینێ گیان ئەوڕۆ، ئەوڕۆ، ئەوڕۆ
کێلگەردن دوێنێ فەسڵی نیوەڕۆ
بۆت مردم سووره گوڵەکەی تانجەرۆ
ئەی هاوار هێندە بە لەنجە مەڕۆ
ئەرێ ئامینێ گیان ئەوڕۆ، ئەوڕۆ، ئەوڕۆ

ئەرێ وەی
ئامینێ گیان لە سەر پردی میاندواوێ
بۆت مردم هێسترم لێ کەوتە ئاوێ
چیی لێ بکەم وەڵڵا شێتە هەڵداوێ
بە خودا دنیام بەبێ تۆ ناوێ
ئەی هاوار سێبەر لە من حەرام بێ
ناسکۆڵێ با بسووتێم لە بەر تاوێ
ئەی هاوار ئەی هاوار کوڵمت گوڵی سێڵاوێ

ئامینێ گیان ئەوڕۆ، ئەوڕۆ، ئەوڕۆ
بۆت مردم سوورە گوڵەکەی تانجەرۆ
ئەی هاوار هێندە بە لەنجە مەڕۆ


ئەی وەی
ئامینێ گیان لە سەر پردی سەقز لوو
چیی لێ بکەم عاشق بووم بە کچێکی جوو
بمکوژن ڕۆیی و لە دەستم دەرچوو
بە وەڵڵا بەژنی نەمامی سنجوو
بە خودا مەمکی خڕ بوو وەک هەڵوو
ئەی هاوار سنگی بەفری هەڵمەڵوو

ئامینێ گیان ئەوڕۆ، ئەوڕۆ، ئەوڕۆ
کێڵگەردنی دوێنێ فەسڵی نیوەڕۆ
بۆت مردم هێندە بە لەنجە مەڕۆ
ئەی هاوار سوورە گوڵەکەی تانجەرۆ
ئەی هاوار ڕۆیی دوێنێ نیوەڕۆ
ئەرێ ئامینێ گیان ئەوڕۆ، ئەوڕۆ، ئەوڕۆ

ئامینێ گیان، لە سەر پردی شار وێران
ئەی هاوار سوورە گوڵەکەی موکریان
ئەی هاوار لێی بردم بای زریان
ئامینێ گیان ئەوڕۆ، ئەوڕۆ، ئەوڕۆ
کێڵگەردنی دوێنێ فەسڵی نیوەڕۆ
بۆت مردم هێندە بە لەنجە مەڕۆ
دە وەرە دەی دە بڕۆ دەی
سوورە گوڵەکەی تانجەرۆ




میانەی گۆرانی



١٢- گۆرانیی ڕەزیە، زۆر کورتە و دەبڕێت.

# ئاهەنگی حەوتەم :
# حەسەن زیرەك ماڵی مەحموودی تۆفیق شلك [31]

[31]- مەحموودی تۆفیق شلک ناوی تەواوی مەحموود فەتاحە، ساڵی ١٩٢٠ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی هونەردۆست و دەنگخۆش لەدایک بووە. لە خانەوادەی گورج ئۆغڵیە. ئەو ئۆغڵییەش کوردن و خەڵکی ناوچەی گورجستانن، لە سەردەمی بابانییەکانەوە هاتوونەتە شاری سلێمانی، وەک هونەرمەند خۆی ئاماژەی پێ داوە، دایک و باوک و براکانیشی دەنگیان زۆر خۆش بووە. بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، نەهاتوونەتە ئەم بوارەوە. هونەرمەند ساڵی ١٩٢٧ تا ساڵی ١٩٢٩ بۆ ماوەی سێ ساڵ دەچێتە حوجرەی مەلا حامیدی مەلا حەمدونی شاعیری گەورە، پاشان لە ساڵی ١٩٣١ چووەتە قوتابخانەی دووەم و دواتر لە قوتابخانەی فەیسەڵیە درێژەی بە خوێندن داوە. هەروەها لە قۆناغی ناوەندیدا دەچێتە قوتابخانەی ناوەندیی سلێمانی، هەر لە سەرەتای چوونە قوتابخانەی ناوەندییەوە لە ساڵی ١٩٣١دا بە هۆی دەنگخۆشییەکەیەوە هەڵدەبژێرێت بۆ گرووپی سرود و گۆرانی کوردی. هەر ئەم بەشداربوونەشی دەبێتە هاندەرێک بۆی تا خۆی لە بواری گۆرانیوتندا ببینێتەوە. هونەرمەند لە زاری خۆیەوە دەڵێ لە زەمانی ئێمەدا گۆرانی ئەوەندە باوی نەبوو وەک ئێستا، تەنها هەندێک ئاهەنگی تایبەت نەبێت وەک (خەتەنەسووران و ژنهێنان). هونەرمەند مەحموود تۆفیق شلک لەگەڵ گۆرانیبێژانی شاری سلێمانی و گۆرانیبێژانی تری کوردستاندا لە کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتن و هەندێ لە ئاهەنگی تایبەتی ماڵاندا بەشدار بووە کە تیایدا کۆمەڵێک بەستەی زۆر بە جوانی چڕیوە. جێی ئاماژەیە لە وتنی مەقامیشدا، بە تایبەت مەقامی سەفەر، شارەزا بووە و لە هەندێ کۆڕ و کۆبوونەوەدا بە هەست و سۆزێکی ناوازەوە ئەم مەقامەی چڕیوە. لەم بارەوە دەڵێت: "ئەم مەقامە لە ڕەحمەتی شێخ نوری شێخ ساڵحی باوکی شەهید شەهابەوە فێر بووم. لە ساڵی ١٩٣٧ -١٩٣٨ەوە مەقامی سەفەرم وتووە." بە داخەوە، بە هۆی نەبوونی ئامرازی تۆمارکردنەوە زۆرێک لەو ئاهەنگ و دانیشتنانە تۆمار نەکراون و فەوتاون، هەندێکیان تۆماریش کراون، بەڵام بە هۆی خراپیی کواڵێتییانەوە نەشیاون؛ هەندێکیشیان لە دەستی کەسانێکدا بوون کە بڵاویان نەکردوونەتەوە و فەوتاون. یەکەم گۆرانیی تۆمارکراوی هونەرمەند لەگەڵ حەمەساڵح دیلان بووە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ لە قلیاسان لە خێوەتی جەوادی شەفیق ئاغای کۆیی لەگەڵ حەمەی حاجی تایەر و حەمەی سەعاتچی و کۆمەڵێکی تر. ساڵی ١٩٤٣ لەگەڵ کافیە خانی کچی وەستا محەمەدی خەیات ژیانی هاوسەرگیری پێک دێنێت و دەبنە خاوەنی (٥ کوڕ و ٣ کچ) بە ناوەکانی (ئاوات، ئومێد ئازاد، ئاسۆ، ڕزگار، شەوبۆ، گوڵاڵە، بەهرە). لەم ساڵانەی دواییدا تەلەفزیۆنی خاک و کوردسات چەند بەرهەمێکیان بۆ تۆمار کردووە و لە هەندێ بەرنامەی تایبەتدا بەشدار بووە. لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٦/١٣) کۆچی دوایی کردووە لە گردی

**ژەنیاران:**

مام حەسەن: نای

عەزیز: تەپڵ

هونەرمەند مەحموودی تۆفیق شلک لە زۆربەی گۆرانییەکاندا بەشدارە و بە تەنهاش مەقامێکی سەفەر زۆر بە جوانی دەچڕێت.

**١-گۆرانی بوک مریەمێ**

ئای یای

تەیرم بێ خانە و لانە　　لێم شێواوە هێلانە

چی لێهات ئەو بەچکانە　　ماڵم بۆ وا وێرانە

دڵ بۆ وی سەرگەردانە

پێم گوت ئاوێزانت بم　وەڵاهی　　ئەو دڵەم بەحری غەمانە

ئۆخەی ئۆخەی بووک زێنێ　　ئەمنم خەڵکی گەرمێنێ

ئەو بەربوورەی لە ملدا ئەی هاوار　　لاڵ بم مەمکی دێشێنێ

تەماشای بەژنوباڵای کە　　مەغزی بەدەنی دیارە

ئۆخەی ئۆخەی بووک مریەم　　ئەتۆ گوارەی ئەمنیش گوێم

وەک دەمانچەی لەسەر پێم　　دەستم لێدەی دەترازێم

تۆ قەمەرە و ئەمنیش ڕێم　　تۆ گوارەی ئەمنیش گوێم

سەعات لە چواری شەوێ باوانم　　پیاو مەنێرە بۆ خۆم دێم

هەموو دونیا دەیزانێ　　موبتەلای جووتێ هەرمێم

عەنتیکە و زێدە لاوە　　چۆنی لێ بکەم سڵاوە

سنگی پەنیری کوردی هەتیو　　زوڵفی گیا بەند و خاوە

کەلەکەی چەپم دێشێ وەی وەی　　ئەو کچە بە مست لێی داوە

ئەگەر نابی بە یارم　　خودا حافیز ماڵئاوا

کراس فەخفەرانی　　بە باڵاکەی بڕاوە

---

(سەیوان) بە خاک سپێردراوە. سەرچاوە: بەرنامەی چراکان و کاک ئازادی مەحموود تۆفیق شلک. چاوپێکەوتنی مەیدانی.


نه کورته و نه درێژه    له سەر پەنجەی وەستاوه
ئاگری له من بەرداوه ئەی هاوار    چۆنی لێ بکەم سڵاوه

ئۆخەی ئۆخەی شۆڕه ژن    با لەسەر تۆ بمکوژن
دەست له باڵات هەڵناگرم وەڵا    نۆ منداڵ مەمکت بمژن
قەیناکه با لەسەر تۆ    وەی وەی وەی
کورد به بڕنەو بمکوژن

بوك مریەمێ



میانەی گۆرانی



پەیژەی خورشیدی

**٢- گۆرانی لەنجە و گیان**

**٣- گۆرانی لە سلێمان کەندی**

لە سلێمان کەندی خۆم دا بە چۆمدا
بۆ ئایشێ چاوجوان لە بەردە زەردا
هۆ لەیل و لەیل هۆ لەیلانە
گەر دەتبینم جێژنی قوربانە
نەتبینم ماڵم وێرانە


ئەرێ وەی وەی
لە سلێمان کەندی خۆم دا بە چۆمدا
قورئانێ دەخۆم ئەو یاری خۆمە
هۆ لەیل و لەیل و لەیل و لەیلانە
گەر دەتبینم جێژنی قوربانە
نەتبینم نەژیم چلەی زستانە

ئەرێ وەی
لە سلێمان کەندی بەشی بەگزادە
نەشمیلەی چاوجوان پەچەکەت لادە
هۆ لەیل و لەیل و هۆ لەیلانە
گەر دەتبینم جێژنی قوربانە
نەتبینم چلەی زستانە

لە سلێمان کەندی مەرزی بۆکانێ
نەشمیلەی چاوجوان مەیلەکەت کوانێ
ئەرێ هۆ لەیل و لەیل و لەیلانە
دەتبینم جێژنی قوربانە
نەتبینم چلەی زستانە




میانەی گۆرانی



پەیژەی عەجەم

* لەگەڵ ڕیتمی ئەم گۆرانییەدا مەحموودی تۆفیق شلک مەقامێک دەڵێت. حەسەن زیرەک بە بەستەی بە سلێمان کەندی لێی وەردەگرێتەوە، جارێکی تر ئەمە دووبارە دەبێتەوە. مەحموودی تۆفیق شلک چەند دێڕێکی لە هۆنراوەکەی نالی (نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ، نەچم شەرتە هەتا ئەو خوارە بێ تۆ) دەڵێت.

**٤- گۆرانی لە سیلەی قەبران (حەسەن زیرەک و مەحموودی تۆفیق شلک پێکەوە).**


**٥- گۆرانی بەتوێی عارەقچی**

ئەڕێ بە توێی سرکەی خۆ دەڕوا و بەجێم دێڵێ
وا من دنیا تێگەیی بێم ماچی بکەم ناهێڵێ
وەی وەی لە غەریبی بەجێم دێڵێ
ئەرێ بە توێی پۆشینی خۆ دەڕوا و بەجێم دێڵێ
کوشتمی خاڵی نەخشینی بێم ماچی بکەم ناهێڵێ
وەی وەی لە غەریبی بەجێم دێڵێ
ئای ئەو ئێوارەکەی وا ڕۆیی بەجێی هێشتم
ئازیز (مانگای دەلاوان)* وا دەڕوا و بەجێم دێڵێ
وەڵا پێم گوت بۆ ماچێ لە غەریبیم بەجێم دێڵێ
ناسکێ سەری دانەواند بێم ماچی بکەم نەمهێڵێ
ئای ئای لە غەریبیم بەجێم دێڵێ

* لێرەدا یەکێک دەنگ بەرز دەکاتەوە و دەڵێ خوا ڕەحمی کردووە کە (حوشتری نەلاواند)، دەبێت بە پێکەنین. مەبەستی لێرەدا (دەلەوەڕاند)ە. ئەم بەستەیە بە ناوی بە توێی عەرەقچی ناوی دەرکردووە، بەڵام لێرەدا ئەو دەقە ناڵێت (ئەرێ بە توێی ئارەقچی).




میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

### ٦- گۆرانی بۆچ منت ناوێ

با ئەمجاریش بڕۆم من لەو بەندانە
یارم بە شوو درا شەو خەنەبەندانە

ئۆف بۆ چ منت ناوێ بۆچی منت ناوێ
خۆ من بەبێ تۆ گولّم هەڵناکەم تاوێ


یا ڕەب کەس وەک من شەو غەریب نەبێ
دڵبریندار و توخواکەی بێتەبیب نەبێ
ئاخ بۆچی منت ناوێ پێم بڵێ بۆچی منت ناوێ
خۆ من بەبێ تۆ هەڵناکەم تاوێ
خۆ من بەبێ تۆ دڵم ناسرەوێ

هەر کەس بیژێت غەریبی خاسە
ئەوە لە جوملەی خودانەناسە

بۆچی منت نـاوێ



میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

* لەم گۆرانییەشدا هەندێک کۆپلە بە تورکی دەڵێن.

**٧- گۆرانی پۆلێ جوانێ**

**٨- گۆرانی کیژان دەچنە مێرگوڵان**

**٩- گۆرانی چارۆکێ**

**١٠- گۆرانی کۆڵوانەسوور، بەدوایدا پارچەمۆسیقایەکی کورتی پۆستە و ئیدارە[٣٢].**

---

[32]- پۆستە و ئیدارە: لای خۆمان ئەم دوو وشەیە بیستراون و بڵاون، بەتایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە شارەکانی بانە و سەقز و هەروەها لە کوردستانی باشووریش، بە تایبەت لە ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری. زۆر جار وای لێک دەدەینەوە کە گوایە بریتییە لە گۆرانیی ڕیتمخێرا و هەڵپەرکێئامێز، یان کە بچیتە لای تۆمارگە کۆنەکانی سلێمانی و داوای کاسێتی پۆستە و ئیدارە بکەیت، ڕاستەوخۆ کاسێتی گۆرانییەکانی عەبەی سەیدزادە بە هاوکاریی مام حەسەنی نەی و هونەرمەند عەزیزی تەپڵت دەدەنێ کە بریتییە لە کۆمەڵێک گۆرانیی کوردی بە هاوشانیی ئامێری زەڕب و باڵەبان. دەپرسین ئایا پۆستە و ئیدارە بریتییە لە گۆرانییە خێراکان بە هاوشانیی ئەو دوو ئامێرە میلییەی کە باسمان کرد؟ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، ڕووم کردە هونەرمەندی خۆشەویست و ڕۆحسووکی شاری سلێمانی، مامۆستا جەمال عارف عەزیز ناسراو بە مامۆستا جەمال شادان کە خۆی یەکێکە لە باڵەبانژەنە کۆنەکانی شاری سلێمانی و تیپی مۆسیقای سلێمانی. ئەویش لەسەر پۆستە و ئیدارە بەم شێوەیە بۆم دوا: لە ئاهەنگەکانی کوردەواریی جاراندا ئەم گرووپە بە ناوی پۆستە و ئیدارە بەشدار دەبوون، وەکو شایی بووک و زاوا یاخود منالبوون، بە تایبەت ئەگەر منالەکە کوڕ بوایە، حەوت شەو و حەوت ڕۆژ ئاهەنگ دەگێڕدرا و ساز دەکرا و چێشت و گۆشت لێ دەنرا و دەکرا بە زەماوەند و هەڵپەرکێ.
پۆست بریتی بوو لە پارچەچەرمێکی خۆشکراو و لە دەمی (شەربەیەکی) تایبەت دەنرا بۆ ئەم کارە، یاخود تەختەیەکی تایبەت دەچەمێنرایەوە بۆ ئەم کارە. دوو جۆر بوو یان (گەورە یاخود بچووک)، گەورەکە پێی دەوترا دەهۆڵ، ئەمەیان لەگەڵ ئامێری زوڕنادا بۆ هەڵپەرکێی ناو گۆڕەپان و حەوشە گەورەکان بەکار دەهێنرا. بچووکەکەش لەگەڵ ئامێری باڵەبان (نەی) و (دووزەلە یاخود جووتزەلە) و (شمشاڵ) بۆ ناو ژوور و دیوەخانەکان و لەگەڵ دەنگخۆشەکاندا ئاهەنگەکانیان پێ دەڕازێنرایەوە. ئەم گرووپی پۆستە و ئیدارەیە لە ناو میلەتەکەماندا بوونی هەبوو. لە وتەکانی مامۆستاوە دەردەکەوێت کە (پۆستە و ئیدارە واتە ئەو گرووپە تایبەتەی مۆسیقا کە پێک دێن تەنها لەو ئامێرانەی کە ئاماژەمان پێ داون). هەروەها مامۆستا خالید سەرکاریش لەم بارەیەوە دەڵێت: کە پۆستە و ئیدارە سەرچاوەکەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و مەبەست ئەو دوو ئامێرە میللییە کوردییەیە کە لە ئاهەنگەکاندا بەکار هێنراون (باڵەبان و زەڕب). ئەم ناوە هونەرمەندان حەسەنی حاجی قاسم (حەسەنی نەی) و عەبەی سەیدزادە هێنایانە شاری سلێمانی. هەروەها وشەی (پۆست) بە زمانی فارسی واتە (پێست – ئەسڵی وشەکە بە فارسی: پوست)، وشەی (ئیدارە)ش ڕەنگە بە واتای (چوارچێوەی ئامێری زەڕب یان ئامێری دەف) بێت کە پێستەکەیان تێدەگیرێت، یاخود ڕەنگە مەبەستی (گردبوونەوە و کۆبوونەوە بێت بە مەبەستی سازدانی بەزم و ئاهەنگ).
سەرچاوە: ئەم زانیاریانەم لە هونەرمەندان جەمال عارف (جەمال شادان) و هونەرمەند خالید سەرکار وەرگرتووە.


١١- جارێکی تر گۆرانیی کیژان دەچنە مێرگولان دەڵێنەوە، ئەم جارە زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ دەیڵێن.

**١٢- گۆرانی  لێم زیزە**

ئایشە دڵە غەمبارەکەم    لێم زیزە لێم زیزە هاوژینم
گەوهەرە لەعلا دوورە    دەمقەند و ڕوومانگ و پەروینم
سینگی باخی باسەفا    لێم زیزە لێم زیزە چاوجوانم
کیژۆڵەی کوردستانم    یاری لە مەکتەبستانم
کیژۆڵەی کوردستانم    یاری لە باخ و بێستانم
سەرگوڵ باغ و بێستانم    لێم زیزە لێم زیزە چاوجوانم
گەوهەرە لەعلە دوورە    دەمقەند و ڕوومانگی تابانم
لێم زیز بووە یارەکەم    کوڕە ئەو یارە عیشوەکارەکەم
زەردی کرد گوڵزارەکەم    لێم زیزە لێم زیزە هاوژینم
گەوهەرە و لەعلە دوورە    دەمقەند و ڕوومانگی تابانم



میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

### ١٣- گۆرانی دکتۆر

### ١٤- گۆرانی نییه له ماڵ

قەسەم بە سورەتی عەممە
دایمە دڵەکەم پڕ لە غەمە
چون بێ دۆستم عومرم کەمە
هەرچی دەچم نییە لە ماڵ
یاری خۆشجەمال مەمپڕتەقاڵ
بۆ چ نییە لە ماڵ


ئەی وەی
تۆ بیت و سوورەی وەلفەجری
فەسڵێ دەمبەن بۆ گوێی قەبری
تۆزێ لە من بگرن سەبری
بزانن یارم چۆن بۆ دەگری
هەرچی دەچم نییە لە ماڵ
یاری خۆشجەمال مەمپڕتەقاڵ
بۆ چ نییە لە ماڵ

ئای یای یای
قەستەم بە ڕەحمان و ڕەحیم
هەتا دەمێنم و دەژیم
نانێم مەیلی یاری قەدیم
هەرچی دەچم وەی نییە لە ماڵ
یاری خۆشجەمال
مەمپرتەقاڵ بۆ چ نییە لە ماڵ

سوێندت بۆ بخۆم بینایی چاوم
بە دین و ئیمان بۆت نەماوم
عەشقی چاوی زوڵفخاوم
ڕەش بووە جەرگ و هەناوم
هەرچی دەچم نییە لە ماڵ
یاری خۆشجەمال مەمکپڕتەقاڵ نییە لە ماڵ




میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه

* لێرەدا هونەرمەند مەحموودی تۆفیق شلک زۆر بە جوانی مەقامێکی سەفەر دەچڕێت، شایانی باسە ئەم مەقامە تایبەتە بە شاری سلێمانی و مۆرک و شێوازی شاری سلێمانییە.

**١٥- گۆرانیی سەوزە مەڕۆ سەوزەڵێ لەسەر ستایلی هونەرمەندانی سلێمانییە. کۆتاییەکەی مۆسیقای پۆستە و ئیدارەیە.**

**١٦- گۆرانییەک لەسەر ئاوازی دەچمە سەر ناڵەشکێنە، بەڵام هۆنراوەکەی جیایە.**

**١٧- گۆرانی جەلسە**

**١٨- گۆرانی ئەرێ نازدار عەمرم نازدار، مۆسیقای پۆستە و ئیدارە لێ دەدرێتەوە.**

**١٩- گۆرانی دەنگی یان نایە**

ئەرێ وەی
ئەو هەموو غەمە من لای کێ بێژم
دەردی دووریی گوڵێ لە کوێ هەڵڕێژم


ئەی وای
دەنگی یار نایە دەنگی یار نایە
ئەی شێلێ نازیلێ گیان خڕەی دایە

ئەرێ وای
هەلاڵەسوێسنان دەرەویان داکەنی
وێنەی خاسخاسیان بە گۆنامدا بڕی
مەمکی یاری جوانم کراسیان دادڕی
دەنگی یار نایە دەنگی یار نایە
ئەی شیلی نازیلێ گیان خەو نایە

ئەی وای
شەرتە تا مردن عەشق ئیخلاص بم
کەعبە کەچ دەکەم هەردەت ناسم
دەنگی یان نایە دەنگی یان نایە
ئەی شیلێ نازیلێ بۆ چ خەوت نایە
دەنگیان نایە دەنگیان نایە
ئایشیلێ نازیلێ گیان خڕێی دایە




میانەی گۆرانی



پەیژەی حجازکار

**٢٠- گۆرانی کوێستانان خاڵخاڵ (فاتمۆکێ)**

ئای یای
کوێستانان خاڵخاڵ باوانم بیلا سەری بەتەمە
پێم بڵێ نازدار توبی و خودات کەمە
فاتمۆکێ کێلگەردن کوێستانان کێلەشینە
بۆت نەژیم، بەهار بڕوات هاوینە

کیژۆڵان ساز بن بۆ کوێستان بچینە پشتی لاجانێ
ئەوە دەرکەوت لە ڕەشماڵ ناسکۆڵە و نەشمیلانێ
فاتمۆکێ کێلگەردن کوێستانمان خۆشە کوێستان
بۆت مردم بۆت نەژیم مەمکت شەمامەی بێستان

جوانێ گیانم دەخوێنن کەو و کەوباڕ
بۆت مردم خاسەکەوی لەنێوجاڕ
ئەرێ فاتم گیانێ کێلگەردن کوێستانمان لە سابڵاغە
بۆت نەژیم مەمکۆڵەت سەرەقەندە

ئەی هاوارم کوێستانم ڕەش داگیرساوە
ناسکۆڵان نەرمۆڵان پاک ڕەشماڵیان هەڵداوە

ئەرێ فاتمۆکێ کێلگەردن کوێستانمان لە قەندیلە
بۆت نەژیم ئەو دڵەم لە بۆت زەنبیلە
دەبا بڕۆین خوێنشیرین جێگای تۆ بە زەنبیلە
ئەی هاوار بەرۆکت بۆ دەرزیلە


ئەی هاوار کوێستانان سەوز و شینە
بە وەڵا کوشتمی کافرەی بێدینە

ئەرێ فاتمۆکێ کێلگەردن کوێستان ماڵ لە هێرۆیە
بە وەڵا مەمکت زەردەلیمۆیە
فاتم گیان وا من کەیفم لە تۆیە

کوێستانان خاڵ خاڵ



میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه

لە کۆتایی کاسێتی دووەمی ئەم ئاهەنگەداا گۆرانیی یەکەم (ئۆخەی ئۆخەی بووک مریەم) مۆنتاژ کراوەتەوە سەری، نەک وترابێتەوە.

## ئاهەنگی هەشتەم

## حەسەن زیرەك ماڵی مەحمودی تۆفیق شلك[٣٣] ١٩٦٧

ئەم كاسێتەی حەسەن زیرەک بە ٩ گۆرانییەکە ناوبانگی دەرکردووە

**ژەنیارەكان:**

ئەنوەر قەرەداغی کەمانچە
حازم حەداد [٣٤] : عود
نەجاتی عەبدە شمشاڵ
عەزیز (عەزۆل) :تەپڵ
مام حەسەن : نەی
سەڵاح ڕەشید:شمشاڵ [٣٥]

**١- گۆرانی ئای لاچن (دەسماڵ حەریر)**

دەسماڵ حەریری دووبەر    مێردت کرد خۆڵم بە سەر
ئەگەر حەز دەکەی نەمرم    تۆ بمشێلە ناسکەدولبەر
لەسەر باڵای تۆیە گیانم    ئەم جاریش بووم دەربەدەر
من نەخۆش و بریندارم    ئەو سارێژ بکا برینم
ئای لاچن گیان لاچن    یارەکەم وا دێ دەمبینێ

---

[33] –ئاهەنگی دووەمە لە ماڵی كاك مەحمودی تۆفیق شلك.

[34] –حازم حەداد ژەنیارێكی عودی بە توانا بووەو عەرەب بووەو خـەڵكی شـاری موسـڵ بـووە.ژەنیـاری تیپی مۆسیقای مەولەوی بووە.سەرچاوە:عادل محەمەد كەریم :دیدار لە گەل هونەرمەند ئەن قەرەداغی.

[35] –پێدەچێت لـە گـەڵ هونەرمەنـد كاكـە نـەجاتی عەبـدە بـە نـۆرە شمـشاڵیان ژەنـد بێـت.چـونكە لـە گۆرانییەكان دەنگی تەنها ئامێرێكی شمشاڵ دەبیسترێت .

دەسماڵ حەریری سادە  دینت بردووم بە بادە
ئەگەر حەز دەکەی نەمرم  بمشێلە نەجیبزادە
نە عەیبە نە ئیرادە  بە بینینت دڵم شادە
ئای لاچن گیان لاچن  یارەکەم وا دێ دەمبینێ
هەی جەرگەکەم پاک زامدارە  با سارێژ بکا برینم

دەسماڵ حەریری سوورە  برام قەدی دەڵێی بلوورە
قسە دەکا بە زاری  هەر دەڵێی ساز و سەمتوورە
عاشقی قەد و باڵای بووم  بەلەکی دەڵێیی توورە
ئای لاچن گیان لاچن  یارەکەم دێ با بیبینم
جەرگی من هەمووی لەتلەتە  ئەو سارێژ بکات برینم


دەسماڵ حەریری شینە  خۆی شیرینە دەڵێی هەنگوینە
برام بیللاهی وایە  تۆ لە چاوی من بیبینە
ئاوری لە من بەرداوە  کورە سنگی بەفری حەوشینە
ئای لاچن گیان لاچن  یارەکەم دێ با بینینم
جەرگ و دڵم بریندارە  ئەو سارێژ دەکات برینم

دەسماڵ حەریری کەسکە  ڕاپەڕی دەڵێی ئاسکە
داوای دوو ماچم لێ کرد  هەتیو هەڵات ئەم باسکە و باسکە
داوای دوو ماچم لێ کرد  هەروەکو کۆتری دەهاسکە
ئای لاچن گیان لاچن  یارەکەم دێت و ڕادەبورێ
هەر کەس بێت و بیبینێت  بێشک خودا دەیبورێ

**ئای لاچن**



میانەی گۆرانی



پەیژەی نەهاوەند

**٢- گۆرانی یارەکەم دڵدارەکەم**

**٣- گۆرانی لۆرکێ**

**٤- گۆرانی  ئامینی گیان گوارەکانت مەلەرزێنە**

**٥- گۆرانی کرماشان**

**٦- گۆرانی  ئەی وەی لەنجە**

**٧- پارچەمۆسیقایەکی (ئەرمەنی) کە دوایی گۆرانیی ئۆخەی ئۆخەی لەو باڵایەی لێی بەرهەم هاتووە.**

## ٨- گۆرانی ئۆخەی ئۆخەی

ئای ئۆخەی ئۆخەی لەو باڵایە
ئیشتیای لە ددانی تەڵایە
لای لای لای لای
چەند شۆخ و نازەنینی
ئەی یا ڕەبی من زووتر بمرم ئەمان

هەر دەڵێی داری بێگەڵایە
چەند جوانە خوا بیبەڵایە
لای لای لای لای
یاری ڕەزاشیرینی
یا ڕەبی مەرگی نەبینی

ئای

چەندێ شۆخ و مەزەدارە
بەینەڵا بەلەنجەولارە
پێی بڵێن بۆچی بێزارە
لای لای لای لای
گیان گیان گیان گیان

جووت مەمکی وێنەی هەنارە
ئاگری لە من بەرداوە

کەوی گەردنبەخاڵی
نەتدیوە قەد و شاڵی

تەماشای بەژن و باڵای کە
لەسەر باڵای جوانێ گیان
شەرتە تاکو نەمکوژن
شەو و ڕۆژ لەیل و نەهار
لای لای لای لای
گیان گیان گیان گیان

مەغزی بەدەنی دیارە
با بمدەن لە سێدارە
دەستهەڵگیر نیم لەو یارە
دڵ بۆ وی بێقەرارە
چەند شۆخ و نازەنینی
بمرم مەرگی نەبینی

ئەی کەوی پەردەی ئەڵمەڵوو
برژانگ ئەڵماسی دووسەر
نە مەنعم کەن لە لۆمە
قوڕی دنیام وە سەرکە
لای لای لای لای
گیان گیان گیان گیان

کەڵەگەت و خاڵ لە ڕوو
یەک یەک لە جگەرم هەڵچوو
لە بۆ وی ئاگرم تێبەربوو
ڕۆیی و لە دەستم دەرچوو
غەمخۆر و نازەنینی
چەند جوان و خوێنشیرینی

ئەی وەی وەی وای
کەوی پەردەی سوڵتانی
بۆ دەردی من دەرمانی
حەی لە بەر ئەو گۆزە دەمرم
باسکم وە ژوور سەری نا
لای لای لای لای
گیان گیان گیان گیان

وە باڵم بە ئەستۆ جوانی
ناسکۆڵە و خنجیلانی
ناسکۆڵ دەیبەی بۆ کانی
خۆشەویستی میوانی
کەوی پەردەی ئەڵمەڵوو
خاسەکەو لە دەستم دەرچوو

ئای یای یای یای
ناسکۆڵە و چەندە جوانی
ژنی گولەی مێردانی
وێنەیماینی خۆش تەعلیم
ئاورت لە من بەرداوە
لای لای لای لای
گیان گیان گیان گیان

پێم بڵێ لە کوێ میوانی
لە شەوڕاوێ دەزانی
فێری تەقلە و لەنگدانی
وەی ژنی گولەی مێردانی
چەند جوان و نازەنینی
چەند جوانە پێکەنینی


سبحەینێ زوو من هەڵدەستم
ئاوری لە من بەرداوە
دەچم بۆ لای شاهەنشا
لای لای لای لای
گیان گیان گیان گیان
ئەرێ ئۆف ئۆف ئۆف ئۆف

عارز دەبم چێشتانی
ناسکۆڵ دەردم نازانێ
بار دەکەم بۆ تارانێ
کەوی گەردنبەخاڵی
منداڵی چواردە ساڵی
نەتدیوە قەد و شاڵی

## نۆخەی نۆخەی



میانەی دەنگی



پەیژەی نەهاوەند

**٩- گۆرانی گوڵوەندە زەماوەندە، لەسەر شێوەی (کاڤۆکییە).**

**١٠- گۆرانی ڕێبوار و ڕێبوار**

**١١- گۆرانی مەقامی سەفەر، مەحموودی تۆفیق شلک**

# ئاهەنگی نۆیەم

# حەسەن زیرەك ماڵی عوسمانی عەبە دەلاك، ١٩٦٧/٥/٢٨، سەعات ٨ی ئێوارە

**ژەنیارەکان:**

مام حەسەن : نای

عەزول: ئیقاع

تۆمارکردن: ئەحمەدی قەساب[٣٦]

سەرەتا (پۆستە و ئیدارەیەکی) زۆر کورت.

**١- گۆرانی ڕێبوار و ڕێبوار**

ئای

ماسی لە دەریا باوانم دوور لە خەزێنە

عەشقی یارێکم بە وەڵا کەمەرشکێنە

---

[36]- ئەحمەد فەرەج ئەحمەد ناسراو بە (ئەحە گێژی قەساب)، ساڵی ١٩٢٧ لە سلێمانی لە گەڕەکی کانێسکان لەدایک بووە. لە بەرواری ١٩٨١/٩/١ کۆچی دوایی کردووە.

تەنها تاقە کوڕێکی هەیە بە ناوی ڕێبوار. کاک ئەحمەد یەکێک بووە لەو کەسانەی کە لە سالآنی پەنجاکانەوە کاری تۆمارکردنی ئەنجام داوە. ساڵی ١٩٥٧ سەرقاڵی تۆمارکردن بووە و زیاتر لە ١٥ ئاهەنگی بە جیهازی تەسجیلی جۆری (تیکە ٤٦) و گرۆندیک تۆمار کردووە. کاری تۆمارکردنی بۆ ئەم هونەرمەندانە کردووە: (حەسەن زیرەک، ئەحمەد شەماڵ، عەبەی سەیدزادە و هەندێک گۆرانیبێژی تریش). هەروەها لەگەڵ ئەم ئامێرژەنانەشدا بە هاوبەشی کاری کردووە و هەندێ لەو گۆرانیبێژانەی کە ناومان هێنان: (ولیەم یوحەنا، شەوکەت ڕەشید، حەسەنی نای، عەزۆلی تەپڵ و ئەنوەر قەرەداغی و سەلاح ڕەشید). لەو کاسێتە بەناوبانگانەی کە تۆماری کردوون: (حەسەن زیرەک، ئاهەنگی قازیاوە). وەکو فێربوونی کاری تۆمارکردنیش خۆی خولیای هەبووە و خۆی فێر بووە… ئەم زانیارییانەم لە کاکە ڕێبواری کوری کاک ئەحمەدی قەسابەوە وەرگرتووە.

ڕێبوار و ڕێبوار گیانەکەم
ئای یای یای
ئەو ماڵەی هەمە بە قوربان نەزری ئەڵڵا بێت
ئەو ماڵەی هەمە سەیدزادە نەزری ئەڵڵا بێت
نووچەی کۆچەکەت باوانم بەرەو خودا بێت

ئەرێ ڕێبوارێ ڕێبوار خانم گیان من بە ڕێبوارت بم
لە مووچەی بەردێ سەیدزادە نیوەکارت بم
تۆزی ڕێی خالص من عەیارت بم
شەرتە تا دەمرم نازەنین فیداکارت بم

ئەرێ ماڵێ باری کرد ئەی هاوار کەس نەیگێڕاوە
ئەرێ ماڵێ باری کرد نازەنین کەس نەیگێڕاوە
بۆ خۆم دانیشتم ئەی هاوار دڵخۆشیم داوە

ئەرێ وای وای
بە فیدای دەمت بم جوانێ ژن بە ددانەوە
دەڵێی سەدەفە سەیدزادە بە دوکانەوە

ئەرێ ڕێبوارێ ڕێبوار باوانم من بە ڕێبوارت بم
لە مووچەی بەردێ سەیدزادە نیوەکارت بم
تۆزی ڕێی خالص من عەیارت بم
شەرتە تا دەمرم جوانەژن فیداکارت بم

ئەرێ هەستە لە خەوێ باوانم بزانە چیم دەوێ
هەستە لە خەوێ جوانێژن بزانە چیم دەوێ
من لە گەردنی زەردت بە وەڵا دوو ماچم دەوێ
میوانی ڕۆژێم بە قوربان مەمخەرە شەوێ

ئەرێ ڕێبوار هەی ڕێبوار بە وەڵا ڕێبواریت ناکەم
لە پاش باڵاکەت جوانێ گیان دڵداری ناکەم
لە دوای باڵای تۆ بە وەڵا دڵداری ناکەم


ئەرێ دڵەکەم بە قوربان نازەنین دڵەکەی تەڕت بێ
دڵەکەم بە قوربان جوانێ گیان دڵەکەی تەڕت بێ
ئەو کۆچەی کردت دە بڕۆ کۆچی شەڕت بێ
ئەو کۆچەی کردت باوانم کۆچی شەڕت بێ
ڕێبوار و ڕێبوار باوانم بە ڕێبوارت بم
لە مووچەی بەردێ سەیدزادە میوانکارت بم
تۆزی ڕێی خالص باوانم خۆم عەیارت بم
شەرتە تا دەمرم سەیدزادە فیداکارت بم

سوێندت بۆ دەخۆم جوانە ژن بە باوەگڕگڕ
بۆ تۆ نەماوم ئەی هاوار شۆخی جگەربڕ

ڕێبوار و ڕێبوار ئەی هاوار بە ڕێبوارت بم
لە مووچەی بەردێ سەیدزادە نیوەکارت بم
تۆزی ڕێی خالص باوانم من عەیارت بم
شەرتە تا دەمرم بە وەڵا فیداکارت بم




میانەی گۆرانی



پەیژەی دەشت

* سەرەتا کۆپلەی یەکەمی ئەم گۆرانییە بە چینی بەرز دەست پێ دەکات و دەوەستێت، دوای کە دەست پێ دەکەنەوە، سەرەتای کۆپلەکان بە چینی گڕ دەڵێت، واتە ئۆکتافێک نزمتر (القرار)، کە دەگاتە (ڕێبوار و ڕێبوار)، دەچێتەوە چینی بەرز (الجواب).

**٢- گۆرانی کوێستانان خاڵخاڵ**
**٣- گۆرانی  گۆرانیی لۆرکێ**

**٤- گۆرانی  یاری بێوەفا**

سوێندت بۆ بخۆم خۆشم دەوێیت    به بیلا دەتپەرستم
ئاگری لە من بەرداوە و    موبتەلای چاوی مەستم
ئاگری لە من بەرداوە و    موبتەلای چاوی مەستم

ئەرێ پێی بڵێن بە یاری بێوەفا    غەمی زەمانە تا کەی
پێی بڵێن بە یاری بێوەفا    غەمی زەمانە تا کەی
سووتاندوومی برژاندوومی    قەدباریک بە وێنەی نەی
سووتاندوومی برژاندوومی    قەدباریک بە وێنەی نەی


ئای وای وای
دەردت لە ماڵم هەمین    زەحمەتە بەبێت بژیم
سینگت مەکتەبی بەغدا    لێی دەردەچێ موعەلیم
ئەک ڕەبی بابانت شێوێ    سووتاوم وێنەی ڕەقیب
ئەک ڕەبی بابانت شێوێ    سووتاوم وێنەی ڕەقیب
پێی بڵێن بە یاری بێوەفا    غەمی زەمانە تا کەی
سووتاندوومی برژاندوومی    قەدباریک وێنەی نەی

ئای وای
پەرچەمت ڕەشەڕێحانە    گەردنت وێنەی گوڵدانە

پێم گوت ئاوێزانت بم          تا سبەینێ ئەو دەمانە
پێی گوت تۆزێ مەحتەل بە          بەو دەست و دەم و زانە
پێی گوت تۆزێ مەحتەل بە          لە شەوڕاوێ بزانە
پێی بڵێن بە یاری بێوەفا          غەمی زەمانە تا کەی
سووتاندوومی برژاندوومی          قەدباریک بە وێنەی نەی




میانەی گۆرانی



پەیژەی نەهاوەند

* ئەم گۆرانییە لە بەندی کۆتاییدا خێرا دەبێت و بەو ریتمە خێرایە کۆتایی دێت.

**٥- مەقامێک بە هاوشانیی ئامێری نای و ڕیتم (سورەتگەری نەقاشی چین).**
**٦- گۆرانی چارۆکە**
**٧- گۆرانی ئامینێ گیان ئەوڕۆ ئەوڕۆ**
**٨- گۆرانی پۆلێ جوانێ مەڕۆ**
**٩- گۆرانی ماڵە بابم بێوەفا**

١٠- گۆرانی چاوڕەشێ تۆ مەڕۆ دەی. لەم گۆرانییەوە دەچێتە سەر ئاوازی گۆرانیی یارەکەم بەلاڵوکە، بەلام بە دەقی خۆی، نەک یارەکە بەلاڵوکە و دوایی کۆپلەیەک دەچێتە سەر گۆرانیی کەتانە و کەتانە، ڕاستەوخۆ دەبڕێت، دڵنیام هەڵەیەک لە تۆمارکردن یاخود مۆنتاژی کاسێتەکەدا هەیە، چونکە گومانی تیا نییە هیچ گۆرانییەکی دانیشتنەکانی حەسەن زیرەک بە تەنها کۆپلەیەک یان تەنها بەندێک کۆتایی نایەت.


کاسێتی دووەم لە ماڵی عوسمانی عەبە دەلاک.
**١١- گۆرانی ڕەزیە**

**١٢- گۆرانی شەو (نووری ڕوخسارت)**
هۆنراوەی: سەید کامیلی ئیمامی
ئەی یای
نووری ڕوخسارت وەدەرخە دەردی بێدەرمانە شەو
زوڵمەتی زوڵفت لەسەر ڕوو تاڵە ڕۆژ میوانە شەو
دوێ شوکر مەردانە من ڕێم بردە ناو زوڵفی سیات
تا بزانن ئەهلی موڵکی دڵ قەلای مێردانە شەو
هەر لە مەغریب تا بەیانی بێوچان دێت و دەچێت
هەر لە دووی خورشیدەی خاوەر وێڵ و سەرگەردانە شەو
گیانە کوێر و نابینایە ئێستاکە لە داخی ڕۆژی ڕوون
بۆیە ڕەشپۆش و فەقیر و مات و بەستەزمانە شەو
قەدری شەمچە بگرە عاشق شەمع و پەروانە دەڵێن

سۆز و گریەی شەمعی هەر شەو سووتنی پەروانە شەو
عاشق و ماشوق لە ڕۆژدا خۆ دەپارێزن لە خەڵک
گەر پەنای چاکت دەوێ بۆ ئەو دڵە بڕوانە شەو
گیانە هەستە (کوردە) بەسییە سستی دەی برۆ لێی ڕاکەوە
تا وڵات بێ دەنگ و باسە و تا وڵات بێ دەنگ و باسە
تا لە ڕۆژ میوانە شەو ئەمان ئەی ئامان
گیانە هەستە (کوردە) بەسییە سستی دەی برۆ لێی ڕاکەوە
تا وڵات بێ دەنگ و باسە و تا لە ڕۆژ میوانە شەو




میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه

* کۆپلەی کۆتایی (گیانە هەستە) سەرەتا بە خاوکردنەوە لە شێوەی مەقامێکدا دەیڵێت، دوای دەیکاتەوە بە بەستە.

* ئەم گۆرانییە ئەوەی کە زیاتر و گوێبیستی بووین و بڵاوە، ئەوەیە کە لە ڕادیۆی کرماشان بۆی تۆمار کراوە و لەسەر پەیژەی عەجەمە، بەڵام لێرەدا حەسەن زیرەک بە جۆرێکی تر لەسەر ڕەگەزی سێگاە دەیڵێت و لێرەشدا زۆر بە جوانی وتوویەتی.

**١٣- گۆرانی  پەری پەری**

**١٤- گۆرانی بەر هەڵبێنە**

**١٥- گۆرانی  لە سیلەی قەبران**

ئای هەی هەی وەی هەی های های
چیم لێ هات بووم بە کۆترەکەی دووروڵات
مەحتەل بووم یارم هەر نەهات
تەحا لەو ڕیزە خاڵانە
بۆ من باشن ئەو چاوانە

عاشقان دێ لە دوور ڕەنگ دیارن
ڕەنگیان زەرد و لێویان بەبارن
مەنعم مەکەن ساحێب یارم
خۆ بە دەردی غەم گرفتارم


وەرگەڕێ با باڵات ببینم
جا با دەرچێ گیانی شیرینم
زوو بمرم با مەرگی تۆ نەبینم
زوو بمرم بەڵکم تۆ بکەی شینم

جووتێ ساقی مەی دەگێڕن
عاشقان لە دین وەردەگێڕن
کارمامزی دەشتی باژێرن
وەرگەڕێ ئەی ئاوێزانت بم
یا ڕەبی من بە قوربانت بم

**لەسیلەی قەبران**



میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

* کۆپلەی مۆسیقاکەی ئەوەی کە باوە، لەسەر پەیژەی (ڕاستە)، هەندێک جار گۆرانیبێژ بە لای ڕاستدا دەیبات.

مەقامێک دەڵێت

**١٦- گۆرانی نازانم لە کێ پرسم**

**١٧- گۆرانی ناسکۆڵێ گیان مەگری**

**١٨- گۆرانی ئای بەلەنجە. ئەم گۆرانییە دەبەستێتەوە بە گۆرانیی (نۆزەدەیەمەوە - ئەی وەی بەلەرزانە).**

**١٩- گۆرانی ئەی وەی بەلەرزانە**

**٢٠- گۆرانی کەتانە و کەتانە**

**٢١- گۆرانی شەدەلار ئۆف مەزەدار**

**٢٢- گۆرانی (کوێستانان خاڵخاڵ) بە سلێمان کەندی.**

ئەم گۆرانییانە هەموویان پێشتر وتراون و دووبارەن.

# ئاهەنگی دەیەم:
# حەسەن زیرەك ماڵی ئەمینی دەڕابە[37]

[37] -مامۆستا خالید سەرکار بەم شێوەیە سەرگوزشتەی خۆی لەگەڵ حەسەن زیرەکدا گێڕایەوە: وەکو تیپ تەنها کاسێتێکمان بۆ پڕ کردەوە. ئێمە پێنج یان شەش ژەنیار بووین و لە ماڵێک کارەکەمان بۆ تۆمار کرد کە بە ئەمینی دەڕابە ناسراوە. بەرواری ١٩٦٧/٢/٢٢ کاک ئەنوەر قەرەداغی بە عەرەبانەیەکی دوو ئەسپی هات بە شوێنمدا و پێی وتم: کاک خالید، دەچین بۆ ماڵی کاک ئەمینی دەڕابە و حەسەن زیرەکی لێیە. ئەمە یەکێک بوو لە خۆشترین ساتەکانی ژیانم کە من حەسەن زیرەک لە نزیکەوە ببینم و نەک تەنها ببینن، بەڵکو من عەزفیشی بۆ بکەم، چونکە خۆشەویستیی حەسەن زیرەک بێوێنە بوو لای من، چونکە بەندە لە کارەکانی میرزادەی هونەرمەندەوە زیاتر ئاشنای حەسەن زیرەک بووم و زۆربەی پێشەکیی مۆسیقای کارەکانی خۆمان پرۆڤەمان تیادا دەکرد، بە تایبەت هاوینان من و کاک ئەنوەر و برادەرانی تر پرۆڤەمان لە زۆربەی زۆری کارەکانی حەسەن زیرەکدا کردبوو، لەگەڵ (کاک شەوکەت ڕەشید و کاک حەمەحسێن و کاک صەلاح ڕەشید). کارەکانمان دەهێنا، بە پلوپەنجەکەی میرزادە سەرسام و حەیران دەبووین، هەموو هەوڵمان دەدا کە لاسایی میرزادە بکەینەوە، بەڵام لە ناو هەمووماندا بە ڕاستی کاک ئەنوەر قەرەداغی توانا و قابلیەت و پلوپەنجەی ئەوەی هەبوو کە سۆڵۆکان لێ بداتەوە، جا ئەو شەوە کە چووم حەسەن زیرەکم بینی، بۆ یەکەم جار وەکو ئەوەی لەپڕ ئاوێکی ساردم پیادا بکەن، وابوو لە لام، ئەو خۆشەویستییەم توایەوە و ڕەنگە بڵێن بۆ؟
یەکەم لە شکڵ و شێوە و باڵا و ئەمانەدا، من لام وابوو کە هونەرمەند حەسەن زیرەک کابرایەکی باڵابەرز و پۆشتە و جلوبەرگێکی جوانی لە بەردا بێت، شەنگ و ڕێکپۆش بێت، بەڵام کە بینیم، تەواو پێچەوانەی پێشبینییەکەی من بوو.
دووەم، سەیرم کرد ئەو پیاوە ئەوەندەیان گۆرانی پێ وتووە، گوێم لە دەنگێکی باسی گڕ بوو. کە پرۆڤەمان دەکرد، بڕوا بکە (١٥ تا ١٦) جیهازی تەسجیلی جۆری گرۆندیکی ئەو کاتە دانرابوو، یەکێک سەرپەرشتیی ئەو تۆمارکردنەی دەکرد ناوی کاک ئەحمەدی قەساب بوو و بە (ئەحە گێژ) ناسرابوو، ئەم پیاوە پیاوێکی زۆر شۆخ و شەنگ بوو، تەسجیلەکەی ئەو لە هیی هەموویان باشتر بوو، مارکەی تەسجیلەکەی (تیکە ١٢٠) بوو، وا باو بوو لە ناوماندا بەم جیهازەمان دەوت (تیکە). ئەو جیهازەی کاک ئەحمەد لە هیی هەموویان سەدای زیاتر بوو. ئەوەی لای ئەم هەبوو، لە جیهازەکانی تردا بەدی نەدەکرا. ئەمە بۆ ئەو کاتە تەواو گرنگ بوو، کاک ئەحمەد ئاماژەی دەدا دەیوت کە من پێم وتن (واتە بەو ١٥ تا ١٦ کەسەی دەوت کە لەسەر جیهازی تەسجیلەکان بوون)، ئینجا پەنجە بە دوگمەی تۆمارکردنەکەدا بنێن، ئینجا

**مۆسیقییەکان:**

مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی: کەمانچە

فەرەنسیس داود: عود

عەزول: ئیقاع

حەسەن زیرەک: دەفسنجان

کۆپلەی سەرەتای گۆرانیی مۆسیقای (کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە) لێ دەدەن. گۆرانیبێژێک دەست پێ دەکات، دیارە دەنگی حەسەن زیرەک نییە. مۆسیقا دەوەستێت و دەنگی مامۆستا ئەنوەر دەڵێت (لەوێوە نا)، مەبەستی چینە دەنگییەکەیە کە لەگەڵ مۆسیقاکەدا نایەتەوە. ئەمە دەوەستێت. وەک پرسیارم کردووە، زۆر جار ئەمانە بۆ تێست کراون.

**١- گۆرانی ئەرێ لادە**

ئەرێ وەی

کیژە کوردەکەی بۆ حاڵی من بوو گیانەکەم

بۆ حاڵی من بوو ئەی هاوار بۆ حاڵی من بوو

بۆ تۆ نەماوم شۆخی جگەربڕ بەقوربان

شۆخی جگەربڕ ئەی هاوار شۆخی گورجکبڕ

ئەی لادە بۆم لادە دەی لادە ئەرێ لادە

ئەرێ لادە لادە لادە

ڕووبەند پەشمینە خوێنت شیرینە

دۆستم نەسرینە وەڵای دۆستم نەسرینە

کیژە کوردەکەی حاڵی بەگزادە باوانم

حاڵی بەگزادە ئەی هاوار حاڵی بەگزادە

من بۆ تۆ مردووم ڕووبەندت لادە براکەی بابم

---

دەست بکەن بە تۆمارکردن، پێم نەوتن نایکەن. بەم شێوەیە هەموو دەستیان لەسەر تەسجیلەکانیان بوو، ئینجا ئەوەشمان بیر نەچێت زۆر جار تەنانەت پرۆڤەکانیشمان تۆمار دەکرا.سةرضاوة: عادل محةمةد كةريم : ديدارى تايبةت لةطةلَ هونةرمةند خاليد سةركار.

براکەی بابم ڕووبەندت لادە
لادە ڕووبەندت لادە

* لێرەدا بڕینێک، وەستانێک هەیە، تەواو نییە.
* مەقامێکی تیایە، سورەتگەری نەقاشی چین.


کیژە کوردەکەی لە نێو شەماسی بەقوربان
لە نێو شەماسی ئەی هاوار لە نێو شەماسی
لە قەند شیرینتر دەڵێی نەباتی
قەول دا بۆ چ بۆ درەنگ هاتی
بۆ درەنگ هاتی
ئەرێ لادە بۆم لادە دەی لادە
ئەرێ لادە ئەرێ لادە لادە لادە
ڕووبەند پەشمینە خوێنت شیرینە
ئەی هاوار کۆلکەزێڕینە

کیژە کوردەکەی لە نێو موکریان وەی وەی
لە نێو موکریان بەقوربان لە نێو موکریان
یارم خونچە بوو هەڵیکرد زریان چیی لێ بکەم
هەڵیکرد زریان دەستم کرد بە گریان
ئەرێ لادە وەی لادە دەی لادە ئەرێ لادە
ئەرێ لادە لادە لادە
ڕووبەند پەشمینە خوێنی شیرینە
ئەی وەی خوێنی شیرینە
ڕووبەند پەشمینە خوێنی شیرینە
مردم خوێنی شیرینە
ئەی هاوار دڵەکەی غەمگینە

**هەی لادە**



میانەی گۆرانی



پەیژەی ڕاست

### ٢٢- گۆرانی ئەرێ بە تویێی عارەقچی

بێ مۆسیقایە و دنگەدنگی ئامێری عودی لەگەڵدایە. تەقیسمێکی ئامێری عودی جوانی تیایە. زۆر بە هەست و سۆزێکی جوان و بە خاوی ئەم گۆرانییە دەڵێ. هەست دەکەیت ئەم دانیشتنە نەبێت.

**٢٣- گۆرانی   هەی گەردە و ماڵم گەردە**

ئەرێ یار جوانی دەڵێی بڕنووی    دەڵێی مانگی سێ و دوویت
دەردت لە ماڵی دنیام جوانێ گیان    وێنەی نیشتوویت
هەی گەردە و ماڵم گەردە    گەردن هەلاڵەی زەردە
دە وەرە مەرد و مەردانەدەمرم    دەست لەو سەگبابەی بەردە

ئەرێ وەی وەی
جوانی بە ملی من جوانی    بەینەلا خانومانی
سەبارەت بە یاری من    ئاوەدان بێت سلێمانی
کچێ ئەو دەردەی ئەمنی دەکوژێ    ژنی گولەی مێردانی
هەی گەردە و ماڵم گەردە ئۆف    گەردن هەلاڵەی زەردە
دە وەرە مەرد و مەردانە    دەست لەو سەگبابەی بەردە

ئەرێ مەمکت لیمۆ و پڕتەقاڵ    حەتمەن دینم بۆ تۆ بوو بە بەتاڵ
نەخۆشت کردووم بە بیلا    لۆمەم دەکەن کڕوکاڵ
هەی گەردە و گەردە و گەردە    گەردن هەلاڵەی زەردە
دە وەرە مەرد و مەردانە    بۆ تۆ ماوم لێرانە


هەی یای یای ئەمان
جوانی بە ئیلەلا جوانی    بە ملیۆنێ هەرزانی
ئاگرت لە من بەرداوە    دەرمانی حەوت دەردانی
هەی گەردە و ماڵە و گەردانە    گەردن هەلاڵەی سوورە
قەدت دەڵێی بلوورە    عەشقی قەد و بالای بووم
سپییە و دەڵێی کافورە

هەرچۆنێک دەڵێم وایە    ئەو دڵەم بۆی هەڵوەدایە
سوێند دەخۆم بەو قورئانە    ئەو ژنە بۆ من تێدایە
هەی گەردە و ماڵم گەردە    گەردن ئۆف هەلاڵەی زەردە
دە وەرە مەرد و مەردانە    دەست لەو سەگبابەی بەردە

**گەردە**



میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه


* لە کۆپلەی دووەمی ئەم گۆرانییەدا دوو جار بڕینی تیایە.

**٤- گۆرانی**

وەی حەریرا
هەر چەند دەکەم ئەو دڵە پیر نابێ
دەستم لەو مەمکی گیر نابێ
یار منداڵە بۆم ژیر نابێ
ئەی حەریرا و کاری گوڵاڵانە و
کارخانەکەی لای خۆمانە و
یاری خۆمە و ئەو لە بۆکانە




میانەی گۆرانی



پەیژەی نەوا (خەنەباد)

### ٥- گۆرانی جەمیلە

تەقسیمێکی هاوبەش لە نێوان ئامێری عود و کەماندا هەیە. سەرەتا عودژەنەکە و دواتر کەمانچەژەنەکە زۆر بە جوانی وەڵامی عودەکە دەداتەوە. ئەمە بەردەوام دەبێت. تا کۆتایی دیوی یەکەمی کاسێتەکە ئەم تەقسیمەیە. مەقامی سێگایە.

### ٦- گۆرانی جەلسە

* پارچەمۆسیقایەک هەیە وەک (دولاێیک) دەردەچێت، چونکە بەدوایدا تەقسیمی عودێک دەڕوات بۆ دەستپێکردنی مەقام، بەڵام مەقام ناوترێت. دوایی مۆسیقای فیلمی هندی (سەنگام)، (پۆرت لادە) دەژەنرێت.

**٧- گۆرانی دەنگیان نایە**

ئەرێ هەڵاڵان سیوێسنان دەرەویان داکەنی
وێنەی خاسخاسیان لە گۆناتدا سڕی
مەمکۆڵەی یاری جوان کراسیان دادڕی
دەنگیان نایە دەنگیان نایە
ئایشێلێ نازیلێ خڕێی دایە
یارەکەم تۆراوە چی بکەم خودایە

ئەرێ بە خڕەنگەخڕنگی وەی جەواهیران
بە خڕەنگەخڕنگی وەی جەواهیران
یان بە دۆستم بیت یان بە دەستگیران
سنگت کیسرای باخچەی ئێران
سنگەکەت تاقی بخچەی ئێران
ئەرێ دەنگیان نایە دەنگیان نایە
ئایشیلێم نازیلێم دێت خڕێی دایە
یارەکەم لێم زیزە هاوار خودایە


ئەرێ بەختێک لە ئەزەڵ سیاچارە بێ
دەستی لێ مەدەن با ئاوارە بێ
دەنگیان نایە دەنگیان نایە
ئایشلێ و نازیلێ دێت خڕەی دایە
ئایشلێم زیزە هاوار خودایە

ئەرێ شەرتە کۆستی دڵ وە بن کاڵا کەم
شەرتە کۆستی دڵ وە بن کاڵا کەم
هەر دەرکێ بچم ئاهوناڵە کەم
لە شوێن غەدری تۆ من سکاڵا کەم
دەنگیان نایە دەنگیان نایە

ئایشیلێ و نازیلێ دێت خڕێی دایە
یارەکەم لێم زیزە هاوار خودایە




میانەی گۆرانی



پەیژەی حجازکار
* کۆپلەی یەکەم دەوترێت و دەوەستن.

**٨- گۆرانی لۆرکێ**

جەڕەی دانا گۆزەی پڕ کرد — ئەی هاوار لۆرکێ
بە بای شەماڵ مەمکی خڕ کرد — ئۆف ئۆف ئۆف لۆرکێ
ئەرێ چاوی گێڕا ئەمنی مڕ کرد — خاتونێم لۆرکێ

لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ
دەم بێنە و ڕووی خۆت بێنە
بۆ ناوێرم کوڵمی ماچ کەم

تاقانەی دایکێ
تاقانەم شلکێ
خوێنی لێ دەتکێ

جەڕەی دانا گۆزەی پڕ کرد
ئەرێ جەڕەی دانا گۆزەی هێنا
کوشتوومی ئەو خانومانە
کوشتوومی گوارە جۆلانە
لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ
دەمت بێنە و ڕووی خۆت بێنە
چاوی ڕەشت بێ غایەت

ئەی هاوار لۆرکێ
دەری هێنا جام و شانە
ماڵم وە بۆی وێرانە

خاتونێم لۆرکێ
تاقانەی دایکێ
کلەی لێ دەتکێ

گۆزەی سوور و ئاوی ساردە
گۆزەی سوور و ئاوی ساردە
ئەرێ لە بۆی هێنام مانگی چواردە
لە بۆی هێنام مانگی چواردە
لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ
چاوی ڕەشت بێ غایەتن
خۆ ناوێرم ماچی بکەم

ئەی وەی وەی لۆرکێ
بۆی مردم لۆرکێ
ئەی وەی وەی لۆرکێ
بۆی مردم لۆرکێ
تاقانەی دایکێ
کلەی لێ دەتکێ
دەستنوێژی دەشکێ


گۆزەی سووری نایە سەر شان
شلشل دەڕوا زۆر میهرەبان
بۆت مردم شۆخی میهرەبان
بۆت مردم شۆخی پێنەزان
لۆر لۆر لۆر لۆر لۆر لۆر لۆر لۆر
دەم بێنە ڕووی خۆت بێنە
من ناوێرم ماچی بکەم
من ناوێرم ماچی بکەم

ئەی وەی وەی لۆرکێ
ئەی هاوار لۆرکێ
ئەی هاوار لۆرکێ
ئەی وەی وەی لۆرکێ
بۆت مردم لۆرکێ
تاقانەی دایکێ
دەستنوێژی دەشکێ
هەنارەی دەرکێ

لۆرکێ



میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات، مۆزیکەکەی سێگایە.

* گۆرانیی (کزەی جەرگانم) بە دەنگی ئیبراهیم خەیات. بەدوایدا مەقامێک هەیە هەر بە دەنگی ئیبراهیم خەیات.

ئەم گۆرانی و مەقامە لە هەندێک کاسێتی دانیشتنەکانی تری شاری سلێمانیدا هەن، هەست دەکرێ ئەم دوو بەرهەمە هیی دانیشتنی تر بن. بەڵام بەپێی زانیاریی هەندێک کەس، دەڵێن ئەم دوو بەرهەمە لەسەر داوای هونەرمەند حەسەن زیرەک بووە، چونکە حەسەن زیرەک دەنگی هونەرمەند کاک ئیبراهیم خەیاتی زۆر پێ خۆش بووە. بۆیە لە کاتی گۆرانییەکەدا جگە لە دەنگی مۆسیقا هیچ دەنگێکی تر نایەت. دیارە بە وردی گوێیان بۆ سۆزی دەنگی کاکە ئیبراهیمی خەیات گرتووە.

# ئاهەنگی یانزەیەم:
# حەسەن زیرەك ماڵی شێخ ڕەئووف[38]

**ژەنیارەکان:**

ئەنوەر قەرەداغی

ولیەم یوحەنا

عەباسی کەبابچی

حاتەمە ڕەش

نەجاتی عەبدە

---

[38] – شێخ رەئوف کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید قادرە

ساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی لە دایکبووە، ماڵیان لە گەڕەکی سەرچیمەن بووە، یەکێك بووە لەو کەسایەتیانەی کە دەم بەپێکەنین و بە قسەو گفتی خۆش بە ناوبانگ بووە، دوکانی پێڵاو فرۆشتنی هەبوو لە بازاری عەصری سەر جادەی مەولەوی .ئێواران زۆرێك لە هونەرمەندان و ئەدیبانی شار لە دوکانەکەی کۆبونەتەوەو بە تایبەتی (مامۆستا کەریم کابان و حەمە سالح دیلان و...) قسەو بەزمی خۆش دادەمەزراوە هاوسەری کاك شێخ رەئوف ناوی (سەبیحەی مەلا سالح )بووە، لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٠ شاری سلێمانی بووە، ئەم خێزانە چوار کوڕیان هەبووە بە ناوەکانی (فاروق، مستەفا، عەبدول، ئاری)کاکە شێخ رەئوف خۆی حەزی بە خواردنەوە نەکردووە، بەلأم لە گەڵ ئەوەشدابەردەوام حەزی بە کۆڕو دانیشتن و کەیف و گەڕان و سەیران کردووە .بۆیە رۆژانی هەینی خۆی سەرقافڵەی ڕێکخستنی سەیرانەکانی پیاوانی گوزەرەکەی بووە.بۆیە ئەو دانیشتنە ساز کراوە لەماڵی کە بە ئامادەبونی هەندێ لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای مەولەوی لەوانە (نەجاتی عەبدەو، حاتەمە ڕەش )هەروەها ئەنوەر قەرەداغیو مامۆستا ولییەم و عەزۆلەی تەپڵو مام حەسەنی نەی .هەر لەو دانیشتنە کاك ئەحمەد شەماڵ و کاك مەحمودی تۆفیق شلك )یش ئامادەبون.

سەرچاوە : عادل محەمەد کەریم :دیداری تایبەت لە گەڵ مستەفا ی کوڕی شێخ رەئوف کە خۆی منداڵ بووەو ئامادەی دانیشتنەکە بووە.

عەزۆلە:
مام حەسەن
کۆرس
١. حەمە ساڵح دیلان
٢. ئەحمەد شەماڵ
٣. مشکۆ
٤.مەحموودی تۆفیق شلک
تۆمارکردن/ جەلالی حاجی ئەحە ڕەش

* زۆربەی گۆرانییەکان بە هاوبەشی لە نێوان گۆرانیبێژەکاندا دەوترێن، بە تایبەت (مەحموودی تۆفیق شلک و ئەحمەدی خولە سنەیی). کۆرسەکەش زۆر جوان و بە پاکی دەیڵێنەوە، چونکە شارەزا و گۆرانبێژن. وەک دەوترێت، هەردوو هونەرمەند (محەمەد ساڵح دیلان و مشکۆ) پێش کۆتایی ئاهەنگەکە دەڕۆنەوە، پاش ڕۆیشتنی ئەوانیش هەندێک گۆرانیی تر تۆمار دەکەن.

**١- گۆرانی چارۆکە سوور تۆبە بێ**
**٢- گۆرانی بەرهەڵبێنە**
**٣- گۆرانی کرماشان شاری شیرینم**
**٤- گۆرانی کیژان دەچنە مێرگولآن**
**٥- گۆرانی لە سیلەی قەبران**
**٦- گۆرانی بێ دکتۆر دەوا و دەرمان**
**٧- گۆرانی ئەمان نەمان**
**٨- گۆرانی باوانەکەی بابی من تۆی**

**٩- گۆرانی  بە تەورات**

مەجلیسێکیان گرتووە
قورعەی وا لە تارانێ
چوار کیژیان پەسەند کردووە
لە عێراق و ئێرانێ
ئامین گیان لە سەنگەسەر
سەیدزادەی لە بازیانێ
زووبە چاوجوان لە زرێبار و
خەجێ ماڵ لە بۆکانێ
بە تەورات بە تەورات
گەردنپڵنگی و نێونەمام
ناسکۆڵێ خۆت قەولت دا و
لەبری چی یارم نەهات
ئاگری لە من بەرداوە
سوورە گوڵەکەی مەهابات

ئۆباڵم بەس تۆ جوانی
سەرتۆپی کوردوستانی
نەخشی لە گوڵەی دڵدانی


من لەبەر ئەو گۆزە دەمرم
ناسکۆڵ دەیبات بۆ کانی
باسکم وەژوور سەری دا
وە لە شەوڕاوێ دەزانی
بە تەورات بە تەورات
گەردنپڵنگ و نێو نەمام
قەولی دامێ و بۆی مردم
بێوەفا بۆچی نەهات

بەفری لە کەلیخانی
کەروێشکی گەرمەلانی
ناسکۆڵ ماڵ لە سلێمانی

پێم گوت ئاوێزانت بم
شەوێک تاکو بەیانی
بە تەورات بە تەورات
گەردنبەرز و لێونەبات
بۆ خۆت قەولت دا جوانێ
مانگی چواردە هەڵنەهات




میانەی گۆرانی



پەیژەی بەیات

١٠- گۆرانی کیژە کوردەکەی

ئەم گۆرانییەش تەواو ناکرێ، هۆکارەکەی نازانرێ.

## ئاهەنگی دوانزەیەم:
## حەسەن زیرەك ماڵی شێخ جەباری نانەوا (ساڵی ١٩٦٧)

ئەم وتانە تۆمار کراون: "ئەمشەو شەوی جومعەیە کە ڕێکەوتی ١٩٦٧/٣/٢٤ دەکات، چوارەم شەوی جێژنی قوربانە، بە بۆنەی ئەوەوە کە کوڕەکەی شێخ جەبار ناو نرا (ڕێبوار)، چەند کەسێک کۆ بوونەوە بۆ ئاهەنگ لەسەر حەسەن زیرەک وە من ئەم شریتەم تەسجیل کرد بۆ یادگار."
حەسەن زیرەک و عەزۆل و...

**١- گۆرانی جەمیلە**

* پێشەکیی ئەم ئاهەنگە وەک زۆرێک لە ئاهەنگ و دانیشتنەکانی تر پۆستە و ئیدارە نەبوو. ڕاستەوخۆ میلۆدیی گۆرانییەکە بە مۆسیقا ژەندراو و بەدوایدا گۆرانییەکە دەست پێ دەکات.

**٢- گۆرانی هەی ئەمان**

ئەی وای
ئەو کۆڵانەم تەنگەبەرە　　پێیدا دێ ناسکە دولبەرە
لە بۆ من تاجی سەرە　　هەی ئەمان نەمان یار ئەمان
گوڵ ئەمان بۆ کوێ دەچی　　زوو بگەڕێوە بە قوربان


ئەرێ وای
ئەو کۆڵانە سەرەو خوارە　　بەر دەرکی ماڵی نازدارە
جووت مەمکی دەڵێی هەنارە　　ئەو دڵەم لە بۆی نالەبارە
ئەمان نەمان نەکەی ئەمان　　دەردی بێدەرمان ئەمان
وەک دەچی زوو بێرەوە　　میوانی تۆم شیرین گیان
ئەرێ وای وای

غەریب ماوم لە تارانێ      فرمێسکم دێ وەک بارانێ
کوشتەی تۆم خودا دەیزانێ      دوو پێت لە سەر چاوم دانێ
ئەمان نەمان نەکەی ئەمان      دەردی بێدەرمان ئەمان
بۆ کوێ دەچی زوو بێرەوە      میوانی تۆم شیرین گیان
ئەرێ میوانی تۆم بە قوربان

* دووبارە خاوکردنەوەیەکی تر هەیە (ئەی ئەمان)
ئەرێ وای
غەریب ماوم لە سلێمانی      کوشتەی تۆم نابێ نەیزانی
بە ئیلەڵا خانومانی      پێم بڵێ لە کوێ میوانی
سەرتۆپی کوردوستانی      کیژۆڵەی زێدە جوانی
ئەمان نەمان نەکەی ئەمان      دەردی بێدەرمان ئەمان
بۆ کوێ دەچی زوو بێرەوە و      میوانی تۆم خەرامان




میانەی گۆرانی



پەیژەی دەشت

* لەم گۆرانییە ڕیتم خێرایەدا دوو جار سەربەندەکان خاو دەکاتەوە.

**٣- گۆرانی شیرین و شیرینێ شەمامە**

**٤- گۆرانی بووک زێنێ**

٥- لە فۆرمی حەیراندا (حەیرانێک) دەچڕێت، بەڵام هەر وەک هەمیشە بە شێواز و ستایلی حەسەن زیرەک خۆی. لە کۆتاییشدا برادەرێک شتێکی کەم دەڵێت و حەیرانەکە کۆتایی دێت. بەبێ وەستان ڕیتم دەست پێ دەکات بۆ گۆرانیی (جەلسە).

**٦- گۆرانی  جەلسە**

**٧- گۆرانی  لۆرکێ**

ئەرێ وای وای وای

گۆزەی دانا جەڕەی پڕ کرد    خاتونێ لۆرکێ

بە بای شەماڵ مەمکی خڕ کرد    ئەی وەی وەی لۆرکێ

چاوی گێڕا ئەمنی مڕ کرد    خاتونێم لۆرکێ

ئەرێ لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ    تاقانەی دایکێ

خۆ ناوێرم من ماچی کەم    خوێنی لێ داتکێ

ئاخ دەڵێ ماچت نادەمێ    دەستنوێژم دەشکێ

ئەرێ چاوت ڕەشە بە خورمارەوە    مەمکت سێوە بە دارەوە

خودا داویە مەیشارەوە    خاتونێم لۆرکێ هەی

لۆرکێ و لۆرکێ لۆرکێ و لۆرکێ    خاتونێم لۆرکێ هەی

خۆ ناوێرم من ماچی کەم    خوێنی لێ دەتکێ

دەم بێنم دەمت بێنە    خۆ دەڵێ ماچت نادەمێ

دەستنوێژم دەشکێ

ئەی وەی

ئەو حەرامەی خۆم دەیزانم    بەردی بۆ بکێشم بە شانم

هێشتا منەتە بە گیانم    خاتونێم لۆرکێ


لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ    تاقانەی دایکێ

چاوی ڕەشن بێغایەتن    کلەی لێ دەتکێ

ئاخ دەڵێ ماچت نادەمێ    دەستنوێژم دەشکێ




میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه

* لێرەدا ئاوازەکە ئەو لۆرکێیە نییە کە باوە، بەڵکو جیاوازە، لێرەدا بە (بەیات) دەیڵێت. ئەوەی کە باوە، پەیژەی (ڕاستە).

٨- گۆرانی کوێستانان خاڵخاڵ
٩- گۆرانی  لە سیلەی قەبران
١٠- گۆرانی  دەنگیان نایە
دوای ئەم گۆرانییە پۆستە و ئیدارە هەیە و بەوە تەواو دەبێت.

# ئاهەنگی سیانزەیەم

# حەسەن زیرەك ماڵی مەحموودی دەلاك، ساڵی ١٩٦٧

ژەنیارەکان:
مام حەسەن: نە ی
عەزول: ئیقاع
حەسەن زیرەک: دەفسنجان

* سەرەتا مۆسیقایەکی کورت (نای و زەڕب) لە شێوەی تەقسیم، دوایی گۆرانیی بەلەنجە و یار.

* مەقامێکی سەفەر بە دەنگی مەحموودی تۆفیق شلک بە هاوشانیی نای و ئامێری ڕیتم. ئەم مەقامە دووردرێژە. کە کاک مەحموود مەقامەکە تەواو دەکات، ڕاستەوخۆ حەسەن زیرەک لێی وەردەگرێت و بەستەی گۆرانیی لە سیلەی قەبران دەڵێت. دوایی دوو قۆڵی بە نۆرە هەریەکە و کۆپلەیەک دەڵێن، تەنها لە سەندنەوەکاندا بە جووت دەیڵێن.

**١- گۆرانی لە سیلەی قەبران**

**٢- گۆرانی ئەی پەری پەری**

**٣- گۆرانی دەچمە سەر ناڵەشکێنە (زۆر بە خاوی دەوترێت).**

**٤- گۆرانی چارۆکە سوور تۆبە بێ**

ئای چارۆکەسوور تۆبە بێ
کۆڵوانەسوور تۆبە بێ
ئەو یارەم چەند خۆش دەوێ
ماڵیان لە سەر هۆبە بێ
من ئەو یارەم خۆش دەوێ
فێری تاوڵە و هۆبە بێ

ماڵیان لای کانێسکانە
وەڵا وەڵا زۆر جوانە
ژنی گولەی مێردانە
ئەسمەر دەڵێی خەرمانە
پێم گوت ئاوێزانت بم
تا سبەینێ ئەو دەمانە
ئاگری لە من بەرداوە
ئەو دوو لێوە قەیتانە

چارۆکەسوور تۆبە بێ
کۆڵوانە سوور تۆبە بێ
من ئەو یارەم خۆش دەوێ
فێری تاوڵە و هۆبە بێ
با لەسەر دوو چاوی جوانی
ئیعدامم بۆ سادر بێ

ئەرێ وەی وای وای
مانگی عالەم خڕ هەڵهات
بۆچی مانگی من نایەت
مانگی دنیا هەڵهاتووە
مانگی من بۆ هەڵنایەت
بێمورادم لەم دونیایە
زولفی هەوداهەودایە
سەفەرێکم لە بەرە
ئامان ئامان ئامان
لەبەر خاتری لەیلایە
خۆم و دڵەکەی کۆستکەوتووم
کەوتوومە داوی ئەم لایە
ئەو لایە ئەم لایە
پەرچەم زەرد و خورمایە
چی بکەم لە شانم نایە
قەولم دە چوارشەموانە
لێوئاڵم لە ژوانم نایە
خزمینە مەمکەن لۆمە
ئەو دڵەم شێت و شەیدایە


یا عەلی شەهیدەکەم
ئەو غەوزەی لە بەغدایە
پیغەمبەر خۆی دەیزانێ
هاوار دەکەم خودایە
چارۆکەسوور تۆبە بێ
کۆڵوانەسوور تۆبە بێ
من ئەو یارەم خۆش دەوێ
فێری تاوڵە و هۆبە بێ
لەسەر بەژنی باریکی
ئیعدامم بۆ سادر بێ

قەیتانی دوو لێوانی
نەماوم لە سوێیانی
سێوی باخی شێخانی
تەمەنا دەکەم کچەکە
میوانی گردی سەیوان بی
هەر تۆ دەردم بزانی
ئاگاداری یارم بێت
کاک ئەحمەد لە سلێمانی

چارۆکەسوور تۆبە بێ
کۆڵوانەسوور تۆبە بێ
من ئەو یارەم خۆش دەوێ
شەوانە لەگەڵم بێ
من ئەو یارەم خۆش دەوێ
شەوانە لەگەڵم بێ




میانەی گۆرانی



سێگاه

* لێرەدا وەکو ئاواز کەمێک جیاوازە لەگەڵ ئەو ئاوازی (چارۆکەسوور)ەی کە باوە و زیاتر لە گوێماندایە. لە هەندێک بەندیدا لە ئاوازە باوەکە دووردەکەوێتەوە.

٥- مەقامێکی تری سەفەر بە دەنگی مەحموودی تۆفیق شلک کە هاوشێوەی مەقامەکانی تریەتی.

**٦- گۆرانی سەوزە مەڕۆ**

**٧- گۆرانی شیرینێ و شەمامە**

| | |
|---|---|
| وا هاتوومە سلێمانی | ناسکۆڵێ قەدرم نازانی |
| باڵابەرز تۆ زۆر جوانی | |
| ئاگرت لە من بەرداوە | ماڵ لە سابونکەرانی |
| شیرینێ و شیرینێ شەمامە | شەمامەی کوردوستانی |
| بەژن ڕێکوپێک و جوان | هەڵاڵەی لای کوردوستانی |


ئەرێ سوێند بە وە ڵڵا و بیللایە بەو دەردەی لە دڵمدایە
زوڵفی هەوداهەودایە پێم وت ئاوێزانت بم
لەزەت هەر لەوەی دایە
شیرین شیرین شەمامە شەمامەی چوار بێستانی
بەژن ڕێکوپێک و شووش عەرعەری کوردوستانی

ئەوا دەچمە بتوێنێ بەمرۆ و بە سبە و بە دوێنێ
جەرگم خوێن هەڵدێنێ ئاوێزانی باڵای بم
لێم زیزە و نامدوێنێ
شیرین شیرین شەمامە شەمامەی چوار بێستانی
بەژن ڕێکوپێک و شووش عەرعەری کوردوستانی

شیرینیو شەمامە



میانەی گۆرانی



پەیژەی سێگاه

# ئاهەنگی چواردەیەم
# حەسەن زیرەك لە ماڵی كاك حاجی برایمی چەرمەگا[39]

ئەم شریتە لە گوندی قازیاوە لە ماڵی کاک حاجی ئیبراهیم چەرمەگا بە ئامرازی تۆماری پیل تۆمار کراوە. ئەم کاسێتە کاک بەکری حاجی سەعیدیشی لەگەڵدایە کە بە کاک بەکری حاجی سەعە ڕەش ناسراوە. لە لایەن کاک ئەحمەدی قەسابەوە کاری تۆمارکردنەکە تۆمار کراوە. بە تەسجیلی بەکرەی جۆری (تیکە ٦).

**ژەنیاران:**

ولیەم یوحەنا: ئامێری شمشاڵ
ئومێد مەدحەت: ئامێری کەمانچە
مام حەسەن: ئامێری نەی و باڵەبان
عەزۆل: ئامێری زەڕب
سەلاح ڕەشید: شمشاڵ
بەکری حاجی سەعە ڕەش: گۆرانیبێژ
ئەم گۆرانییانەی تیادا وتراوە:

---

39– ئیبراهیم ڕۆستەم شا محەمەد، ناسراو بە حاجی برایمی چەرمەگا، لەدایکبووی ساڵی ١٩١٤یە و نیشتەجێی گوندی چەرمەگای لای سلێمانییە و لە عەشرەتی عوزێرییە و دیوەخانێکی گەورەی هەبووە کە تیایدا پیاوماقوڵان و خەڵکی کۆ بوونەتەوە، لە هەمان کاتدا لانکەی لێقەوماوان و بێدەرەتانانیش بووە. حەسەن زیرەک دوو جار لە دیوەخانی حاجی ئیبراهیم ئاهەنگی گێڕاوە: ئاهەنگی یەکەم لە شاری سلێمانی و ئاهەنگی دووەم لە دیوەخانەکەی لە قازیاوە تۆمار کراوە. لە هەردوو ئاهەنگەکەدا کاک حاجی ئیبراهیم لەبەر هەندێک هۆکاری تایبەت ئامادە نەبووە، لەوانە کاک حاجی تازە لە فەریزەی حەج گەڕاوەتەوە، بەڵام کاک حاجی ڕێگر نەبووە لەو کارە و کە پرسیشی پێ کراوە، بە لایەوە ئاسایی بووە و فرمانیشی داوە خزمەتیان بکەن و هاوکارییشی کردوون. تەنانەت بە لای خەڵکەوە سەیر بووە کە هونەرمەند حەسەن زیرەک لە دیوەخانی حاجی ئیبراهیم گۆرانیی وتووە و ئاهەنگی گێڕاوە. بەڵام کاک حاجی بیرکردنەوەی فراوانتر بووە لەوەی کە خەڵکی بۆی چوون. سەرچاوە: کاک بەرزانی کوڕی حاجی برایمی چەرمەگا.

**١- گۆرانی  کیژان دەچنە مێرگوڵان**

**٢- گۆرانی  کرماشان**

لێرەدا خاوکردنەوەیەک هەیە و ئەم بەندە دەڵێت:

(بێستوون ئێستاش کە فەسڵێک لالەی لێ سەوز ئەبێ

باسی خوێن و داخی دڵی فەرهاد دەکات.)

کرماشان زۆر نزم و بەرزە

شارێکی پیس و ناتەرزە

ڕەبی لێی دا بوومەلەرزە

شیلان و شۆخانم جیران

یا ڕەبی بیکەی بۆمبباران

* لێرەدا لە ڕووی دەقەوە یەک ناگرێتەوە، لە لایەک باسی جوانی و خۆشیی کرماشان دەکات، لە لایەک دەڵێت وێران بێت.

٣- گۆرانی فاتمۆکێ

٤- گۆرانی ئای ڕەزیە

٥- گۆرانی لۆرکێ و لۆرکێ، خێرایی ڕیتمی ئەم گۆرانییە جێگیر نییە و گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.

٦- مەقامێک هەیە: سەرەتا نایەک هەیە بۆ هاوشانی چڕینی مەقامەکە. دەنگەکە حەسەن زیرەک نییە، دەنگی بەکری حاجی سەعە ڕەشە و مۆرکی گۆرانییەکە لێرەدا فارسییە. لە کاتی چڕینی مەقامەکەدا وەستانێک هەیە و دوایی نایەکە دەست پێ دەکاتەوە و دواتر ئامێری کەمانچەکە تەقسیمی مەقامەکە وەردەگرێتەوە. دوای کەمانچەکەش ئامێری عود و شمشاڵەکە هاوشانیی چڕینی مەقامەکە دەکەن. دوای ئەم مەقامە بەستەی گۆرانیی مریەم چاوجوان بە دەنگ و سەدایەکی زۆر بەرز دەوترێت.

**٧- گۆرانی با وابێ**

**٨- گۆرانی لە سیلەی قەبران**

**٩- گۆرانی کوێستانان خاڵخاڵ**

١٠- گۆرانی دەعوەتی، بەدوایدا مۆسیقای پۆستە و ئیدارە هەیە، سەرەتا بە ڕیتمی دوو چوارە، دوایی دەگۆڕێت بۆ ڕیتمی شەش هەشت و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ڕیتمی دوو چوار و خێراتر. ئەم گۆڕانکارییانە لە خێراییدا لە زۆربەی ئەو ئاهەنگانەی کە مۆسیقای پۆستە و ئیدارەیان تیادا ژەنراوە، بەم شێوەیە خێراییەکان دەگۆڕێن. لە کۆتایی ئەم مۆسیقای پۆستە و ئیدارەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕیتمی شەش هەشت.

* خێرایی ڕیتم جێگیر نییە و خاو و خێرا دەبێت.

**١١- گۆرانی دەنگ دێ دەنگی کەو دێ**

چاوت ڕەشە وەک لەگەڵ برۆت
بەو خاڵانەی دەورەی لیمۆت
دایکت ماچ کەم یان هەر بۆ خۆت
چاوت ڕەشت ئەبرۆت بە گۆل
بەو خاڵانەی....
سلێمانیت بۆ بدەم بە زۆر
خۆ تەواو نابێ قۆڵبەندی قۆڵ
جا دەنگ جا دەنگ دەنگی کەو دێ
هاڕەی لەرزانەی کەو کەو دێ
بیستوومە شیرینیت دەخورێ
هەی لەسەر دڵم بۆتە گرێ
ئاهی من بەدکارمان بمرێ
جا دەنگ جا دەنگ دەنگی کەو دێ
قەولی داومەتێ نیوەشەوێ دێ
باڵا و بەرزی کەڵاگەتی
ئۆف ئەگەر دەستێکم بتگاتێ
سەد ماچ دەکەم بە کەڕەتێ
جا دەنگ جا دەنگ دەنگی کەو دێ
قەولی داومەتێ نیوەشەو دێ

وەرەوە لەرزانەی هەی تۆی ڕووت
بە عام کەوتنە سەر خاڵی ڕووت
هەی خودا بمکوژێ جارێک بین جووت
دا دەنگ دا دەنگی کەو دێ
قەولی داوە نیوەشەو دێ
قەولی داوە نیوەشەو دێ

**١٢- گۆرانیی ئامینێ، ئەم گۆرانییە بە هاوبەشی لەگەڵ مام وەلیددا دەیڵێن.**
ئامینێ ئەتۆ دینێ من دینێ
ئامینێ بە هەردووکمان سەرینێ
ئەی هاوار ئەی هاوار، بێوەفا نامدوێنێ
عاشقی باڵای ئامینێم، لێم زیزە و نامدوێنێ
ئامینێ لە سەر پردی مەلاوە
ئامێنێ سەد جار لێم کرد مەرحەبا
ئامینێ ئەتۆ دینێ من دینێ
ئامینێ بە هەردووکمان سەرینێ
ئامینێ شلوملە و ڕوو بە خاڵ
ئامینێ مەمکی خڕە وەک هەنار
ئامینێ ئەتۆ دینێ من دینێ
ئامینێ بە هەردووکمان سەرینێ
ئامێنێ گیان لە سەر پردی بۆکانێ
ئەی هاوار ناسکی خاڵ دانەدانێ
بۆت نەژیم بۆت مردم مەیلی جارانت کوانێ
ئامینێ ئامینێ بە هەردووکمان سەرینێ
دەی وەرە با جووت بین گولە بمرێ و نەتبینێ
ئامینێ گیان لە سەر پردی موراغە
بە وەڵا جەرگم بۆ ڕۆحت داخە
ئامینێ بە دەست تیپی قاچاغە

ئەی هاوار ئەو پەرچەم و ساچاغە
ئامینێ گیان ئامینێ و ئامینی
من خاسم بە تۆ خاسی
لێوئاڵ گیان بە هەردووکمان کراسێ
دە وەرە دەی دە بڕۆ دەی
گولە کوێر بێ و بماسێ

* بەندێکی بە زمانی تورکی تیادایە.

* مەقامێک هەیە لەسەر ستایلی فارسی بە دەنگی بەکری حاجی سەعە ڕەش، بە سەدایەکی زۆر بەرز و بە هاوشانیی ئامێری کەمان و شمشاڵ. ئەمە بەشێک لە دەقی ئەو مەقامەیە:

مانگی نوێ دائیم کە هەڵدی زیاد دەکا و دەشنێتەوە
تا جەمالی هەروەکو ڕووی تۆ بڕازێنێتەوە

١٣- گۆرانیی وەی وەی زارا گیان خاوکردنەوەی تیایە و تیایدا حەسەن زیرەک زۆر بە جوانی مەقامێک بە زمانی فارسی دەڵێت، بەڵام بە ستایلی خۆی، نەک بە مۆرک و ستایلی فارسی.

دوای مەقامەکە کۆپلەیەکی تر لە گۆرانیی زارا دەڵێت و لە کۆتاییدا دەیبەستێتەوە بەم گۆرانییەی خوارەوە و تەنها ئەم کۆپلەیە دەڵێت و دەوەستن.


**١٤- گۆرانی هەی لێ لێ.**

ئۆف ئۆف
لەبەر بێریە ڕانا مەڕی — هەی لێ لێ هەی لێ لێ
هەی لێ لێ
شلشل دەڕۆم بۆ ناو مەڕێ — خەمی خۆم نییە و خەمی تۆمە
خەمبار و ڕەنجەڕۆمە — دەڵێم کورە خەمی من مەخۆ
خەونم دیوە و هیی خۆمە — پۆلێ جوانێ مەڕۆ

هەی لێ لێ



میانەی گۆرانییەکە



پەیژەی بەیات

١٥- گۆرانی کەتانە

ئای یای

بریا هەر نەمدیبای ئەرێ وەی کەتانە

نەمدی نەمناسیبای یاری من جوانە

ناسیم بە دڵی من بای خڕخڕ کەتانە

کەتانە و کەتانە یاری من جوانە

ئەرێ ئەمشەو شەوی بەدرە و

هەڵدێ لەیلوقەدرە لە خۆت بگرە نەزرە

ئەی وەی کەتانە

ئەرێ من دەڕۆم ڕێم نەدیوە

یارم لێ خەملّیوە بەفرم لێ باریوە
بمرم کەتانە
کەتانە و کەتانە یاری من جوانە
ئەرێ وای
هەوران گازەگازە بمرم کەتانە
خوێنی سەقر و بازە بمرم کەتانە
دڵ لەسەر نیازە دە وەرە کەتانە
هەی کەتانم بۆ بانگ کەن
هەی کلی لە چاوان کەن
دەردی من تیمارکەن
بمرم کەتانە
کەتانە و کەتانە یاری من جوانە

* لەم گۆرانییەدا لە نێوان کۆپلەکاندا مۆسیقییەکان زۆر هەوڵ دەدەن ڕیتمی گۆرانییەکە بگۆڕن بۆ دوو چوار، بەڵام حەسەن زیرەک هەر نایگۆڕێت و لە ڕیتمی بنەڕەتیی گۆرانییەکە کە (شەش هەشتە) لا نادات. مەقامێک هەیە.

١٦- گۆرانی ناسکۆڵە گیان مەگری

١٧- گۆرانیی خۆم بە غوڵامی. ئەم گۆرانییە بەبێ ڕیتم دەڵێت، تەنها نایەکە هاوشانیی دەکات.

١٨- گۆرانی چاوڕەشی

١٩- گۆرانی ئامینێ گیان ئەوڕۆ ئەوڕۆ

**********

## ئامارێکی گشتی بۆ ئاهەنگەکان و پێکهاتی ئەو گۆرانیانەی کە خراونەتە ڕوو:

-سەبارەت بە و گۆرانییانەی لە مەجلیسەکانی شاری سلێمانی وتراون، گۆرانییەکان لەم ماڵانە تۆمار کراون (ئەحمەدی سۆفی کەریم، مەلا ئەحمەدی پاقلاوە، مەحموودی تۆفیق شلک، ئەمینی دەڕابە، عەلی ئیبراهیم دەروێش، عوسمانی عەبە دەلاک، شێخ جەباری نانەوا، مەحموودی دەلاک، حاجی ئیبراهیمی چەرمەگا، شێخ ڕەئوف). لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوییشدا کاسێتێکی تۆمارکراو هەیە کە ساڵی ١٩٥٦ لە ئامادەیی سلێمانی تۆمار کراوە.

ئەو ژەنیارانەی لەگەڵ حەسەن زیرەک بەشدار بوون، ئەمانەن: حەسەنی نەی (مام حەسەن)، کاک عەزیزی تەپڵ ناسراو بە (عەزۆل)، نەجاتی عەبدە، ولیەم یوحەنا، قادر دیلان، ئومێد میدحەت موبارەک، ئەنوەر قەرەداغی، شەوکەت ڕەشید، سەلاح ڕەشید، کاکە حەمە ناسراو بە (حەمکوڵ)، عەباسی کەبابچی، نەجمەدینی خەیات و هەندێک جار حەسەن زیرەک خۆشی دەفسنجانی ژەندووە. زوربەی تۆمارکردنەکانیش لە لایەن کەسایەتی ناسراوی شاری سلێمانی (کاک ئەحمەدی قەساب )ناسراو بە ئەحە گێژی قەساب ئەنجامدراوە.

ژمارەی ئەم گۆرانییانەی کە بە گشتی لەم کاسێتانەدا تۆمار کراون، ١٨٩ گۆرانین کە زۆربەیان دووبارەن. بۆیە توێژەر وەک نموونە تەنها ٦٧ گۆرانیی هەڵبژاردووە.

ئەگەر لە پێکهاتی ئەم گۆرانییانە ورد ببینەوە وەک (میانەی گۆرانی، پەیژە، کێش، خێرایی کێش)، دەگەینە ئەم دەرەنجامە:

یەکەم: میانەی گۆرانییەکان

واتە نزمترین تۆن و بەرزترین تۆن لە ئاوازی گۆرانییەکانی مەجلیسی حەسەن زیرەک بەم شێوەیەیە:

یەکەم: (چواری) لە ٢٣ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی ٣٤,٣٢%.

دووەم: (پێنجی) لە ١٨ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی ٢٦,٨٦%.

سێیەم: (شەشی) لە ١٤ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی ٢٠,٨٩%.
چوارەم: (سێی) لە (٦) گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی ٨,٩٥%.
پێنجەم: (حەوتی) لە ٤ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی ٥,٩٧%.
شەشەم: (هەشتی) لە ١ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی ١,٤٩%.
حەوتەم: (دەیی) لە ١ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی ١,٤٩% .

دووەم: پەیژەی ئاوازی بەستەکانی لەسەر ئەم پەیژانەیە:
یەکەم: (بەیات) بە ڕێژەیەکی بەرچاو بە بەراورد بە پەیژەکانی تر زیاتر لە پێکهاتی ئاوازەکاندا بەدی دەکرێت کە لە ٢١ گۆرانیدا لەسەر ئەم پەیژانەیە، واتە بە ڕێژەی ٣١,٣٤%)
دووەم: (سێگاه) لە ١٦ گۆرانی بە ڕێژەی (٢٣,٨٨%).
سێیەم: (نەهاوەند) لە ٧ گۆرانی بە ڕێژەی (١٠,٤٤%).
چوارەم: (ڕاست) لە ٧ گۆرانی بە ڕێژەی (١٠,٤٤%).
پێنجەم: (حجازکار) لە ٣ گۆرانی بە ڕێژەی (٤,٤٧%).
شەشەم: (عەجەم) لە ٢ گۆرانی بە ڕێژەی (٢,٩٨%).
حەوتەم: (دەشت) لە ٢ گۆرانی بە ڕێژەی (٢,٩٨%).
هەشتەم: (هوزام) لە ٢ گۆرانی بە ڕێژەی (٢,٩٨%).
نۆیەم: (نەوا) لە ٢ گۆرانی بە ڕێژەی (٩٨،٢%).
دەیەم: (نەوا) لە ٢ گۆرانی بە ڕێژەی (٢,٩٨%).
یانزەیەم: (نەوا خاناباد) لە ١ گۆرانی بە ڕێژەی (١,٤٩%).
دوانزەیەم: (لامی) لە ١ گۆرانی بە ڕێژەی (١,٤٩%)
سیانزەیەم: (خورشیدی) لە ١ گۆرانی بە ڕێژەی (١,٤٩%)

سێیەم: کێش: ئەو کێشانەی لەم ٦٧ گۆرانییەدا بەکار هاتوون، بەم شێوەیە:
یەکەم: کێشی دوو چوار: لە ٢٦ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٣٨,٨٠%)
دووەم: کێشی شەش هەشت: لە ٢٤ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٣٥,٨٢%)
سێەم: کێشی دە شانزە: لە ١٠ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (١٤,٩٢%)
چوارەم: کێشی چوار چوار: لە ٦ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٨,٩٥%)

پێنجەم: کێشی سێ چوار: لە ١ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (١,٤٩%)

چوارەم: خێرایی کێش: واتە کەمترین خێرایی لەگەڵ زیاترین خێرایی ڕیتمی (tempo)، بەستەی گۆرانییەکان بەم شێوەیە کە نزمترینیان ٥٠ و بەرزترینیان ١٣٢ بەپێی ڕیزبەندی لە زیاترینەوە بۆ کەمترین خێرایی کێشی گۆرانییەکان بەم شێوەیەن:

یەکەم: خێرایی (١١٢) لە ١١ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (١٦,٤١%).

دووەم: خێرایی (١٠٨) لە ٧ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (١٠,٤%).

سێیەم: خێرایی (١٠٤) لە ٧ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (١٠,٤%).

چوارەم: خێرایی (١٠٠) لە ٥ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٧,٤٦%).

پێنجەم: خیرایی (٨٨) لە ٥ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٧.٤٦%).

شەشەم: خێرایی (٩٢) لە ٥ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٧.٤٦%).

حەوتەم: خێرایی (٨٤) لە ٤ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٥,٩٧%).

هەشتەم: خێرایی (٧٦) لە ٣ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٤,٤٧%).

نۆیەم: خێرایی (٦٦) لە ٣ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٤,٤٧%).

دەیەم: خێرایی (٦٠) لە ٢ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٢,٩٨%).

یانزەیەم: خێرایی (٩٦) لە ٢ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٢,٩٨%).

دوانزەیەم: خێرایی (٦٣) لە ٢ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٢,٩٨%).

سیانزەیەم: خێرایی (١٢٠) لە ٢ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٢,٩٨%).

چواردەیەم: خێرایی (٧٢) لە ٢ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (٢,٩٨%).

پانزەیەم: خێرایی (١٣٢) لە ١ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (١,٤٩%).

شانزەیەم: خێرایی (١٢٦) لە ١ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (١,٤٩%).

حەڤدەیەم: خێرایی (٥٠) لە ١ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (١,٤٩%).

هەژدەیەم: خێرایی (٥٢) لە ١ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (١,٤٩%).

نۆزدەیەم: خێرایی (٧١) لە ١ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (١,٤٩%).

بیستەم: خێرایی (١١٦) لە ١ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (١,٤٩%).

بیستویەکەم: خێرایی (٨٠) لە ١ گۆرانیدا، واتە بە ڕێژەی (١,٤٩%).

# بەشی سێیەم

# ئاکامی توێژینەوەکە

## ئاكامی توێژینەوەكە

١- ژیانی حەسەن زیرەک ژیانی كولەمەرگی بووە و نائارام بووە لە ژیانیدا و لەسەر تەنها كارێک جێگیر نەبووە، هەربۆیە دۆخی كۆمەڵایەتیی نائارام بووە و چەند جارێک ژنی هێناوە و خاوەنی دوو منداڵە (ساكار و ئارەزوو). لەپێناو بژێویی ماڵومناڵیدا چەندین كاری سەختی لە ژیاندا كردووە كە كارەكان لە كاری هونەرییەوە دوور بوون. هەروەها لەبەر نالەباریی بارودۆخی ڕامیاریی كوردستانیش چەندین جار گێچەڵیان پێ كردووە و چەندین جار خراوەتە بەندیخانە و ئەشكەنجەی قورس دراوە.

٢- دەستپێكی كاری هونەریی حەسەن زیرەک لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە بووە لە دیوەخانی ئاغا و دواتر ئاهەنگ و شایی گوندەكان. دواتریش بۆ ڕادیۆی بەغدا و تیپی مۆسیقای مەولەوی و گەڕانەوەی بۆ ڕادیۆكانی ئێران، وەک ڕادیۆی (تاران و كرماشان و تەورێز) و هەروەها دانیشتنەكانی ماڵان.

٣- لە داڕشتنی دەق بۆ ئاوازی بەستەكاندا شارەزا و لێهاتوو بووە و بە واتای وشە شاعیرێكی چاپووک و كارامە بووە لەم بوارەدا. ناوەڕۆكی دەقی گۆرانییەكان ڕەنگدانەوەی خەمی خەفەكراوی ناخی لاوانن و یاساغبوونی نزیكبوونەوەی ڕەگەزی بەرامبەرە لە یەكتر، بێبەشبوون لە خۆشەویستی و دڵداری و كێشەی خێزان و كۆمەڵگەی كوردەوارییە بە گشتی كە بەشێكی زۆری ئەم كێشانە لە ژیانی هونەرمەنددا هەبوون. بیریشمان نەچێت ئەم دەردە كۆمەڵایەتییانە هۆكاری پاشكەوتنی كۆمەڵگەی كوردەوارین بە زۆرێک لە هۆكار.

٤- حەسەن زیرەک دەنگی (پاک و خۆشە، هێز و زیندوێتیی تیایە، لە چڕینی گۆرانیدا شارەزا و كارامەیە (مۆدی)یە.

لە هەر چینێكدا گۆرانیی وتبێت، ئەوپەڕی توانا و تەكنیكی خۆیی تیادا بەرجەستە كردووە، بە تایبەت لە چینی گڕدا (Bass)، كە ئەمە بە دەگمەن لە گۆرانیبێژانی تردا دەبینرێت.

٥- میانەی گۆرانی لە ئاوازی بەستەی گۆرانییەکانیدا زیاتر (چواری و پێنجییە)، واتە لە تیتراکۆردێک (چواریلەیەک) زیاتر تێپەڕ ناکات، لەم پانتاییە تەسکەدا حەسەن زیرەک ئەگەر سەلیقە و تەکنیکی وردی بەکارهێنانی زەخرەفەکانی نەبوایە، ئاوازەکانی بەو شێوەیەی ئێستا سەرنجڕاکێش نەدەبوون. پانتایی دەنگی حەسەن زیرەک بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان دەنگی (دۆی یەکەم بۆ دەنگی می و هەندێک جار بۆ فا و سۆڵی دووەمیش)، واتە لە نێوان ١٢ دەنگدایە و لەو نێوەندەدا ئاوازەکانی چڕیوە.

٦- پەیژەی (بەیات و سێگاه) لە پێکهاتی بەستەی ئاوازەکانی حەسەن زیرەکدا بە زۆرترین ڕێژە هاتووە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حەسەن پارچەیەکی دانەبڕاو بووە لە کولتووری باوی نەتەوەکەی، چونکە ئەم ڕەگەزانە ئەوانەن کە زیاتر پێکهاتی گۆرانیی فۆلکلۆری میللی و باو و بڵاوەکانی نێو کۆمەڵی کوردەوارییان لەسەر بونیاد نراوە، واتە ئەو ڕەگەزانەن کە گوێگری کورد پێیان ئاشنایە. ئەمەش مەسجێکی خێرایە بۆ زووگەیشتنی گۆرانییەکانی حەسەن بە گوێگران، بۆیە بە گشتی کارەکانی بە گوێی تاکی کورد نامۆ نییە و زوو دەگاتە گوێگران.[٤٠]

---

[40]- بە گشتی گۆرانییەکان لەسەر ئەم مەقامانەن:

یەکەم: بەیات: لە گۆرانییەکانی (زارا، هەی لێ لێ، دەعوەتی، بەو بەو، بە یادم کە، لەیلی باوانم، چاوڕەشی، سەوزە مەڕۆ، بێ دکتۆر، شەمامە و شلێرە، گەرد و گەردانە، یار زیزە، چەخماخ لێدە، باوانەکەی بابم، مەستورێ، عەمرەکەم، بووک زێنی، عارەقچی، بۆچی منت ناوێ، لێم زیزە، بە تەورات).

دووەم: سێگاه: لە گۆرانییەکانی (باخەوان، دەردت لە من ڕەشئەسمەر، گەرد و گەردانە، بەلەرزانە، ئەسمەرێ دولبەرێ، دینێ، چاوجوان، نییە لە ماڵ، کوێستانان خاڵخاڵ، بۆت مردم ناسکە جوانێ، شەو، لۆرکێ، چارۆکەسوور، شیرینێ، شیرینێ و شیرینێ شەمامە، گەردە).

سێیەم: (نەهاوەند) لە گۆرانییەکانی (مەستم، جەلسە، شەدەلار، یاری بێوەفا، ئۆخەی ئۆخەی، ئای لاچن).

چوارەم: (چوارگاه) لە گۆرانییەکانی (شیرینێ و شیرینێ و شەمامە، وەی حەریرە، کانی و سەر کانی، با شەو بڕوا، ئامینێ).

پێنجەم: (ڕاست) لە گۆرانییەکانی (جەمیلە، ئەرێ وەی، دەنگ دێ لە شیلانەکەی، دکتۆر، چارۆکی، مەزەدار، ئەرێ لادە).

شەشەم: (عەجەم) لە گۆرانییەکانی (لە سلێمان کەندی، تۆبە تۆبە).

٧- کێشی (tempo) (دوو چوار و شەش هەشت) زیاتر لە کێشەکانی تر لە ئاوازی بەستەکانی حەسەندا بەکار هاتوون. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە حەسەن زیرەک لە ڕیتم و ئاوازی کەلەپوری و فۆلکلۆری کوردی دوور نەکەوتووەتەوە.

٨- خێرایی کێش یاخود خێرایی ڕیتمی ئەم ٦٧ گۆرانییە بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان (٥٠-١٣٢)دایە، بەڵام زیاتر خێرایی (١٠٤، ١٠٨، ١١٢) بەکار هاتوون. دیارە ئەمەش بە ڕەهایی نییە، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ داون.

**لە کۆتاییدا دەڵێم:**

بمانەوێت و نەمانەوێت، ئێمەی کورد دەبێت شانازی بە هونەرمەندێکی بلیمەتی وەکو حەسەن زیرەکەوە بکەین. عەرەبەکان چۆن شانازی بە ئوم کەلسوم و محەمەد عەبدول وەهابەوە دەکەن، یان فارسەکان بە ئیرەج و شەجەریانەوە، ئێمەش بەوپەڕی ڕووسوورییەوە دەڵێین بەڵێ، حەسەن زیرەکمان هەیە.

هونەرەکەی حەسەن زیرەک بەم چەند دێڕە دوایی نایەت، بەڵکو کار و بەرهەمەکانی دەیان و سەدان لێکۆڵینەوەی زانستی هەڵدەگرن، بۆ نموونە، لایەنی شاراوە هەیە، لەوانەش لایەنی سایکۆلۆجیی حەسەن زیرەک و بەستنەوەی بە کارەکانیەوە، هەروەها لایەنی سۆسیۆلۆجی. لە بەرهەمەکانی حەسەن زیرەکدا دەیان بەسەرهاتی جەرگبڕ و نەهامەتی و سەرلێشێواوی بەدی دەکەین و ئەم بەسەرهاتانە بە هونەرەکەی حەسەن زیرەکەوە بەسراون. بیرمان نەچێت حەسەن زیرەک بە نەخوێندەواری ئەم هەموو بەخششەی پێشکەش بە ڕەوتی هونەری کوردی کردووە. جێی خۆیەتی بپرسین ئەگەر حەسەن زیرەک خوێندەوار بوایە و هەلی خوێندنی لە ناوەندە

---

حەوتەم: (دەشت) لە گۆرانییەکانی (هەی ئەمان، ڕێبوار و ڕێبوار).
هەشتەم: (حجازکار) لە گۆرانییەکانی (دەنگیان نایە، ئامینێ ئەورۆ).
نۆیەم: (خورشیدی) لە گۆرانییەکانی (بووک مریەم).
دەیەم: (هوزام) لە گۆرانییەکانی (کرماشان، بۆت مردم).
یانزەیەم: (خەناباد -نەوا) لە گۆرانیی (حەریرە).

هونەرییەکان بۆ برەخسایە، هەروەها ئەگەر کوردیش نەبوایە و هونەرمەندێکی نەتەوەیەک بوایە کە پێگە و قەوارەی سیاسیی تۆکمە و ئاڵا و سەربەخۆییان هەبوایە، دەبوو چیی لێ دەربچوایە و باسەکەمان لەسەری ئێستا چۆن دەبوو؟ خۆی وتەنی، بەربەستەکانی بەردەم من زۆرن، بەڵام کوردبوونم گەورەترین بەربەستە. بەڵام من دەڵێم تۆی نەخوێندەوار و تۆی لە نەتەوەیەکی بێ ئاڵا و بێ دەوڵەت، تۆیەک کە یەک حەرفی مۆسیقات نەخوێند، هەمیشە ڕۆح لەسەر دەست و گیان لەسەر دەست هاوشێوەی شەهیدە نەمرەکانی کوردستان، بە ڕاستی تۆ نەمریت و هەر دەمێنی لە ناوماندا و نەوە لە دوای نەوە ڕۆحە زیندووەکەت دڵی عاشقان ئاو دەداتەوە، خەمڕەوێنی هەموو خەملەدڵان و حەسرەتکێشانی کوردستانە پارچەپارچەکراوەکەمانیت، تۆ تەنها بە جەستە لێمان دووریت، ئەگینا ئەوەتا لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان لە ڕێی گۆرانییەکانتەوە ڕۆحت لە نێوماندا گوزەر دەکات و هەمیشە میوانی دڵی هەموو کوردانیت. لە زۆربەی زۆری زیندووەکان زیندووتریت. سەرقافڵەی کاروانی گۆرانیی کوردیت. تۆ میتۆدی ڕۆحیی لەدایکبوونی گۆرانیبێژانیت.

## ڕاسپاردەكان:

١- نووسینەوەی دەقی سەرجەم گۆرانییەكانی حەسەن زیرەک و بەنۆتكردنیان لەگەڵ كات و شوێنی تۆماركردنەكە بە دروستی.

٢- دامەزراندنی كتێبخانەیەكی دەنگیی تایبەت بە سەرجەم بەرهەمەكانی هونەرمەند حەسەن زیرەک، تا هەواداران و ئارەزوومەندان بە كوالێتییەكی گونجاو باش گوێبیستی بەرهەم و كارە هونەرییەكانی حەسەن زیرەک ببن.

٣- كردنەوەی بەشی زانستی تیۆریی تایبەت بە گۆرانی و مۆسیقای كوردی لە بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەكان و كۆلێژە هونەرییەكانی كوردستان.

## پێشنیارەكان:

١- هەستان بە لێكۆڵینەوەی شیكاریی تایبەت بە بەراوردی گۆرانیی كوردی بە گۆرانیی گەلانی ناوچەكە.

٢- هەستان بە لێكۆڵینەوەی تایبەت بە گۆرانی و بەرهەمەكانی حەسەن زیرەک و بەراوردكردنی لەگەڵ بەستە و گۆرانیی گۆرانیبێژانی تری كوردستان.

٣- لایەنە پەیوەندیدارەكانی كوردستان زیاتر زەمینەسازی بكەن بۆ ئەو توێژەرانەی كە دەیانەوێت توێژینەوە لەسەر بەرهەمی گۆرانیبێژان بكەن و هەروەها ئاسانكاری بكەن بۆ تۆماركردنی بەرهەمی نوێ بە باشترین كوالێتی.

# سەرچاوەکان

سەرچاوەکان:


١. احمد سالار، ژیمۆ شەماڵ صائیب: شەماڵ سائیب، ژیان و هونەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ، ..٢٠١٠

٢. بنشار ماکس: تمهید للفن الموسیقی، ترجمة محمد رشاد بدران، دار نهظة مصر للطبع، القاهرة ١٩٧٣.

٣. جەلال دەباغ: زانیاری تایبەت لەسەر هونەرمەند حەسەن زیرەك و ئاهەنگی ماڵی حەسەن و ئاهەنگی ئامادەی سلێمانی، مانگی ٦-٢٠١٦.

٤. جەلال هاینیسی: چریکەی زیندوو حەسەن زیرەك، رۆژنامەی ئاسۆی رۆژهەڵات ژمارە ٩٣ ، ٢٠٠٣.

٥. خصباك، شاكر: الكرد والمسألة الكردية، منشورات الثقافة الجديدة، بغداد ، ١٩٥٩م.

٦. خۆشناو، میرزا کەریم: حەسەن زیرەك و هەندێك لەبەسەرهاتەکانی، چاپخانەی حسام، بغداد، ١٩٨٤.

٧. د.شوکریە رسول: ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، دەزگای موزیك و کەلەپوری کورد ، هەولێر ٢٠٠٨.

٨. د.مەولود ئیبراهیم حەسەن، ساواك بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت؟چاپخانەی هێڤی، هەولێر ، ٢٠١٢.

٩. دكتورة هالة محبوب: (جماليات فن الموسيقى عبر العصور)ط ١، الاسكندرية سنة ٢٠٠٧.

١٠. –زۆزك قەرەداغیو زاهیر محەمەد، ڕۆڵی حەسەن زیرەك لە مۆزیکی کوردیدا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ، ٢٠٠٤.
١١. سوزان لانجر: فلسفة الفن عند سوزان لانجر، اعداد راضی حكیم، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الأولى، بغداد، سنة 1986 .
١٢. طارق حسون فريد:تأريخ الفنون الموسيقية، ج١، جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة، مطبعة دار الحكمة في البصرة، ١٩٩٠.
١٣. عادل محەمەد: گفتو گۆو راگۆڕینەوە لە گەڵ د.کەیوان ئازاد٢٠١٦.
١٤. عادل محەمەد کەریم: چاوپێکەوتن لە گەڵ هونەرمەند خالید سەرکار.
١٥. –عادل محەمەد کەریم: چاوپێکەوتن لە گەڵ هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی .
١٦. عادل محەمەد کەریم: گفتو گۆو را گۆڕینەوە لە گەڵ محەمەدی حەمە باقی ٢٠١٦.
١٧. –عادل محەمەد کەریم: دیدار لە گەڵ هێرش عەلی ئیبراهیم دەروێش سەبارەت بە ئاهەنگی تایبەتی حەسەن زیرەك لە ماڵی باوکی (عەلی ئیبراهیم دەروێش) مانگی ١١–٢٠١٦.
١٨. عادل محەمەد کەریم: دیدار لەگەڵ بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا سەبارەت بە ئاهەنگەکانی حەسەن زیرەك لە ماڵی کاك حاجی ئیبراهیمی چەرمەگا ٢٠١٣.
١٩. عادل محەمەد کەریم: دیداری تایبەت لە گەڵ هونەرمەند جەمال شادان ٢٠٠٥.
٢٠. –عادل محەمەد کەریم: دیداری تایبەت لە گەڵ ئازاد مەحمود تۆفیق شلك مانگی ١٠–٢٠١٦.
٢١. عادل محەمەد کەریم: دیداری تایبەت لە گەڵ ئەحمەدی سۆفی کەریم و پاکیزەخانی خێزانی کاك ئەحمەد ، لە ماڵی خۆیان ، لە گەڕەکی تووی

مەليك، بە ئامادەبونی هونەرمەند محەمەد رەشيد دارتاش ، لە رێکەوتی ٢٠١٦/١١/٢١.
٢٢. عادل محەمەد کەریم: دیداری تایبەت لەگەڵ رێبواری ئەحمەدی قەساب. (کوڕی ئەحە گێژی قەساب)٢٠١١.
٢٣. عادل محەمەد کەریم: چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند فەرەنسیس داود.
٢٤. عادل محەمەد کەریم: چاوپێکەوتن و گفتوگۆو راگۆڕینەوە لەسەر هەندێ پەیژەو مەقامی رۆژهەلأتی لە گەڵ هونەرمەند چالاك سدیق مانگی ١-٢٠١٦.
٢٥. عادل محەمەد کەریم: گفتوگۆو راگۆڕینەوەی بەردەوام لەگەڵ کاوەی محەمەدی حاجی سەعید خاوەنی تۆمارگەی خەیام لە مەزادخانەکەی سلێمانی .
٢٦. عادل محەمەد کەریم، پێکهاتەی گۆرانی دانیشتنەکانی سلێمانی (١٩٥٠-١٩٧٠) ئامادەیە بۆ چاپ.
٢٧. عادل محەمەد کەریم: گفتوگۆو راگۆڕینەوەلە گەڵ کاك عەبدولی حەمە باقی.
٢٨. عوسمان شاربازێڕی: بەستەومەقام و کۆمەڵێك گۆرانیبێژ، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ، ١٩٧٩.
٢٩. عومەری کەریم ئاغا: زانیاری تایبەت لەسەر هونەرمەند حەسەن زیرەك و ئاهەنگی دواناوەندی سلێمانی مانگی ٧-٢٠١٦ .
٣٠. فینی _ثیودور:تأريخ الموسيقى العالمية ، ترجمة: سمحة الخوليومحمد جمال ، دار المعرفة، القاهرة.
٣١. قادر نەسیری نیا، ناڵەشکێنە، سەرجەمی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەك، دەزگای رۆشنبیری گۆران، سنە، ٢٠٠٢.
٣٢. كورت: تراث الموسيقى العالمية، ت: الدكتورة سميحة الخولي، دار النهضة العربية ، القاهرة، ١٩٦٤م.

٣٣. مستەفا ی کوڕی شێخ ڕەئوف: زانیاری تایبەت لەسەر ئاهەنگی حەسەن زیرەك  کە خۆی منالْ بووەو ئامادەی دانیشتنەکە بووە لە مالْی خۆیان مانگی ١١-٢٠١٦.
٣٤. میدیازەندی، چریکەی کوردستان، سازمان انتشارات بورەکەی، سنه ١٩٩٧.
٣٥. هاوڕی عەزیز: هونەرمەندی کۆچکردوو شەوکەت ڕەشید، گۆڤاری سلێمانی ژ.١٠، سلێمانی، ٢٠٠١.
٣٦. هیوا عمر أحمد:حەسەن زیرەك، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٦.
٣٧. ئارام شەمێرانی: حەسەن زیرەك ٣٩ ساڵە جێیهێشتوینو تازە دەژی ، ئەدەب و هونەر، ژمارە ٦١١٥، سلێمانی ٢٠١٣.

# پاشکۆکان



هونەرمەند (حەسەن زیرەك ) و ( احمد شێخ خالید )

بەرنـــامەی تەلــەفزیۆنی لە ئانوی گوڕان تۆمارکراوە ( ١٩٥٦/٨/٢٧)



هونەرمەند (حەسەن زیرەك ) و ( احمد شێخ خالید )

بەرنـــامەی تەلــەفزیۆنی لە ئانوی گوڕان تۆمارکراوە ( ١٩٥٦/٨/٢٧)












عبداللەی سەیدزادە







## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عێراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | میجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاف یانۆخ | کەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئێزرۆ . ئێریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵلا |
| ٨١٨ | دۆستۆیڤسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٧١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | ڕەووف بێگەرد |
| ٧٢٠ | گەڕان لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداخی | |
| ٧٢١ | ویرانەپیاو | عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن | سەباح ئیسماعیل |
| ٧٢٢ | وەرگێران | میشل ئۆستینۆف | فەرشید شەریفی |
| | | | |
| | | | |
| | | | |